# مەشخەڵی ڕێی مورید

**(دەروونناسی، جۆرەکانی نەفس و مەقاماتی نەفس)**

نوسینی

باوکی غەزالی

# پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحیم.

مرۆڤ لە هەر لەدوای ئادەمەوە عەودالّی ناسینی ئەو دیو سروشت (ماوراء الطبیعة ــ میتافیزیك) بووە، لەوێشەوە بۆ ناسینی خودایەكی تاك و تەنها كە هەموو عەقلێكی ساغ ئەوە قەبووڵ دەكات بەهەموو پێوەركانییەوە كە دەبێ زاتێك هەبێ لەدەرەوەی هەستەكانمان و ئەو دیو سروشتەوە بەجۆرێكی وا ئەو جیهانە گەورەیە بەڕێوە ببات.

ڕیشەی ئەم حەزو خولیایە بەتایبەتی لە ئاسیای ناوەڕاست زیاتر بووە لەچاو یۆنانییەكان و ئەوڕوپییەكان، ئەمەش بەشاهێدی هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسەكان بەتایبەتی خاوەنی كتێبی (قصة الحضارة)، كە ڕیشەی فەلسەفەی بۆ ئاسیای ناوەڕاست

گەڕاندووەتەوە. جا لێرەدا دەمەوێ ئەوە بخەمە ڕوو نەزەڕییەی مەعریفەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەگەڵ فەیلەسوفێکی ئیماندارو عارف باللەیەك كە كامەیان كاملەو كامەش ناقص؟ ئایە بەتەنیا پشت بەستن بە عەقڵ دەتوانێ ببێتە جێگرەوەی وەحی؟

نەزەڕییەی مەعریفە لای خۆشەویستمان.

خۆشەویستمان هەر لە منداڵییەوە لە حاڵەتی بیرکردنەوەدا بووە لە گەردوون، بەتایبەتی دوای قۆناغی لەتبوونی سینگی، بەڵام بەر لە چل ساڵی ڕێژەی بیرکردنەوەکانی زۆر تر بوو، بۆ ئەمەش دەچووە ئەشکەوتی حیڕاء، چەند ڕۆژێك لەوێ دەماوە، لەوێ کارێ تەنیا تەفەککور بووە لەو دیو سروشت و وجودی خۆیی و بەدیهێنەرایەتی خوایەکی مەزن.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هەتا چل ساڵی بەدوو قۆناغان تێپەڕیوە.

١. قۆناغێکی نەبینراوی دەرەوەی پێنج هەستەکە، ئەمەش بەلەتکردنی سینگی موبارەکیان، ئەمەش مەعریفەیەکە بۆ زانینی ئەو دیو سروشت، بەڵام ئەوەندە هەیە لێرە مەعریفەکە زۆر کەمە.

٢. قۆناغی عەقڵ، ئەمەش بەتێڕامان، لێرەدا شەپۆلەکانی مێشك زیاتر دەردەچن بەتایبەتی شەپۆلەکانی ئەلفاو ثیتاو بێتاو گاما، کە هەر یەکەیان هۆکارێکن لە کردنەوەی طەورِ (قۆناغی) دواوەی عەقڵ، واتە: ڕەهەندەکانی نێو سینگی مرۆڤ کەڕاستەوخۆ لەناو ڕووحە ئەسیرییەکەدا هەیە، حەزرەت هەتا چل ساڵیش لەپشکی ورتە ورتەکانی شەیتان پارێزراو بووە، هەربۆیەشە بیرکردنەوەکانی لەلوتکەی ساغیدا بووە لە وجود.

**ئاخر چۆن بیرکردنەوەیەك ساغ دەبێ لەکاتێکدا کە ئاگاداری ئەم هاوکێشەیە نەبێ.**

**هەریەکێ لەمانە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە**

**١. شەیتان + عەقڵ**

**٢. نەفس + شەیتان**

**٣. شەیتان + دڵ**

**٤. دڵ + عەقڵ**

**٥. دڵ+ نەفس**

**٦. نەفس + عەقڵ**

**٧. دڵ + ڕووح**

٨. ڕووح + ئەمری ئیلاهی

جا سینگی حەزرەت هاوکێشەی تەنیا ئەمەیە

١. دڵ + نەفس

٢. دڵ + عەقڵ

٣. عەقڵ + نەفس

٤. دڵ + ڕووح

٥. ڕووح + ئەمری ئیلاهی.

لێرەدا پەیوەندیەکەی شەیتان وجودی نەماوە.

لە دوا ساتەکانی قۆناغی بیرکردنەوە هەموو ڕەهەندەکانی ژوورەوەی لەیەك کاتدا دەبێتەوە بۆ بینینی جوبریل.

## ڕەهەندەكان (بوعدەكان ـ لاكان ـ لەتیفەكان) ئەمانەن

١. ڕەهەندی عەقڵ

٢. ڕەهەندی دڵ

٣. ڕەهەندی نەفس

٤. ڕەهەندی سیڕڕ

٥. ڕەهەندی خەفی

٦. ڕەهەندی ئەخفا

٧. ڕەهەندی ڕووح (ئەمە جیایە لەگەڵ ڕووحە ئەسیرییەكە كە بەقەد باڵای مرۆڤەكەیە)، ئەم ڕەهەندانە لەناو سینگی مرۆڤن، هەموو پەردەپۆشن بەهۆی تاوانەوە، وە بەهۆی بیرنەكردنەوە، تەبعەن هەموو بیركردنەوەیەك ناگرێتەوە، چونكە ئەو

بیرکردنەوەی حەزرەت کردوویەتی مەڕاتیی زیکرە لە بەدیهێنەرایەتی زاتێکی واجیی وجود کە اللەیە جل جلالە. هەر لەبەر ئەمەشە گشت ئامادەکارییەکی بۆ کراوە تاوەکوو ڕەهەندەکانی سینگ بەتێکڕایی لەگەڵ جەستە ماددیەکەی ئامادەی ئەو حوزورە ئیلاهییە بن. لێرەوە شەڕەفمەندی سەرچاوەی زوڵاڵی وەحی ئیلاهی دەبێ کە هیچ فەلسەیەکی مرۆڤ ناتوانێ بەو سەرچاوە زوڵاڵە بگات، لێرەوە هەتا ئەو ڕۆژەی وەفاتی فەرموو حەزرەت بەردەوام لەبەرزبوونەوەی مەعریفەی ئیلاهی و گەردووندا بوو، هەربۆیەشە ڕۆژێ لەڕۆژان نەکەوتە شەك لەو مەعریفەیەی کە بەڕێزیان پێی گەیشت، ئاخر چۆن شەك دەکات لەکاتێکدا کە هەموو ئاسمانەکان و زەوی نیشاندراوەو شەڕەفمەندی گوفتاری هەمیشەییێی خوای مەزن بووە. لێرەدا مەحاڵە هیچ فەیلەسوفێکی ئیماندار یاخود عارف باللەیەك بتوانێ بەو

هەموو شتە بگات کە ئەو پێی گەیشتووە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا لەبەر حورمەتی ئەو نازدارە مومکینە عارف باللەکان بەهەندێ لەو حەقائیقە بگەن کە بەڕێزیان پێی گەیشتووە.

**تێبینی:** مەعریفەی خۆشەویستمان بەردەوام لەنوێبوونەوەو بەرزبوونەوەدایە، کەماڵاتی ئەو بێ کۆتاییە، بەرزبوونەوەکانیشی بێ کۆتاییە، هەربۆیەشە مەحاڵە هیچ وەلیەك هەبێ توانیبێتی مەلەفی خۆشەویست بکاتەوە تابزانێ ڕێژەی مەعریفەتەکەی چەندە؟ ئێستاکەش لەجیهانی بەرزەخ هەر لەبەرزبوونەوەی مەعریفیدایە بەبڕوای من.

**مەعریفەی فەیلەسووفێکی ئیماندار.**

ئەبینین ئەو فەیلەسووفەی کە کاریگەری عەقڵ غالب بووە بەسەر بیرکرنەوەکانی ئەوەی لەبیرچووە کە پەیوەندیەکی هەیە لەگەڵ شەیتان، چونکە کەس لێی سەلامەت نەبووە جگە لە

پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێ، هەربۆیەش ئەو هەموو هەوڵ و تەقەڵایەی کە ئەو فەیلەسوفە دەیگرێتە بەر لەزیهنی خۆیدا لەکەماڵی مەعریفەدایە کەچی نازانێ لەچەندین بابەت هەڵخلیسکاوە، چونکە نەیتوانیوە ڕەهەندەکانی ژوورەوەی کارا بکاتن و لەمەشرەبی ئەو ڕەهەندانەوە تەحقیقی ئەو بیرکردنەوانەی خۆی بکاتن.

با نموونەیەك بهێنینەوە لەوانە ئیبن و ڕوشدو ئیمامی غەزالی.

ئیبن و ڕوشد لەلوتکەی پشت بەستن بەعەقڵی خۆیی و عەقڵی ئەڕستۆو فەیلەسووفە یۆنانییەکان وای لێ هات لەچەندین بابەت هەڵخلیسکێ، کەچی غەزالی وانەبوو، سەرەتا لەعەقڵدا ڕۆچوو بوو، جا لەو قۆناغەدا بەپێی هەندێ لەلێکۆڵەران دووچاری گومان بووە، دواتر بۆ کاراکردنی ڕەهەندەکانی نزیکەی دەساڵ لەمزگەوت خەریکی ئیعتیکاف

کردن بووە، لەو قۆناغەشدا کەوتووەتە گومان کە ئایە ئەوەی دەیبینێ حەقیقەتە یان خەیاڵ، چونکە هەر ڕەهەندەو ئیشارەتی جیاوازی خۆی هەیە، ئینجا هەتا ئیمام دەگاتە لوتکەی حەقیقەت و بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ئیشارەتانەی پێی نیشان دەدرێ حەقیقەتە. هەربۆیەش وای لەکەسایەتی ئیمامی غەزالی کرد کە بتوانێ سەرچاوەی وەحی لەگەڵ عەقڵ لەگەڵ مەعریفەی قەلیی کۆبکاتەوەو حوججتولئیسلام و عارف باللەیەکی ڕەببانی لێ دەربچێ.

حاڵی عارف باللە لەگەڵ فەیلەسوف وەکوو ئەو نموونەیە.

لە گوندێکدا ئاوێکی زوڵاڵ هەیەو سازگارە، کەچی پیاوێکی ئەو گوندە لە کەلـــلەی شەیتانی نایەتە خوارەوەو دەڵێ ئیللا من دەچم لەناو ئەو چیایە جۆگەڵەیەك ئاو دەهێنمەوە ناو گوندەکە تاوەکوو خۆم و خەڵکی گوندەکە

سوودی لیٚ ببینن، پیاوەکەش دەچیٚ دوای ئەو هەموو ماندووبوونەو لیٚدانی جۆگەڵەو مەترسی درِەندەکانی ناو چیاکە ئینجا بەهەزار حاڵ جۆگەیەکی رِاکیٚشا بۆ گوندەکە، جا ئەمە حاڵی فەیلەسووفیٚکە بەتەنیا پشتی بەعەقڵی خۆی ببەستیٚ و واز لە وەحی ئیلاهی بیٚنیٚ کە هیچ ماندووبوونیٚکی تیٚدا نییە.

لیٚرەدا ئەگەر بەهەزاران کتیٚبی فەلسەفەو زانسی کەلام و کتیٚبە عەقائیدیەکان بخویٚنیتەوە هەر ئەوەندە مەعریفەیەو زیاد ناکات، کەچی مەعاریفی قەلبی لەنیٚو رِەهەندەکان کۆتاییان پیٚ نایێ و بەردەوام لەشت فیٚربووندایە.

شیٚخولئەکبەر لەو مەعریفەدا بووە، بەڵام ئەوەندە هەیە خۆزگە ئەو مەعریفەیەی نەدەخستە سەر کاغەز چونکە وشەکانی قاصیرِن بەرامبەر ئەو حەقیقەتانەی کە بینیویەتی، هەربۆیەشە خستنە رِووی مەعریفەی ئەو لەچاو خستنە رِووی

مەعریفەی شێخی گەیلانی و شێخ جونەید زۆر لێك جودان، ئەمەی ئەمانە لەسەر ڕیتمی حەزرەتە، چونکە حسابیان بۆ ئەو ئیشارەتانە کردووە کە بینیویانەو بیستوویانە، کەچی شێخی پایە بەرز ئیبن و عەرەبی وانەبوو ئەوەی بینیویەتی و بیستوویەتی نوسیویەتی... هەربۆیەشە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هەموو شتێکی باس نەکردووە لەو مەعاریفە قەلبییە چونکە بەگوێرەی عەقڵی ئوممەت گوفتاری کردووە.

## پوختەی کەلام

نەزەرییەی مەعریفە لای خۆشەویست و عارف بالله بریتییە: موقارەنە پێ کردنی عەقڵ بە وەحی + لە دڵیشدا تەحقیقی دەکات (مەعریفەی دڵیش کۆتایی پێ نایێ).

کەچی نەزەرییەی مەعریفە لای فەیلەسووفێکی ئیماندار کە عارف بالله نەبێ.

وەحی موقارِەنە دەکات بەعەقڵ لـە دڵێشدا تەحقیقی ناکات.

بوون بە پێغەمبەر بە تێکۆشانی نەفسی نییە، بەڵکوو هەڵبژاردنی خواییە، هەر بۆیەشە فەیلەسووفی ئیماندار لـەگەڵ عارف باللّٰه هەر چەند تێکۆشان بکەن ناتوانن بەپلـەی پێغەمبەرایەتی بگەن، هەر بۆیەش شێخی گەیلانی لـەبارەی شێخ عەدییەوە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەرایەتی بە موجاهەدەی نەفسی بوایە ئەوە شێخ عەدی دەبوویە پێغەمبەر، چونکە بەهۆی زۆری دونیا نەویستی و تێکۆشانەکانیەوە[1].

بۆیە ئەگەر تۆش عەودالّی مەعریفەی خۆشەویستی ئەوە دەست بگرە بە عارف باللـەیەك، دواتر زیکرو فیکر بکەو

---

[1] بڕوانە کتێبی (هكذا ظهر جيل صلاح الدين) هی دکتۆر عرسان ماجد گەیلانی.

خۆت تەنیاکەوە تاوەکوو بەو حەقیقەتانە بگەیت کە ئەوان پێی گەیشتوون.

ئێمەش لەو کتێبەدا گەشتێکی خێرا دەکەین بە نێو دەروونی مرۆڤدا، وە بەنێو ڕەهەندەکانیدا، تاوەکوو بتوانین دەروونی خۆمان بناسین و، لەوێشەوە بەمەعریفەی ئیلاهی بگەین.

ئەم کتێبە وەکوو مەشخەڵێکە ڕێگای دەروونناسی و مەقاماتی نەفست بۆ ڕووناك دەکاتەوەو، بە عەقڵی ساغ و ئیشارەی پەروەردەکار فێری دەرونناسی و مەقاماتەکانت دەکات، وە فێری ئەوەت دەکات کە تۆی مرۆڤ چەندە بوونەوەرێکی مەزنی، وە فێری ئەوەت دەکات چۆن کەسانێك لە ڕێگەیەکی دوور لە شەرعی و زەحمەتەوە هەوڵی ئەوەیان داوە کە بە مەعریفەی ئەو دیو سروشت بگەن بەحسابی خۆیان، وە فێری ماهیەتی مرۆڤت بۆ دەکات چونکە یەحیای

کوڕی موعازی ڕازی فەرموویەتی: "هەر کەسێ خۆی بناسێ ئەوە خوای گەورەی ناسیوە". وە ڕابیعەی عەدەویش فەرموویەتی:

عرفْتُ الهَوى مُذ عَرَفْتُ هواك

وأغْلَقْتُ قَلْبِي عَلى مَنْ عَاداكْ

وقُمْتُ اُناجِيـكَ يا مَن تـَرى

خَفايا القُلُوبِ ولَسْنا نراك

واتە: لەو ڕۆژەوەی کە هەواو نەفسی خۆم ناسیوە ئەوە هەواو نەفسی تۆم ناسیوە، کاتێکیش کە ناسیم ئەوە دەرگای دڵم داخست بەسەر دوژمنان و نەیارانت، لەگەڵ ئەو ناسینەشمدا هەڵسام بە موناجاتی تۆ ئەی ئەوەی کە شتە شاراوەکانی دڵەکان دەبینێ لەکاتێکدا کە ئێمە نایان بینین.

ئومێدەوارم لە خوای مەزن ئەو کتێبەم لێ قەبووڵ بکات و ببێتە جێگای ڕەزامەندی خۆیی و فروستادەکەیی و ئەولیاکانی، وە چاوپۆشیشمان لێ بکات لە کەم و کوڕی و ناتەواویەکان، چونکە ئێمەی مرۆڤ بەزیللەت و کەم و کوڕی مەشهوورین و ئەویش بە عیززەت و کەماڵییەت.

نوسینی باوکی غەزالی

٢٦ ذلقعدة ١٤٤٣ کۆچی

٢٠٢٢/٦/٢٥ زاینی

## بەر لەوەی بچینە ناو جیهانی نەفس

بۆ قسەکردن لە جیهانی نەفس پێویستمان بە دوو شت هەیە:

١. زانست.

٢. ئەزموون.

دوو جۆر زانستیشمان هەیە:

١. وەحی خودایی.

٢. لە ئەنجامی ئەزموونی خەڵکەوە، دواتر ئەزموونەکە لێکدانەوەی بۆ کراوەو نوسراوەتەوە.

وە سێ جۆر ئەزموونیشمان هەیە:

١. ئەزموونێکی شەرعی ئینسانی.

٢. ئەزموونێکی ناشەرعی ئینسانی.

٣. ئەزموونێکی ئاسایی ئینسانی.

بێگومان لەرێی زانستی خودایی مرۆڤ دەگاتە پلەی دڵنیایی، چونکە خۆی دروستکەری نەفسە ئیتر هەواڵەکانی بەڵگەی قەتعی و یەکلایی کەرەوەن، وە هەروەها ئەگەر هەواڵەکە لێکدانەوەی زۆری هەڵدەگرت ئەمەش نیشانەی دەوڵەمەندی بابەتەکەیەو مرۆڤ دەتوانێ پشتی بەلێکدانەوەکانی کەسە شارەزا لێکدەرەوەکانی هەواڵی خودا ببەستێ.

ئەمما سەبارەت بەئەزموون ئەمەشیان یان ئەزموونێکی شەرعی ئیسلامی ئینسانییە، کە هەموو پەروەردەکارەکان دەگرێتەوە، ئەوانەی لەبواری پەروەردەی نەفسدا کاریان کردووە لە چوارچێوەی شەرعی پیرۆزدا، وە بەدرێژایی تەمەنیان لەرێی بیرکردنەوەو کردەوەکانەوە توانیویانە کەمێك

لەجیهانی نەفس تێبگەن و، زانیاریەکانیان پێشکەش بەمرۆڤایەتی بکەن. بەڵام ئەزموونە ناشەرعییە ئینسانییەکە ئەوە وەکوو ئەزموونی دینی بوزایی و هیندۆسیەت و وێنەی ئەوانیش کە چۆن شەیتان فێڵی لێ کردوون و بەرێگای ناشەرعییەوە پەیوەندیان بەجیهانی ژوورەوەی خۆیان کردووە، زۆرجار دەرەنجامەکەیان بەرهەمهێنانی ساحیرو کاهین دەبێ، ئیتر لەو رێگەیەوە زانیارییەکانی نەفس لەرێگای شەیتان و لێکدانەوەکانی خۆی دەبێ، بۆ نموونە ئەو شاکیراتەی کەباسی لێوە کراوە لەو دینە دونیاییانە، کە هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نییە لەواقیعدا، ئەمەش بەبەڵگەی زانستی وەحی و ئەزموونی پەروەردەکارانی نەفس و جیهانی ژوورەوەی ئینسان.

ئەمما سەبارەت بە ئەزموونی ئاسایی ئینسانیش ئەوە ئەزموونی سەرجەم فەیلەسوفە ناموسڵمانەکان و مولحیدو بێ

دینەکان و دکتۆرە نەفسانییەکانە چ موسڵمان بووبێ یاخود نا، ئەم ئەزموونانە لەڕێی کردەوەوەکانی مرۆڤ و لێکدانەوەکانیان بووەو خراوەتە نێو دونیای کتێب، جا هەر یەکێ لەم ئەزموونانە ئەگەر بەرامبەر وەحی خودایی بێ ئەوە شتێکی چاکەو قەبووڵکراوەو جێگای متمانەیە، بەڵام ئەگەر دژایەتی تێدابێ ئەوە دەبێ خۆمانی لێ بپارێزین چونکە ئەزموونەکە ئەزموونێکی ناشەرعی ئینسانییە.

جا با بێینە سەر باسەکەی خۆمان کە ئەویش نەفس و جۆرەکانی نەفس و مەقاماتی نەفسە، لێرەدا بۆ تێگەیشتن لە نەفس و جیهانی نەفس پێویستمان بەزانستی وەحی و ئەزموونە شەرعییەکە هەیە.

# نەفس

نەفس: وشەیەکی عەرەبییە، بەمانای زات یاخود بەمانای من یاخود بەمانای ڕووح دێ، زۆرینەی زاناکان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کەوا نەفس بەمانای ڕووح دێ، بەشێکیش لە زاناکان جیایان کردووتەوە، واتە ڕووح شتێکەو نەفسیش شتێکی تر، بەڵگەشیان ڕووح بە مرۆڤ دراوە، کەچی بە گیانداران نەدراوە، بەڵکوو ژیانیان پێدراوە، بەڵام بەندە پێم وایە نەفس لەناو ڕووحە، ڕووح ڕاگیرکەرو جوڵێنەری جەستەیەو نەفسەکەش زاتی کەسەکەیە، بەڵگەش خودا کاتێ ئادەمی خەڵك کرد گوتی: "هەرکاتێ لەو ڕووحە تایبەتییەی خۆم فووم بەبەر جەستەی ئادەمدا کرد ئێوە سوجدەی بۆ ببەن. کەچی کاتێ مرۆڤی ئیماندار دەمرێ: خیتابەکەی لەگەڵ نەفسە (ئەی ئەو نەفسەی کە موطمەئینی بگەڕێوە بۆ لای خودا....)،

(هەموو نەفسێك دەبێ مردن بچێژێ). جا لێرەدا ئەو نەفسە زاتی ئەو کەسەیە کە بەرپرسیارەو خیتاب لەگەڵ کراوە، چونکە ئەو نەفسەیە خاوەنەکەی بەرەو بەهەشت و ڕەزامەندی خودا دەبات، هەر ئەو نەفسەشە بەرەو دۆزەخ و تووڕەیی خودا دەبات.

سەید شەریفی جورجانی بەو جۆرە پێناسەی نەفسی کردووە

نەفس: جەوهەرێکی بوخاری ناسکە، هەڵگری هێزی ژیان و هەست و جوڵانەوەو ئیرادەیە، خودای دانا ناوی لێناوە ڕووحی حەیوانێتی واتە: (گیانداریێتی)، کە بریتییە لە جەوهەرێکی ڕەونەقدار بۆ جەستە، جا لە کاتی مردندا ڕووناکییەکەی لە دەرەوەو ناوەوەی جەستە دەپچڕێ و (لێی جیا دەبێتەوە). وە لە کاتی نوستندا لە ڕووکاری دەرەوەی جەستە دەپچڕێ جیا لەناوەوەی، وە ئەوەش سەلماوە کە نوستن

و مردن لە یەك ڕەگەزن" لەبەرئەوەی مردن لێكدابڕانی گشتییە، بەڵام نوستن لێكدابڕانێكی ناقیصە، وە سەلماوە كە خودای توانادارى دانا پەیوەست بوونی جەوهەری نەفسی داناوە بەجەستەوە ئەمەش بەسێ جۆر:

١. ئەگەر ڕووناكییەكەی بگاتە هەموو بەشەكانی جەستەی، لە دەرەوەو ناوەوەی ئەوە حاڵەتی بێدارییە.

٢. وە ئەگەر هاتوو ڕووناكییەكەی پچڕا لە ڕووكاری دەرەوەی بێ لەناوەوەی ئەوە نوستنە.

٣. یاخود ڕوونكاییەكەی بە هەموویی لێی پچڕا ئەوە مردنە[1].

---

[1] التعریفات (ل٢٣٦) ط. دار الطلائع

## جۆرەکانی نەفس

١. نەفسی ئیلاهی ڕەها.

٢. نەفسی فریشتە.

٣. نەفسی مرۆڤ.

٤. نەفسی جنۆکە.

٥. نەفسی گیانداران یاخود ژیانداران (حیوانات)

٦. نەفسی نەباتی (ڕووەکی)

٧. نەفسی جەمادات (بێ گیانەکان)

لە کتێبی سزای نێو گۆڕ لەمیزانی شەرع و عەقڵدا لەوێ بەدرێژی لەسەر ئەم نەفسانە ڕۆیشتووم، تەنیا لەشتێك وەستام نەفسی ئیلاهیم لە پۆلینەکە دانەنابوو لەبەر چەند هۆکارێك

بەڵام لێرەدا دایدەنێم، وە لێرەشدا بەکورتی لەسەر ئامانە دەدوێم.

پێناسەی ڕەها (مطلق)

سەید شەریفی جورجانی بەو جۆرە پێناسەی کردووە

ڕەها: دەلالەتە لەسەر یەك ئەوەش بەبێ دیاری کردن[١]. واتە: ژمێردراو نییە. (بۆ نموونە: کات شتێکی ڕێژەیی نسبییەو ژمێردراوە، هەربۆیەشە خودا خاڵییە لە کات و شموولی ئەو ناکات و ئەو ئەزەلی و ئەبەدییە).

نسبی (ڕێژەیی): ئەمەش دەلالەتە لەسەر یەك و زیاتر بەدیاری کردن واتە: پێچەوانەی ڕەهایە.

---

[١] هەمان سەرچاوە (ل٢١٤).

جا نەفسی ئیلاهی ئەزەلی و ئەبەدی و ڕەهایەو بیّ شوبهاندن بەنەفسە ڕێژەییە دروستکراوەکان، هەر ئەو نەفسە زاتی ڕەهای خوای مەزنە.

مەقامەکانی ئەو نەفسانە

نەفسی فریشتە:

مواصەفاتی نەفسی فریشتە ڕێژەییەو لەبەرزترین مەقام و پلەدایە لای خوای مەزن، هەرگیزاو هەرگیز لەو ڕێژەییەتییەی خۆی بەرز نابێتەوەو ببێتە نەفسی خودایی و ڕەها ئەمە هەرگیز ڕوونادات، چونکە نەفسی خودا خۆی بەدیهێنەرە، وە نەفسی فریشتە دروستکراوە لەنوور، هەربۆیەشە هەرگیز لەوە زیاتر بەرز نابێتەوە، بەڵام بەئیزنی خودایی دروستە لەناو بازنە ڕێژەییەکەی خۆی دایبەزێنێتە بۆ ئاستەکانی ژێرەوەی خۆی ئەمە مومکینە.

**نەفسی مرۆڤـ:**

مواصەفاتی بەگوێرەی ڕەفتارەکانیەتی، هەتا لەلوتکەی ڕەوشت و بەها باڵا شەرعیەکان بێ ئەوە مواصەفاتەکانی زیاتر بەرز دەبێتەوەو دەچێتە سەرووی نەفسی فریشتەیشەوە، بەڵگەشمان نەفسی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی محمد صلی الله علیه وسلم لە شەوی ئیسڕاو میعراجدا لەگەڵ هاوەڵەکەی کە جوبریل بوو سەلامی خوای لەسەر بێ، هەردووکیان لەسەرووی ئاسمانەکانەوە گەیشتنە مەقامێك جوبریل نەیتوانی زیاتر بەسەرکەوێ، چونکە مواصەفاتی نەفسی بەرگەی ئەو حاڵەی نەدەگرت و دەسووتا، کەچی نەفسی کەماڵی ڕێژەیی سەروەرمان گەیشتە ئەو مەقامە، بەو پێیەش مومکینە مواصەفاتی نەفسی مرۆڤ بچێتە سەرووی مواصەفاتی فریشتەوە، وە من پێم وایە بەهۆی یەکگرتنی نەفسی جەمادێتی مرۆڤ لەگەڵ نەفسی

مرۆڤێتیدا ئەوە وای کردووە مواصەفاتی ئەو نەفسە زیاتر ئامادەکراو بێ بۆ بڕینی ئەو مەقامانە. بەڵام ئەوەش بزانە هەرگیزاو هەرگیز مواصەفاتی نەفسی مرۆڤ بەرز نابێتەوە بۆ نەفسی ڕەهای خودایی ئەمە مەحاڵە، وە سەبارەت بەدابەزینی مواصەفاتی هەرچەند ڕەفتارەکانی دەرەوەو ناوەوەی خراپ و ناشەرعی بێ ئەوە دادەبەزێ بۆ ئاستەکانی ژێرەوەی خۆی، ئەوانەی نەفسەکانیان لە لوتکەی خراپەکارین بۆ گەیشتنیان بەجیهانی جنۆکەو دەستخستنیان و بوون بەساحیر، ئەمانە نرخ و بەهای مواصەفاتی نەفسی خۆیانیان نەزانیوەو خۆیان دابەزاندووە بۆ ژێرەوەی خۆیان، کە مواصەفاتی نەفسی شەیتانێتییە، بەڵام مواصەفاتی نەفسی ئیمانداری جنۆکەکانیش بەرزترین ئاستیان فریشتەییێتییە، وە بەڵگەشمان ئیبلیس لەناو فریشتەکان گەورەبووە، دواتر مواصەفاتەکەی دابەزێنرا بۆ ئاستی ژێرەوەی خۆی بۆ ئاژەڵێتی. بەو پێیە بەرزترین ئاستی

مواصەفاتی نەفسی مرۆڤ لەسەرووی فریشتەوەیە، وە نزمترینیشیان گەیشتنە بە مواصەفاتی نەفسی شەیتانی و ئاژەڵێتی[1].

نەفسی گیاندارانیش نەفسێکی نەگۆڕەو بەرزنابێتەوە بۆ سەرووی خۆی، واتە: نەفسێکی مەیموونی تەتەوڕ بکات و ببێتە نەفسێکی مرۆڤی، ئەمە مەحاڵەو بەیاسای دونیایی ڕوونادات بەیاسای پەڕجوو و موعجیزەش ئاساییەو مومکینەو گۆڕانکاری لەنەفسیدا بکرێت.

بەو پێیە نەفسی گیانداران بەرزترین ئاستی نییە، بەڵام مومکینە لەنێو خۆیاندا مواصەفاتی نەفسی ئاژەڵێك بەرزتر بێ لەوەکەی تر بەپێی ڕەفتارەکانیان ئەمەش پێویستی

---

[1] بڕوانە ئەو ئایەتانەی کە هەندێ لە بەنی ئیسرائیلەکان بوونە مەیموون و بەراز.

بەلێکۆڵینەوەی ورد هەیە تاوەکوو ئەو وتەیەمان تەحقیق بکرێ.

سەبارەت بەنەفسی جەمادات (بێ گیانەکانیش) ئەوە ڕەنگە لای خوێنەر جێگای سەرسامی بێ، چۆن بێ گیان بێ و نەفسیشی هەبێ؟ پێم وایە بەبەڵگەی وەحی خودایی لەقورئان و فەرموودە ئەوەم سەلماندووە کە جەماداتیش نەفسیان هەیەو نوتقیان هەیە. بەڵگەکان گەلێك زۆرن ناتوانم لێرە پیشانی ئێوەی بدەم تەنیا ئەوە هەیە بیزانن دارو بەردو چیاکان لەگەڵ حەزرەتی داود زیکریان دەکرد بیر لەزیکر کردنیان بکەوە!!!

بەڵام ئەوندە هەیە بیزانە نزمترین مواصەفاتی نەفسێتی هەیەو نەگۆڕە. هەرگیز تەتەوڕ ناکات، بۆ نموونە خاك ببێتە ڕووەك دواتر بەرز بێتەوەو ببێتە ئاژەڵ دواتر ببێتە مرۆڤ، ئەمە هەرگیز لەزەویدا ڕووی نەداوەو ڕووش نادات، ئەگەر ڕوویدابایە

لەپێشوودا ئەوە زەوی دەبوویە کارگەیەکی بەردەوام بۆ بەرهەم هێنانی نەفسی مرۆڤ و تەتەوڕی پێ دەکرد. هەر بۆیەشە نەزەڕییەکەی داریۆن هیچ بنەمایەکی زانستی و فەلسەفی و واقیعی نییە، تەنیا گەوجاندنی خەڵك بووە.

ئەوەت لەبیرنەچێ خودا ئەمانەتی خۆی پیشانی هەموو نەفسەکانی ئاسمانەکان و زەویدا کەچی کەسیان نەیانتوانی ئەم بەرپرسیارێتیە سەختە هەڵبگرن جگە لەنەفسی مرۆڤ نەبێ کە هەڵیگرت، ئەمەش بەهۆی بەرزی مواصەفاتەکەیەوە، لەدەرەنجامی ڕووحە تایبەتییەکەو نەفسە جەمادێتیەکە، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕاستی ئینسان زاڵم و نەزانە.

ئەوەی ماوە باسی بکەین چۆن لەمەقامەکانی نەفسی مرۆڤ بگەین و چۆن گەشەیان پێ بکەین بۆ سەرووی ئاستی نەفسی فریشتەییێتی

## چۆن لەمەقامەکانی نەفسی مرۆڤ بگەین و چۆن گەشەیان پێ بکەین بۆ سەرووی ئاستی نەفسی فریشتەییێتی

خۆشەویستان ئەگەر ئەوەتان بیرمابێ ئێمە گوتمان کە دوو جۆر زانستمان هەیە ئەویش ئەمانەن:

١ـ وەحی خودایی.

٢ـ لە ئەنجامی ئەزموونی خەڵکەوە دواتر ئەزموونەکە لێکدانەوەی بۆ کراوەو نوسراوەتەوە.

جا ئەوەی لەو بەشەدا دەیبینن ئەوە لەزمنی ئەو دوو جۆرە زانستەیە، ئەمەش بەتێڕامان لە قورئان و فەرموودەو ئەزموونی کردەوەکانی خۆیان ئەو مەقامانەیان بۆ ئێمە ناساندووە، وە ڕەنگە جاری وا هەبووە لەرێی موشاهەدەو ئیلهامی خوداییەوە

ئەو لێكدانەوەیان بۆ كراوە تاوەكوو ببێتە ڕێنیشاندەرێك بۆ دین و دونیای خەڵك.

**مەقامەكانی نەفس.**

"خۆشەویستان": نەفس لە یەك حاڵدا نامێنێتەوە، بە سروشتی خۆی خودا وای داناوە گۆڕانكاری بەسەردا بكرێت، ئەمەش بەپێی جۆری ڕەفتاری خاوەنەكەیەوە بەندە، دەتوانێ لەنزمترین مەقامیەوە بگاتە لوتكە، وەدەشتوانێ لە بەرزترین مەقامیەوە دابەزێتە نزمترینی.

ئێمەش لێرەدا حەوت مەقامی نەفس دەهێنین كە خوای گەورە سێیانی باسكردووە لەقورئاندا، وە شێخی پایە بەرزیشمان شێخ عبد القادری گەیلانی (خودا نهێنی پیرۆز بكات)، دوو دانەی تری ئیزافە كردووە كە هەر لەقورئاندا هاتووە، وە سێدانەی تریشی هێناوە لەزمنی ئەمانەدا، دەكرێ

لێکدانەوەی بۆ جۆری موشاهەدەکان کردبێ کە خودا پێی نیشانداوە، یاخود لەدەرەنجامی ئەزموونی نەفسی خۆی تێڕامانی بۆ کردووە، ئیتر بۆی دەرکەوتووە کە حاڵی نەفس بەو مەقامانەدا تێپەڕ دەبن، وە هەندێك لەمەشایخەکان، پێیان وایە ئەو سێ مەقامەی نەفس کە خودا باسی لێوە کردووە ئەمانە ئەصڵ و بنچینەن، وە چوارەکەی تریش فەڕع و لقی ئەو سیانەن، وە بەندە لەگەڵ هەمان بۆچوونم کە چوارەکەی تر ئەصڵ نین بەڵکوو فەڕعن.

مەقامەکانیش ئەمانەن:

١. نەفسی فەرمانکەر (نفس الأمارة).

٢. نەفسی لۆمەکار (نفس الوامة).

٣. نەفسی موطمەئیننە (نفس المطئنة).

**ئەم سێیە ئەصلڵە ☝ .**

**ئەم چوارەش فەڕعن ☟ .**

**٤. نەفسی ئیلهامکراو (نفس الملهمة).**

**٥. نەفسی ڕازییە (نفس الراضیة).**

**٦. نەفسی مەڕزییە (نفس المرضیة).**

**٧. نەفسی کامڵ یان شەفیع (نفس الکاملة).**

**بەڵگەکان**

**١. نەفسی فەرمانکەر: خوای گەورە دەفەرمووێ:** ﴿ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓۚ

﴿ ٥٣﴾[1]. واتە: من بەرِائەتی نەفسی خۆم ناکەم، چونکە نەفس زۆر فەرمانکەرە بەگوناهو تاوان، مەگەر کەسێك نەبێ کە پەروەردگارم رِەحمی پێ کردبێ...

٢. نەفسی لۆمەکار: خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ٢﴾[2]. واتە: سوێند بەنەفسی لۆمەکار کە زۆر سەرزەنشتی خۆی دەکات.

٣. نەفسی موطمەئیننە: خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿يَـٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ٢٧﴾[1]. واتە: ئەی ئەو نەفسەی کە ئارام و پرِ لەیەقین و دڵنیاییە.

---

[1] سورة يوسف آية ٥٣

[2] سورة القيامة آية ٢

٤. نەفسی ئیلهام بۆ کراو: خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا ۝٧ فَأَلۡهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقۡوَىٰهَا ۝٨﴾[٢]. واتە: سوێند بەو نەفسەش کە خودا لەسەر فیترەتێکی چاك و ڕێك و پێك دروست کردووەو ڕێگای چاکەو خراپەشی پێ نیشانداوە.

٥ ـ ٦. نەفسی ڕازییەو مەرزییە: خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿يَـٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ۝٢٧ ٱرۡجِعِيٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةٗ مَّرۡضِيَّةٗ ۝٢٨ فَٱدۡخُلِي فِي عِبَٰدِي ۝٢٩ وَٱدۡخُلِي جَنَّتِي ۝٣٠﴾[٣]. واتە: ئەی ئەو نەفسەی کە ئارام و پڕ لەیەقین و دڵنیاییە بگەڕێوە بۆ لای

---

[١] سورة الفجر آية ٢٧

[٢] سورة الشمس آية ٧ ـ ٨

[٣] سورة الفجر آية ٣٧ ـ ٣٠

پەروەردگارت بەڕازی بوونت و بەڕازیکراوی، بڕۆ نێو بەندەکانم لەبەهەشتەکەم.

٧. نەفسی کامڵ: لە ئەبو موسای ئەشعەرییەوە ڕەزای خوای لێ بێ گێڕدراوەتەوە کەوا خۆشەویستمان فەرموویەتی: «كَمُل من الرجال كثير، ولم يَكمُل من النساء: إلا آسية امرأة فرعون، ومريم بنت عِمران، وإنَّ فضلَ عائشة علي النساء كفضل الثَّرِيد علي سائر الطعام»[١]. متفق عليه

واتە: زۆرێك لە پیاوان کامڵ بوون، وە کەمێکیش لە ئافرەتان کامڵبوونە، ئەوانەش ئاسیەی خێزانی فیرعەونی، وە لەگەڵ مەریەمەی کچی عیمرانی، وە بێگومان فەزڵ و گەورەیی

[١] بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٣٤١١). وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٤٣١) گێڕاویانەتەوە.

عائیشەش لەسەر ئافرەتان وەکوو خواردنی ثەریدە لەسەر هەموو خواردنەکان (خواردنی ثەرید تێکەڵەیەکە لەنان و گۆشت). بێگومان ئەوانەی کاملبوونە لەپیاو و ئافرەتەکان کاملبوونی نەفس و عەقڵ و تێگەیشتنیانە...

بەر لەچوونە نێو ئەو حەوت نەفسە پێم خۆشبوو چەند وتەیەکی شێخ موخلیف عەلی حوزەیفی قادری بهێنم کە لە کتێبی (الكنوز النوارنية من أدعية واوراد السادة القادرية) باسی چەند سیفەتێکی نەفسی کردووە بۆ بەرچاو ڕوونی، ئەم سیفەتانەش خوای گەورە لە سروشتی مرۆڤی داناوە، ئەویش ئەمانەن.

ـ سیفاتی خودایەتی: وەکوو خۆبەگەورە زانین، خۆشویستی مەدح، سوپاسکردن، ستایشکردن، گەورایەتی، خۆسەپاندن،

ئەم سیفەتانەش جگە بۆ خوا نەبێ هیچ کەسێك بۆی نییە خۆی پێ ئارایشت بدات.

ــ سیفاتی بەندایەتی: وەکوو ملکەچی نواندن بۆ خوا، زەبوون بوون بۆ خوا، خۆشەویستی بۆ خوا، سۆزو میهرەبانی.

ــ سیفاتی گیاندارێتی: وەکوو خواردن، خواردنەوە، نوستن، جووت بوون.

ــ سیفاتی شەیتانێتی: وەکوو درۆ، خۆ بەگەورە زانین، سەرسام بوون بەخود، فێڵ، گومڕابوون، خۆشەویستی سەرپێچی کردن هتد. وتەکانی تەواو بوو

جا مرۆڤ لەسەریەتی سەیری خۆی بکات و، خۆی لە دەردە دەروونییەکان ڕزگار بکات و، خۆیشی جوان بکات بە

ڕەفتارە دەروونییە جوانەکان. ئیتر ئەو نەفسەش لە مەقامێکدا دەبێ بەپێی جوانی و ناشیری دەروونەکە.

**سیفاتی حەوت نەفسەکە:**

شێخ موخلیف بەو جۆرە هێناویەتی:

١. نەفسی فەرمانەکەر: ڕەزیلی، پێداگری، هیواو ئاوات، خۆبەگەورەزانین، ناوبانگ، حەسوودی، بێ ئاگایی هتد.

٢. نەفسی لۆمەکار: لۆمەکردن، فیکر کردن، قەبزبوون (واتە: لێ وەرگرتنەوەی)، سەرسام بوون بەخود، پەلپگرتن (ئیعتیراز).

٣. نەفسی ئیلهام بۆ کراو: سەخاوەت، قەناعەت، زانست، خۆبەکەمزانین، تەوبە، ئارامگرتن، بەرگە گرتنی ناخۆشی.

٤. نەفسی موطمەئیننە(ئارام و دڵنیا): بەخشین، پشت بەستن، عیبادەت، سوپاسگوزاری، ڕازی بوون.

٥. نەفسی ڕازییە: زوهد، ئیخلاس و نیەتپاکی، خۆپاراستن، وەفا، وازهێنانی ئەو شتانەی کە پەیوەندی بەوەوە نییە.

٦. نەفسی مەرزییە (ڕازی کراو): ڕەوشت چاکی، وازهێنانی هەموو شتێك جگە لە خوا، میهرەبان بوون لەگەڵ خەڵکی، نزیکبوونەوە لەخوا، بیرکردنەوە، ڕازی بوون.

٧. نەفسی کامڵ: هەموو ئەو سیفەتە چاکانەی کە باسمان لێوەکردن. وتەکانی تەواو بوون.

ئەمە ئەزموونەو لێکدانەوەی بۆ کراوە، واتە زانستێکی زەننیەو نابێتە قەتعی، تەنها مەعریفەیەکە بۆ ناسینی نەفس.

دەی چۆن بزانین هەر یەکێك لە ئێمە لە کامە مەقامدایە؟

بێگومان ئەو زانینە ئەزموونە لەڕێی سێ بینینەوە، دواتر ئەو بینینە لێکدانەوەی بۆ کراوە.

سێ بینینەکە

١. خەو

٢. خەو و بێداری

٣. بێداری

ئێمە وتەکەی سەید شەریفی جورجانیمان هێنا کە باسی پەیوەندی نەفسی دەکرد لە دەرەوەو ناوەوە لەکاتی بێداری، وە خەوتن، وە مردن. بەڵام لەوێدا مەقامێکی تر هەیە باسی نەکردووە ئەویش خەو و بێدارییە کە تەنیا جەستەی خەوتووە، ئەگینا بەحاڵەتی نەفسی ئاگاداری دەوروبەری خۆیەتی، لەمەشدا نەبەتەواوی بێدارە تا جەستەشی بەشداربێ، وە

نەخەوتووشە تا ئاگاداری دەوروبەری نەبێ، ئەی نەتبیستووە خۆشەویستمان چی بەدایكمان عائیشەی گوت: "چاوەكانم دەخەون، بەڵام دڵم ناخەوێ". جا دڵیش ڕەبتی تەواوەتی لەگەڵ نەفس هەیە. واتە: ئەی عائیشە ئەگەر جەستەی ماددیم بخەوێ ئەوە بەحاڵەتی نەفسم ئاگاداری دەروبەری خۆم و جیهانی شاراوەم. بیركەرەوە !!!

جا "خۆشەویستان": هەر سێ حاڵەت نیشانەی تایبەتی خۆی هەیە، ئاڵۆزترین نیشانەش كەبتەوێ لێكی جیا بكەیتەوە نیشانەكانی حاڵەتی خەوە، ئەوە ئەزموونێكی گەلێك زۆری دەوێ تا بزانی ئەو بینینە لەخواوەیە یان لە نیشانەی نەفس و شەیتان و تەبعی جەستەو بیكردنەوەیە، دەبێ شارەزای هەریەكێ لەم نیشانانە بیت ئینجا دەتوانی نیشانە ڕاست و دروستەكانی خەو لێك بدەیەوە كە ئەوانەی لەخواو پیاوچاكان و

فریشتەکانەوە بۆت دێ، هەتا نیشانە هەیە لەجنۆکە موسڵمانەکانیشەوە بۆت دێ، ئیتر تێگەیشتن لەم هەموو نیشانەیە بەنوسین ناکرێ، پێویستی بەئەزموونێکی زۆر هەیە. جا کە شارەزایت پەیدا کرد ئینجا تا حەددێك دەتوانی نەفسی خۆت دیاری بکەی کە لەکامە مەقامدایە، بەڵام وریابە شەیتان فێڵت لێ نەکات و دووچاری غروری و عوجبت نەکات، چونکە زۆر شت هەیە نەیزانی باشترە بۆت، ڕەنگە بیزانی حاڵت سفرِ بێتەوە، وە سوپاس بۆ خوا بەندە توانی یەکەم لێکدانەوە بۆ نیشانەی مورشیدی کامڵ بکات و بیناسێتەوە کەچۆن دەینێرێ بۆ مورید، لە کاتێکدا مورید وادەزانێ ئەوەی بۆی دێ هەمووی لە خواوەیە، نازانێ ئەمە ئیجتیهادی مورشیدەو هەیمەنەی کردووە بەسەر موریددا، کاتێکیش ئەم حاڵەتە بۆ موریدەکانیان باس دەکەی موریدە خەواصەکانی ئەو مورشیدەش تێناگەن چ جای تازە مورید‌ێك کە هیچ

ئەزموونێکی لە کاری ڕووحی ئیسلامیدا نییە. هەربۆیەشە وتەکەم لە ئێستادا نامۆیە بەلایانەوە. جا ئێمە لێرەدا هەندێ لەو نیشانانە دەهێنین کە شێخ موخلیف لێکدانەوەی بۆ کردووە یانیش لە مەشایخەکانی خۆی وەرگرتووە.

## نیشانەکانی مەقامەکانی نەفس

"خۆشەویستان": لەو بەشەدا تیشك دەخەینە سەر نیشانەکانی مەقامەکانی نەفس تاوەکوو لامان ڕۆشن بێ ئەگەر هاتوو پێی گەیشتین.

شێخ موخلیف قادری بەو جۆرە باسی لێوە کردووە:

**نیشانەکانی نەفسی فەرمانکەر**

هەرکەسێ نەفسی لەو مەقامەدا بێ ئەوە لەخەودا بەزۆری سیفاتی کوفرو عینادی دەبینێ وەکوو بەراز کە سیفەتێکی حەرامە، وە هەروەها سەگ دەبینێ کە سیفەتێکی توڕەییە، وە فیل دەبینێ کە سیفەتی عوجب و کەیف بەخۆهاتنە، وە دووپشك دەبینێ کە سیفەتی سزایە، وە مار دەبینێ کە سیفەتی زمانێکی دووڕووە، وە مشك دەبینێ کە کردەوانێکە لەخەڵکی

شاراوەیەو بۆ خوداش ئاشکراو دیارە، وە کیچ و ئەسپێش کردنی شتە پێناخۆشبوو و قەدەغەکراوەکانە، وە گوێدرێژ دەبینیٚ کە کردەوەیەکە سوودی بۆی نییە، وە زبلّخانەکان دەبینیٚ ئەوەش مەیلە بەلای دونیاوە، وە عارەق و تلیاك و حەشیش دەبینیٚ ئەمانەش کردەوەی حەڕامن، وە پیسییەکان دەبینیٚ نیشانەی بیرکردنەوەیە لە حەڕام، وە ئاوی وەستاوی لیٚلّ و ئاوی ڕۆیشتووی لیٚلّ و پیسییەکان دەبینیٚ کە نیشانەی پەیوەست بوونە بە کردەوەی خراپە. وتەکانی تەواو بوو.

تێبینیم لەسەر لێکدانەوەکان هەیە. بەتایبەتی گوێدرێژ ئەگەر سواری سەر پشتی بی ئەوە نەفسی خۆتە، ئیتر هەر جۆرە جوڵەیەك بکات بەڵگەیە لەسەر جوڵەی نەفسی خۆت، بۆ نموونە بەگوێدرێژەکە ڕادەکەی ئەوە نیشانەی هەنگاوەکانی ئاواتێکی نەفسە بۆ گەیشتن پێی. جۆری بینینی هەر کامێك

لەمانە بەپێی جۆری ئاوێنەی نەفسی کەسەکەیە، زۆربەی جار لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ.

## نیشانەکانی نەفسی لۆمەکار

خاوەنی ئەو نەفسە لەخەودا مەڕو ماڵات دەبینێ نیشانەی حەڵاڵە، وە مانگا دەبینێ کە بەڵگەیە لە سوود گەیاندن بەخەڵکی، وە حوشتر دەبینێ بەڵگەیە لەسەر بەرگە گرتنی ئەزیەتی خەڵکی، وە ماسی دەبینێ ئەمەش کەسابەتێکی حەڵاڵە، وە قازو کۆترو مریشك وێنەی ئەمانەش لە باڵندەکان دەبینێ هەموویان بەڵگەن لەسەر حەڵاڵ. وە هەنگ دەبینێ کە بەڵگەیە لەسەر ڕەوشتی چاك، وە خواردنی لێندراو نیشانەیە لەسەر سروشتی (تەبعی) نەفسی، وە بەروبووم دەبینێ کە نیشانەی نیەتپاکی نەفسیەتی لە قسەو لێڵییەکاندا، وە دوکان و ماڵ و

تەلارەکان دەبینێ کە بەڵگەن لەسەر ئەوانەی کە لە نەفسدان.

وتەکانی تەواو بوو

لێرەش تێبینیم لەسەری هەیە، زۆربەی ئەو شتانە بۆ گوندنیشن و، خەڵکی ئەو شوێنانەن کە زیاتر خەریکی ئەو شتانەن، بۆ نموونە مەڕوماڵات و حوشترو مانگا ئەمانە یارمەتیدەری خەڵکین لەکاروباری ڕۆژانەیان جا بۆ نموونە لە شوێنێکی وەکوو ئەمریکاو ئەوروپاو شارەکان ئەمانە دەگۆڕێن، لە شوێنی ئەمانە تەیارەو مانتۆڕو پاسکیل و سەیارە شوێنی دەگرێتەوە، کە هەموویان بەڵگەن لەسەر جۆری کاروباری کەسەکە، وەئەگەر یەکێ لەوێ مەڕومالاّت یان حوشترو مانگا ببینێ ئیتر بەپێی حاڵی ئەو کەسەو شوێنی کەسەکە لێکدانەوەی بۆ دەکرێ. سەبارەت بەخواردنیش زۆربەی جاران بەخێرو چاکەو زیکرو زانست لێکدەدرێتەوە بەتایبەتی ئەگەر لەسەر

سفرەو خوان بێ. ئەوەی ئەویش دەیڵێ کە بەڵگەیە لەسەر تەبعی نەفسی ئەو کەسە ئەمە ڕوو دەدات بەڵام بەکەمی. بینینی تەلارو بەسەرکەوتنی نیشانەی بەرزبوونەوەی پلەوپایەی نەفسە، ئەگەر بە مەسعەد بەرزبێتەوە پلە بەرزبوونەوەکەی بەبێ زەحمەتی و ئاسانییە، بە پایەش نیشانەی هەنگاو بەهەنگاو و بەزەحمەتی ئەو بەرزبوونەوەیە.

## نیشانەکانی نەفسی ئیلهام بۆ کراو

خاوەنی ئەو نەفسە لەخەودا ئافرەت دەبینێ کە بەڵگەیە لەسەر کەمی عەقڵی، وە کافرەکان دەبینێ بەڵگەیە لەسەر کەمی دینەکەی، وە مولحیدو گومڕاکان دەبینێ کە بەڵگەیە لەسەر کەم و کوڕی مەزهەبەکەی، وە کەسی ڕیش تاشراو یاخود ڕیش سفرکراو دەبینێ کە بەڵگەیە لەسەر کەم و کوڕییەك لە جێ بەجێ کردنی شەریعەت، وە کەسی شەلەل

دەبینێ کە بەڵگەیە لەسەر  بانگەوازکردنی بۆ لای خێرو چاکە لەکاتێکدا خۆی کاری پێ ناکات، وە کۆرە دەبینێ بەڵگەیە لەسەر شاردنەوەی شایەتی، وە کەڕ دەبینێ بەڵگەیە لەسەر گوێبیست نەبوونی بۆ شەریعەت و ئامۆژگاری، وە لاڵ دەبینێ بەڵگەی نەوتنی قسەی حەقە، وە بەندەی ڕەش دەبینێ بەڵگەیە لەسەر قسە نەکردنی عەیبی خەڵکی لەبەردەمیان، وە کەسی بێ موو دەبینێ کە بەڵگەیە لەسەر وازهێنان لە سوننەت، وە سەرخۆش دەبینێ بەڵگەیە لەسەر عاشقبوونی خەڵکی، وە کەسی قومارچی دەبینێ بەڵگەیە لەسەر وازهێنان لە عیبادەت وکەوتنە نێو حەڕامەوە، وە دز دەبینێ کە بەڵگەیە لەسەر ڕیاو ڕووپامایی، وە کەسی دەڵڵاڵ دەبینێ (ئەوانەی کە لەبازاڕ هاوار دەکەن بۆ فرۆشتنی کەل و پەل، یاخود ئەوانەی کە لە گەراجەکان هاوار دەکەن فڵانە شار فڵانە شوێن دەڕوا ئەوەندە نەفەرەی ماوە)، جا بەڵگەیە لەسەر تەماشاکردنی حەڕام و درۆ،

وە گۆشت فرۆش دەبینیٚ بەلٚگەیە لەسەر دلٚ ڕەقی، وە کەسی خێل دەبینیٚ بەلٚگەیە لەسەر گومڕایی و لادان لەحەق. وتەکانی تەواو بوو

بێگومان ئەو لێکدانەوەیە جێگیر نییە بۆ هیچ یەکێك لەمانە هەروەك گوتمان لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر ئەولێکدانەوەیە دەگۆڕیٚ ئەمەش بەپێی حالٚ و مەقامی. بەتایبەتی کەسی کۆرە ئەمە لەکاتێکدا ئەو لێکدانەوەی بۆ دەکریٚ کەکەسەکە کەوتووبێتە مەوقیفێکەوە کە هەولٚی داوە حەق بشارێتەوە یانیش لەمەودوا ئەو مەوقیفەی بەسەردا دیٚ و دەیەویٚ حەق بشارێتەوە، ئەمما بۆ کەسێك لەوحالٚەدا نەبیٚ ئەوە نیشانەی نەبینینی ڕێگای ڕاستەقینەی دین و ئەهلی حەقە، وە هەروەها چاو کوێر کردنە لە ئاستی حەق، وە هەروەها جاری وا دیٚ ئیشارەتە بۆی کە چاوی کوێر بکات لە ئاستی دونیاو باق و

بریقەکەی، ئیتر بەو شێوازە لە کەسێکەوە دەگۆڕێ بۆ کەسێکی تر.

## نیشانەکانی نەفسی موطمەئیننە

خاوەنی ئەو نەفسە لەخەودا قورئانی پیرۆز دەبینێ، ئەمەش سیفەتی پاکی دڵە، وە پەیامبەران و فروستادەکان دەبینێ ئەمەش سیفەتی هێزی ئیمان و ئیسلامە، وە کاربەدەست و سوڵتانەکان دەبینێ ئەمەش سیفەتی لاکردنە بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە، وە موفتی و زاناکان دەبینێ ئەمەش سیفەتی ئیستیقامەت و فیکریەتی لەگەڵ عیبادەتی خوای گەورە، وە چاکەو شێخەکان دەبینێ ئەمەش سیفەتی ڕابەرایەتی کردنی نەفسیەتی، وە قازییەکان دەبینێ کە سیفەتی گوێڕایەڵی کردنە بۆ فەرمانی خودا، وە کەعبەی پیرۆزو مەدینەی نورانی کراو و قودسی موبارەك دەبینێ ئەمەش سیفەتی پاکی دڵە لە فێڵ و وەسوەسە، وە

مزگەوتەکان و زانست دەبینێ ئەمەش سیفەتی ئاوەدانی دڵە، وە تیروکەوان و مەنجەنیق دەبینێ ئەمەش سیفەتی سەرکەوتنە بەسەر وەسوەسەکانی شەیتان.

ئەمەش جێگیر نییە وەکوو ئەوانەی پێشووتر.

## نیشانەکانی نەفسی ڕازییە

خاوەنی ئەو نەفسە لەخەودا فریشتەو حۆری چاوگەوش دەبینێ کە بەڵگەیە لەسەر کەماڵی عەقڵ، وە منداڵی مەلۆتکەو بەهەشت و بوڕاق و جل و بەرگی جوان ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نزیکبوونەوە لە خوداو زیادبوونی عەقڵ و دین.

## نیشانەکانی نەفسی مەرزییە

خاوەنی ئەو نەفسە لەخەودا ئاسمانەکان دەبینێ کە بەڵگەیە لەسەر پەیوەست بوونی سەیرکردنیەتی بەخوای گەورە، وە

ئەستێرەکان دەبینێ کە بەڵگەیە لەسەر نووری نەفسی، وە ئاگر دەبینێ بەڵگەیە لەسەر فەنابوونی لە خۆشەویستیدا، وە بروسك دەبینێ بەڵگەیە لەسەر ئاگادارکردنەوە لە بێ ئاگایی، وە خۆر دەبینێ بەڵگەیە لەسەر نورانی بوونی ڕووح، وە مانگ دەبینێ بەڵگەیە لەسەر نووری دڵی موریدێکی کامڵ.

ئەمەش تاحەددێك جێگیر نییە، ئەکرێ خاوەن نەفسەکانی تریش هەر لەمەقامی خۆیان خۆرو مانگ و ئاسمانەکان ببینن. لێکدانەوەکەش بەپێی حاڵ و مەقامیانە. خۆرو مانگ چەند لێکدانەوەیەکی تری بۆ کراوە، لەوانە: پاشاو دایك و باوك و زانا.

## نیشانەکانی نەفسی کامڵ

خاوەنی ئەو نەفسە لەخەودا باران و بەفر و تەزرە و ڕووبار و کانی و بیر و دەریا دەبینێ، ئەمانە نیشانەی سەرچاوانێکی

ئاوی پاکن کە بەڵگەن لەسەر تەزکییەی نەفس و پاککردنەوەیی و گەیشتن بە سلوکی کامڵ. وتەکانی تەواو بوو

بێگومان ئەوەی کە باسکرا لەخەودا ئەو شتانە دەبینێ لەو مەقامانە ئەوە مانای وانییە جگە لەمانە شتی تر نابینێ، نەخێر، بەتایبەتی خەون دونیایەکە پڕ لەنهێنی، بەپێی حاڵ و مەقامی کەسەکەیە کە شتی نیشان دەدرێ. وە هەروەها ئێمە گوتمان سێ مەقام ئەصڵە، کە نەفسی فەرمانکەرو لۆمەکارو موطمەئیننە، چوارەکەی تریشی لقی ئەو سیانەن، جا دەکرێ مرۆڤ لەمەقامی موطمەئیننەش بێ شتێکی لە چوار مەقامە لقەکە یاخود لە دوانە ئەصڵەکەی تر نیشان بدرێ، چونکە ئەمە دەگەڕێتەوە سەر حاڵی نەفسەکە، لە مەقامی خۆی دەمێنێتەوە بەڵام سیفەتێك لەو حاڵەی تیادا زیادکراوە لە چاکە یان خراپە. با نموونەیەك بهێنینەوە تا لێی حاڵی بین، شێخ جونەیدی

بەغدادی ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرمووێ: "ڕۆژێکیان لە مزگەوت خەریکی نوێژکردن بووین لەسەر جەنازەی کەسێك، ئیتر پیاوێکی سواڵکەر هاتە ناو مزگەوت و داوای شتی لەخەڵك دەکرد، جا لەوکاتە منیش ئەوە بەسەر نەفسمدا هات کە وا باشترە بۆ ئەو پیاوە کەسابەتێك بکات و باشترە لەو حاڵە، تەنها ئەوەندەی بەسەر نەفسیدا هاتووە، جا دەڵێ: شەو لەماڵەوە عادەتم وابوو کە دادەنیشتم بۆ زیکرەکانم، هەر چەند کردم زیکرم پێ نەدەخوێندرا، لەو کاتە خەو زۆری پێ هێنام، بینیم جەنازەیەکیان هێنا لام و وتم ئەوە کێیە؟ وتیان ئەوە فلانە کەسی سواڵکەری براتە وەرە گۆشتەکەی بخۆی، منیش گوتم: خۆ غەیبەتم نەکردیە! ئەوانش گوتیان: ئەدی ئەو قسەیە بەسەر نەفست نەهات سەبارەت بەو کەسە، ئەوەش غەیبەتە.... بێگومان هەموو ئوممەت لەسەر پیاوچاکێتی شێخ جونەید یەکدەنگن بەشێخ تقی الدین ئیبن و تەیمییەشەوە بگرە، جا

شاهێدمان لەسەر ئەو بابەتە شێخ جونەید هەر لەمەقامە بەرزەکەی خۆی بووە، تەنها سیفەتێکی نەفسی لۆمەکاری تێدا بەدەرکەوت دواتر تەوبەی لەسەر کرد، جا ئەو گۆڕانکاریە هەموو کەسێك دەگرێتەوە ئەگەر قوتب و غەوسی زەمانیش بێ، ئیتر کەس با لەخۆی ئەمین نەبێ.

جا ئەوەی کە ڕابوورد لە حاڵەتی خەوتندا بوو.

دەستپێکی بینینەکە بەزۆری بەچەند خولەکێکی کەم بەر لەهەستانیەتی لەخەو، زۆر کەس هەیە لەگەڵ خەوتنی یەکسەر خەو دەبینێ، بەمەش دەستپێکی خەوەکەی لەگەڵ نوستنەکەیەتی لەوکاتە، وە جاری وا هەیە لەناوەندی نوستن خەوێك دەبینێ، بەبێ ئەوەی لەخەو هەڵسێ، کات تێپەڕ دەبێ بەر لەهەستانیش خەو دەبینێ، جا ئەو حاڵانەی کە باسم لێوە کرد لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ. بەحوکمی ئەوەی کە هێزی جەستە

بەشداری نییە ئەوە زۆربەی جار ئەوەی لەخەودا دەبینرێ چەند بەشێکی لەبیر دەمینێ، یاخود شتەکانی بەئالۆزی بەبیر دێتەوە، حاڵەتیش هەیە بەجوانی بەبیری دێتەوە، حاڵەتیش هەیە وەهمی خۆی تێکەڵ بەخەوەکە دەکات، هەربۆیەش نەخەون نە ئیلهام لەزاهیری شەرع ئیعتیباری بۆ ناکرێ و حوکمی شەرعی لەسەر دانامەزرێ بە یەکدەنگی زانایان.

## حاڵەتی بێداری و خەو

ئەم حاڵەتەش پلەیەك لە حاڵەتی بەئاگایی کەمترەو پلەیەکیش لە حاڵەتی خەوتن بەرزترە، واتە: نەخەوە تا پێی بگوترێ خەوتوو، وە نەبێداریشە تا پێی بگوترێ بەئاگا، بۆ نموونە لەحاڵەتی پاڵکەوتنە یاخود دانیشتن چاوی داخراوەو خەو زۆری پێ دەهێنێ، جا لەو کاتە یەکێ لەم ڕەهەندانەی پێ نیشاندەدرێ ☟

## بوعدەكان ـ ڕەهەندەكان ـ لەتائیفەكان بە درێژی

لەم بەشە بە پشتیوانی خودا ئەوەی تۆزێك لەبارەی ئەو ڕەهەندانەوە زانراوە بۆ ئێوەی خوێنەران دەنوسمەوە.

زانا پایە بەرزو ئیشكەرەكانی ئیسلام توانیویانە لە ڕێی ئەزموونی كاری ڕووحی ئیسلامی ئینسانی تۆزێك باسی ئەو لەتائیفانە بكەن.

لطائف: كۆی (لطیفه)یە، بەواتای وتەیەكی خۆش و بەسەرهاتێكی خۆش یان شتێكی ناسك یان كەسێكی خاوەن لوتف و بەسۆزە، وە بەمانای وتە نەرمی و ڕووخسار خۆشیش دێ ...هتد.

جا لێرەدا مەبەستی زاناكان لە ڕووحی مرۆڤدا چەند لەتیفەیەك هەیە كە ناسكن و، هەریەكەیان دونیایەكی ترەو

تایبەتمەندی خۆی هەیەو کاری تایبەت بەخۆی هەیە. لێرەدا پێم خۆشە هەندێ لە وتەکانی مەلا عەلی ئەفەندی نەقشبەندی هەولێری بهێنم کە ئەویش لە ئیمامی ڕەببانی ئەحمەدی فارۆقی سەرهەندییەوە نەقڵی کردووە لە کتێبی (مکتوبات الامام الربانی)، ئینجا دواتر دەست بە سەرنج و تێبینیەکانی خۆم دەکەم لەسەر وتەکانی بەڕێزیان.

دەفەرمووێ: "مەشایخەکانی نەقشبەندی ڕوونیان کردووەتەوەو فەرموویانە: مرۆڤ پێکهاتووە لە (١٠) لەتیفە، پێنجیان لە جیهانی ئەمردان، وە پێنجەکەی تریش لە جیهانی خەڵقدان، پێنج لەتیفە ئەمرییەکە ئەمانەن (قەلب و ڕووح و سیرڕو خەفی و ئەخفا)، وە پێنجەکەی تریش ئەمانەن (چواریان توخمەکانن، وە پێنجەمیشیان لەتیفەی نەفسە کە لەو توخمانەوە هاتووەتە دی. وە هەندێکی تر لە مەشایخەکان لەتیفەی

(نارییه)شیان داناوە کە لە ژێر شانی ڕاستدایە، جا هەر یەکێك لەم لەتائیفە ئەمریانە لەگەڵ لەتائیفە خەڵقییەکاندا پەیوەندیان هەیە، بەو جۆرە: (قەلب لەگەڵ نەفسدا، وە ڕووح لەگەڵ ئاودا، وە سیڕڕ لەگەڵ بادا، وە خەفی لەگەڵ ئاگرو ئەخفاش لەگەڵ خاکدا". وتەکانی تەواو بوو

منیش ئەڵێم: هەندێ پەیوەندی تر باس دەکەم وەکوو زیادە ڕوونکردنەوە لەسەر وتەی مەشایخەکانمان:

١ـ پەیوەندی دڵ + نەفس

٢ـ نەفس + دڵ

٣ـ نەفس + عەقڵ

٤ـ عەقڵ + نەفس

**٥ـ عەقڵ + دڵ**

**٦ـ دڵ + عەقڵ**

**٧ـ شەیتان + نەفس**

**٨ـ نەفس + شەیتان**

**٩ـ شەیتان + عەقڵ**

**١٠ـ عەقڵ + شەیتان**

**١١ـ شەیتان + دڵ**

**١٢ـ دڵ + شەیتان**

**١٣ـ دڵ + ئەمر**

**١٤ـ ئەمر + دڵ**

١٥ـ ئەمر + عەقڵ

١٦ـ ئەمر لەگەڵ هەموو لە تائیفەکان جگە لە نەفس نەبێ، ئەویش لەکاتی کامڵبوونیدا یەکدەگرێ لەگەڵ ئەو ئەمرە

وە ئەوەش بزانە شەیتان بەهیچ جۆرێك ناتوانێ پەیوەندی بەئەمری ئیلاهییەوە بکات، چونکە نهێنی خودایە، وە ڕووحی ئینسان لە ئەمری خودایە، ئەمری خوداش نهێنی خودایە، وە سەرجەم زاناکانی ئیسلام لەسەر ئەوە یەکدەنگن کەوا ڕووحی ئینسان دروستکراوە، واتە: ئەو شێوە دەرەکییەی کە بەبەر ڕووحدا کراوە لەشێوەی ئینسان دایە ئەوە دروستکراوە، ئەمما ماهییەت و چییەتی ڕووح فەرمان و ئەمری خودایەو کەس نازانێ چییە. هەر بۆیەش شەیتان ناتوانێ پەیوەندی بە ئەمرەوە بکات چونکە هەم ناتوانێ، بەهۆی دابەزینی نەفسەکەی لە

بەرزترین نەفسی فریشتەیی بۆ نزمترین نەفسی ئاژەڵێتی. وە هەمیش قەدەغەکراوە.

ئەو پەیوەندیانەش کە لەسەرەوە شێخ عەلی ئەفەندی هێنای ئەمە پەیوەندی جەستەو نهێنیەکانی نێو ڕووح بوو لەگەڵ جەستەی ماددیدا، لێرەدا مەبەست بە نەفسی مرۆڤ بەمانا حەزو ئارەزووەکان و جێگای شەیتانی هەواو ئارەزووەکان هتد دێت کە ئەمانە هەڵقوڵاو و دروستکراوی توخمەکانن، نەك بەمانای زات یاخود ڕووح بێت، چونك لای زۆرینەی زاناکان نەفس و ڕووح یەك شتەو بەیەك مانا لێك دەدرێنەوە. وە لای بەشێکیش لەزانایان هەردووکیان جیان. جا لێرەدا ڕەنگە کەسێ بپرسێ ئێمەی مرۆڤ کوا لە ئاگر دروستکراوین ئەوە نییە لەئاوی باوکان و دایکان دروست بووین؟ وەڵام بەڵێ ڕاستە، بەڵام بنەڕەتی ئینسان دەگەڕێتەوە بۆ باوکە ئادەم، کە لە بنەڕەتدا بەو

چوار توخمه جەستەی ئادەمی خەڵق کردووە، وەکوو ئەوە وایە دروستکردنی ئێمەش بەو نیسبەتە درابین.

## شوێنی لەتائیفەکان

ئیمامی ڕەببانی دەفەرمووێ: "لەتیفەی دڵ دوو پەنجە لەخوار مەمکی چەپەوەیە بەرەو لای پشت. وە لەتیفەی ڕووح دوو پەنجە لە ژێر مەمکی ڕاستدایە. وە لەتیفەی سیڕڕ بەرامبەر لەتیفەی دڵە کە خواربووەتەوە بەرەو سینگ. وە لەتیفەی خەفی بەرامبەر ڕووحە کە خواربووەتەوە بەرەو سینگ. وە لەتیفەی ئەخفاش لەناوەڕاستی سینگدایە. وە نەفسیش لە نێوچەوان و تەوێڵی ئینساندایە". وتەکانی تەواو بوو.[١]

---

[١] (کورتەیەك لە سراج الطالبین) لە مەناقیبی (قطب العارفین) شێخ محمدی عەلی حسام الدینی نەقشبەندی (قدس الله سرە العزیز). ل٧٤

واتە: بەو شێوازەیە: (دڵ سیڕڕ ئەخفا خەفی ڕووح)، نەفسیش لە نێوچەواندایە. وە بەندە تەحقیقی ڕەهەندی عەقڵیشی کردووەو سیفەتی تایبەتی خۆیشی هەیە کە دواتر دێمە سەری. جا ئەمانە سەدا سەد تەواون لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوەوە لە باوکوورو باشوورەوە سەدەها ساڵە موسڵمانە سەر ڕاستەکان ئەمانەیان تەحقیق کردووەو جێگای ئینکاری کردن نین، هەروەکوو چۆن خۆرو تیشکەکەی حەقیقەتێکن ئەمانەش حەقیقەتێکن لەناخی ئینساندا، خیلافەکە تەنها لەوەدایە چۆن لێکدانەوە بۆ شتەکانی نێو ئەو لەتائیفانەو ڕەهەندانە دەکرێ، ئەمەش لە بینینێکەوە بۆ بینینێکی تر لە حاڵی کەسێکەوە بۆ حاڵی کەسێکی تر دەگۆڕێ، گۆڕانەکەش بەپێی پێویستی حاڵەکەیە.

لێرەدا وەکوو زیادە ڕوونکردنەوەی ئەو لەتیفانە بەندە زاراوەیەکم زیاد کردووە کە زۆر وردو واقیعییە لەگەڵ ئەو لەتائیفانە، ئەویش زاراوەی ڕەهەندو بوعدە، چونکە مورید کاتێ شتێکی پێ نیشان دەدرێ لە لایەك و ڕەهەندو بوعدێکی نێو ئەو لەتائیفانەوە پێی نیشان دەدرێ، یاخود لە لەتیفەیەکەوە دەڕوا بۆ نێو لەتیفەیەکی تر، بەمەش دەگوترێ: گواستنەوە لە ڕەهەندێکەوە بۆ ڕەهەندێکی تر. چونکە ئیشارەت و سیفەتی هەر ڕەهەندێك جیایە لەگەڵ ڕەهەندەکەی تر.

بەڵام بەر لەباسکردنی سیفەتی ڕەهەندەکان دەمەوێ هەڵەیەك ڕاستبکەمەوە کە لەنێو خەڵکیدا زۆر باوە کە دەگوترێ: چاوی سێیەم، هی وا هەیە لە وێنەکان چاوێکی گەورەی کردووە لە نێوچەوانی ئینسان، ئەمانە هەڵەن، بەڵکوو ڕووحی ئینسان واتە: شێوە ڕووحییە مرۆڤیینەکەی دووچاوی

هەیە وەکوو دووچاوی سەرە جەستەییەکە، جا ئەو دووچاوە ڕووحییە پەیوەندییەکی هەمیشەیی نییە تا لەجەستەی بمێنێتەوە بەیەکجاری، وە لێشی جیا نییە تا ئەو مرۆڤە بەدووچاوی سەر شت نەبینێ، بەڵکوو پەیوەندییەکەی کاتییەو ڕاگیرە بەجەستەی مرۆڤەوە. جا کاتێ دەگوترێ: چاوی دڵی بۆتەوە، یان چاوی باتنی بۆتەوە، یان بەصیرەتی کارایە، ئەمە گشتی لەگەڵ ئەو دووچاوە ڕووحییەیە، جا هەر بەم دووچاوە ڕەهەندەکان پێ دەبینێ، وە ئەو چاوانەش تایبەتمەندی خۆیان هەیە، یەکێ لەوانە: دەتوانن بەداخستنی یەکێك لەچاوەکان خۆیان ون بکەن نەبینرێن لە نێو ڕەهەندەکان، وە شتی تریش. وە توانای زیادبوونی چاوانێکی تریشی هەیە بەتایبەتی لەپلەی کەماڵی نەفسیدا، وە لەگەڵ هەبوونی زنجیرەی زانستە قەلبی و ڕووحییەکەی تا دەگاتەوە سەر فەخری عالەم، جا بۆ زیاتر

ئاشنابوون به چوونه نێو ڕەهەندەکان پێویسته باسی شەپۆلـەکانی مێشك بکەین که ئەمانەن (ثیتا، ئەلـفا......).

## شەپۆلەکانی مێشکی مرۆڤ

عەقڵی مرۆڤ گرینگترین بەشە کە خوای گەورە بەمرۆڤی بەخشیوە، چ عەقڵە ماددیەکە، وە چ عەقڵە ڕووحییەکە، چونکە ئەم عەقڵە نەبێ مرۆڤ پەی بەخۆیی و بەخواو بەخەڵك و دەورووبەر نابات، جا ئەم عەقڵە ماددیە چالاکی کارەبایی زۆری تێدایە، هەروەکوو توێژینەوەکانی سەردەم کۆمەڵە شەپۆلێکیان دۆزیتەوە لە مێشکی ئینسانی کە وای کردووە گرینگییەکی زۆری پێ بدرێت، ئەم شەپۆلانە لە مێشکی مرۆڤ بەهۆی دەمارە خانەییەکانەوە دروست دەبن، کە هەر جۆرێك لەم شەپۆلانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕەفتارو بینین و سلوکی ئەم مرۆڤەوە دەبێ. توێژەرانی ئەو بوارە توانیویانە ناو لە شەپۆلەکان بنێن و بڕی هێرتزەکانیش یاخود لەرەلەرەکانی دیاری بکەن لەنزمتریان تاوەکوو خێراترینیان، ئەمەش بەهۆی ئامێری دیاری

کردنی پێوانەیی چالاکی کارەبایی لە دەماغ (EEG)، ئەم ئامێرە چەند پارچە کانزایەکی بچووکی هەیە کە پێیان دەگوترێ: جەمسەرە کارەباییەکان، جا ئەم پارچە کانزایانە لەسەری مرۆڤ دادەنرێن و ئەمانەش دەبنە هۆکاری گواستنەوەی چالاکییە کارەباییەکان لە دەمارە خانەییەکان بۆ ئامێرەکە، ئامێرەکەش لە ڕێی شاشەوە یاخود لەڕێی وەرەقەوە شەپۆلەکانی مێشکی ئینسانی دیاری دەکات.

## شەپۆلەکان

١ـ شەپۆلی دەلتا: کاتێ لەخەوێکی زۆر قوڵدایت و خەون نابینی، لەوکاتەدا مێشکت شەپۆلەکانی دەلتا دروست دەکات کە نزمترین شەپۆلن لەمێشکی ئینسانی، بڕەکەشی لە نێوان (٠.٥ بۆ ٤) هێرتزە، واتە: لەماوەی یەك چرکە ٠.٥ بۆ ٤ جار دەلەرێتەوە).

٢ـ شەپۆلی ثیتا: کاتێ لەحاڵەتی نوستن و خەوبینین و بیرکردنەوەی قوڵدایت مێشکت ئەم شەپۆلە دروست دەکات، کە بڕەکەی لە نێوان (٤ بۆ ٨) هێرتزدایە.

٣ـ شەپۆلی ئەلفا: دەکەوێتەوە ناوەندی شەپۆلەکانی مێشك، ئەم شەپۆلە کاتێ دروست دەبێ کە مێشك بەتوندی سەرنج لە شتێکی دیاری کراو نادات ئەگەرچی کاری ئاسایی خۆیشی بکات، دەکرێ لەحاڵەتی ئەم جۆرە شەپۆلە هەست بەئارامی و حەوانەوەیەکی ڕێژەیی بکەیت، بەتایبەتی کاتێ بەیانیان لەخەو هەڵدەستی هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی مێشکت دەکەیت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری دروستبوونی شەپۆلی ئەلفا، کە بڕەکەی لەنێوان ٨ بۆ ١٢ هێرتزە.

٤ـ شەپۆلی بێتا: کاتێ لەحاڵەتی بێداری دایت و سەرنجێکی فراوان لەشتەکان دەکەیت و کاروچالاکییەکانی ڕۆژانەت جێ

بەجیٚ دەکەیت و بڕیار دەدەیت کە پێی دەگوتریٚ: (العقل الواعی - ژیریی ئاگادارو ئاگالەخۆبوو)، ئیتر لەو حاڵەتانە مێشکت ئەم شەپۆلە بەرزانە دروست دەکات، کە بڕەکەی لە نێوان (١٢ بۆ ٣٥) هێرتزە.

٥- شەپۆلی گاما: کاتیٚ کە بیردەکەیەوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان و خوێندن و زانست و زانیارییەکان مێشکت ئەم شەپۆلە دروست دەکات کە بڕەکەی لە (٤٥) هێرتز بەرەو سەرو ترە.

## سوودەکانی ئەم شەپۆلانە چین؟

گەلێك سوودی هەیە، دیارترینیان هەروەکوو لەسەرەوە باسمان لێوە کرد کە هەر یەکەیان لە چ بوارێکدا ڕۆڵ دەبینن، وە گرینگترین سوودیش بەتایبەتی بۆ شەپۆلەکانی دەلتاو ئەلفاو ثیتا کەم کردنەوەی دوودڵی و چارەسەرکردنی هەندیٚ حاڵەتی

**نەخۆشی دەروونییە، وە کاریگەریشی هەیە لەسەر چالاك کردنی لەتیفەکان ئەمە چۆن؟**

**خوای گەورە دەفەرمووێ:** ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلۡقُرۡءَانَ أَمۡ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقۡفَالُهَآ ﴿٢٤﴾﴾[1] **واتە: ئایە ئەمانە بیر لە قورئان ناکەنەوەو تێنافکرێن لێی یاخود قوفڵ بەدڵەکانیانەوەیەو ناتوانن ئەم قوفڵانە بکەنەوەو لەدەرگاکە بچنە ژوورەوە؟ وەهەروەها دەفەرمووێ:** ﴿بَلۡ هُوَ ءَايَٰتُۢ بَيِّنَٰتٞ فِي صُدُورِ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَۚ وَمَا يَجۡحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٩﴾﴾[2] **واتە: بەڵکوو ئەمە کۆمەڵە ئایەت و نیشانەگەلێکە لە سینگی ئەو کەسانەی کە خاوەن زانستن. بزانین ئەو زانستەش چییە؟ جابری کوڕی**

---

[1] سورة محمد آية ٢٤

[2] سورة العنكبوت آية ٤٩

عبد الله ڕەزای خوای لێ بێ لە پێغەمبەری ئەشرەفەوە صلی الله علیم وسلم بۆمان دەگێڕێتەوە کە دەفەرمووێ: (العلم علمان علم علي اللسان وذلك حجة على الخلق، وعلم في القلب وذلك علم نافع)[1] رواه حكيم الترمذي وابن عبد البر. واتە: دوو جۆر زانست هەیە یەکێکیان لەسەر زمانە کە بەڵگەی خەڵکە، وە زانستێکیشیان لە نێو دڵدایە کە بەڕاستی ئەم زانستەی دڵە بەسوودە.

شێخ ئیبن و قەیم ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرمووێ: "بیرکردنەوەو زیکر کردن جۆرەها مەعریفە بەرووبووم دەهێنن، خواناسەکان بەردەوام بیردەکەنەوە لەسەر زیکر کردنەکانیان، وە زیکر دەکەن لەسەر بیر کردنەوەکانیان هەتاوەکوو دڵیان دەبێتەوە بەئیزنی خوای فەتتاح و عەلیم".

[1] بۆ زانینی تەخریجی فەرموودەکە بڕوانە لاپەڕە (٣٤٨)ی ئەم کتێبە.

کەواتە هەبوونی نیشانەگەلێك لەدڵ و کردنەوەی ئەو قوفڵانە دوو کلیلە بیرکردنەوەو زیکرکردن، بەڵام کامە زیکر کلیلەکەیە بەسەدا سەد؟ ئەوەتە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ٢٨﴾[1]واتە: بێگومان ئەو کەسانەی کەوا ئیمانیان هێناوە دڵەکانیان تەنیا ئارام و ساکین دەبێ بە زیکری ... الله ... جا ئاگادار بن تەنیا بە زیکری ... الله ... دڵەکان ئارام دەبێ. لێرەدا زیکری الله وە قورئان و جگە لە قورئانیش دەگرێتەوە، چونکە دەقەکە واتا زۆر لەخۆ هەڵدەگرێ، هیچ کەسیش بۆی نییە کورتی بکاتەوە، جا لێرەدا خودا بەگەورایەتی خۆی بەڕوون و ئاشکرا دەفەرمووێ: بەزیکری الله دڵ ئارام دەبێ، بەجۆرێ ڕەبتی دڵ لەگەڵ زیکری الله الله

[1] سورة الرعد آية ٢٨

ﷲ جۆرە ڕەبتێکە هەزارەها نهێنی لەخۆیدا حەشارداوە. ئێستاکە ئێمە چۆن بیر بکەینەوەو چۆن زیکرەکە بکەین تاوەکوو لەتیفەکان چالاك بکەین؟

## ١ـ لەتیفەی عەقڵ و بیر کردنەوە

لێرەدا مرۆڤ دەتوانێ ئەم لەتیفەیە چالاك بکات بەبێ هەبوونی مورشیدی کامڵ، ئەمەش بەو جۆرە چالاك دەبێ: لە شوێنی دوور لە ژاوەژاو و ئارام با دابنیشێ و ڕوو بە قیبلە بێ و چاوی دابخات، وە هەروەها سەریشی کز بکات بۆ خوارەوە بەپێچەوانەی دانیشتنی یۆگا، إن شاء الله لەبەشەکانی تردا دێینە سەر یۆگاش. لەو دانیشتنەدا هیچ زیکرێك نەکات چ لە دڵی، وە چ لە زمانی، تەنیا بیر دەکاتەوە لەخودی زاتی خۆی، ئەمەش زۆر بەقووڵی، هەتاوەکوو ئەو شەپۆلانەی مێشك چالاك دەبێ، با هەموو ڕۆژێ نیو سەعات ئەم کارە بکات تا ماوەیەك

ئیتر بیست ڕۆژە یان پانزە ڕۆژ ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر وردی جۆری بیرکردنەوەی کەسەکە، جا کەچالاك بوو ئەم شتانە بەسەر جەستەی ئەو کەسەدا ڕوودەدات: خەو زۆری پێ دەهێنێ و دەکەوێتە حاڵەتی خەو و بێداری، دواتر زاتێك لە خودی ئەو کەسەدا کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەجەستەوە هەیە بەهێواشی لەجەستە دەردەچێ، وە ئەو شوێنەی کە ئەو کەسە لێی دانیشتووە بەو شێوازە ڕەهەندەکە دەبینێ، واتە: ئەگەر شوێنەکەی تاریك بێ بەتاریکی شوێنەکە دەبینێ، وە ئەگەر ڕووناك بێ بە ڕووناکی دەبینێ، وە لەبەر ئەوەی هەروەکوو گوتمان پەیوەندیەك هەیە لەنێوان شەیتان و عەقڵ، وە عەقڵ و شەیتان، جا لێرەدا مومکینە هەندێ جار جنۆکەکان ببینرێن لەسەر شێوەی جیاواز، وە جاری وا هەیە بەر لەوەی شتەکانی لەو ڕەهەندە پێ نیشان بدرێ شتەکان بەمێشکی دا دێن بەر لەدیتنیان، جا لێرەدا ڕەنگە مولحیدێك بپرسێ ئەم شتە خودی

مێشك دروستی كردووەو ئازایەتی تێدا نییە؟ ئێمەش دەیڵێین خودی چالاك بوونی لەتیفەكە خۆی لەخۆیدا سەلمێنەری جیهانی مەعنەوی نادیارە، وە ئەم بەمێشكت دا هاتنەش هەموو جارێك نییە بەڵكوو كەم جارانێكە. وە ئەم بەمێشكدا هاتنە ڕۆڵێكی گەورەی هەیە لەجۆری خەوی تەبعی. جا خۆشەویستان كاتێ ئەم زاتە لە خودی جەستەی دەردەچێ زۆر بەنەرمی و هێواشی بەبێ ئەوەی تەزوویەك بەرجەستەی بكەوێ. وەحاڵەتیش هەیە یەكەمجار جەستەی وەك بڵێی تەزوویەكی توندی بەركەوێ و جەستە توند دەبێ و لەوكاتەدا لەتیفەكە دەردەچێ. لێرەدا پرسیارێكی مەنتقی دەكەین. ئایە خودی لەتیفەكە دەبێتە زاتێك دواتر دەردەچێ یان لەناو لەتیفەكە زاتێك دروست دەكات یانیش لەبەر پەیوەندی ڕووحی ئینسان لەگەڵ لەتیفەكان هەر خودی لەتیفەكە كاریگەری لەسەر ڕووح دەبێ لەو كاتەدا ڕووح كەرت و دابەش دەبێ؟

وەڵام: شێخ عەلی ئەفەندی ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرمووێ: "ئەگەر لەتیفەیەك لەلاشەوە دەربچێت بەرەو سەرەوە بەهەمان شێوە هێواش و لەسەرخۆ بەرەو ئەو ئەسڵ و بنەمایەی خۆی کە لەسەرڕووی عەرەشەوەیە دەگەڕێتەوە..."، وتەکانی تەواو بوون، مەشایخەکانی نەقشبەندی ئەوە دەڵێن: کە ئەو پێنج لەتیفەیە ئەصڵ و بنەماکەی لەسەرووی عەرشەوەیە، دواتر لەگەڵ ئەو پێنج توخمە ماددیە یەکیان گرتووەو ئەصڵەکەی خۆی لەدەستداوەو دەبێ مرۆڤ هەوڵبدات چالاکیان بکات و بیگەڕێنێتەوە سەر ئەصڵکەی خۆی. جا با بێینەوە سەر پرسیارەکەی خۆمان بەبۆچوونی ساداتی نەقشبەندیەکان خودی لەتیفەکە دەردەچێ، ئەمەش جێگای نەزەرە بەسادەترین پرسیار وەکوو خزمەتکارێك ئاڕاستەی هەموو ساداتی خۆم دەکەم، ئایە دەرکەوتنی پێغەمبەری ئەشرەف صلی الله علیه وسلم لە خەونی هەزارەها خەڵك لە

یەك کاتی شەودا ئایە خودی لەتیفەکانە کەرت دەبێ یان خودی ڕووحی ئەو نازدارەیە دابەش دەبێ بۆ هەزارەها زاتی خۆی و لە هەموو شوێنەکان دەردەکەوێ؟ ئەگەر بڵێن: لەتیفەکان کەرت دەبێ. ئەو کاتە ئێمەش دەیڵێین: کەواتە لەتیفەکان لەشوێنی خۆیان جێگیرن و تەنیا دابەش دەبن بۆ چەندەها شێوەی خۆیان.

بەندە پێی وایە بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی کە لەنێوان ڕووح و لەتیفەکاندا هەیە زۆر ئاڵۆزە ئاوا بە ئاسانی دیاری بکرێ، بەس ئەوەندەی لێی تێڕاما بم پێم وایە خودی ڕووح دابەش دەبێ، بەڵام چوونە ناو ڕەهەندی لەتیفەکان ئەوە بابەتێکی ترە، وە هەر چوونێك ڕوودات بۆ نێو ڕەهەندەکان ئەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەچاوی ڕووحی و ڕووحی ئەو کەسەوە هەیە، بۆ نموونە هەر لەتیفەیەك بەبۆچوونی ساداتمان

کاتێ کە دەردەچێ لەکاتی ئەو دەرچوونە هەست بە خودی زاتی ڕووحی خۆی دەکات کە دانیشتووە یان پاڵکەوتووە، وە لە هەمان کاتیشدا هەست بە دەرچوونیش دەکات، واتە: وەکوو دەرچوونی ڕووح لەلاشە نییە کاتێ کە مرۆڤ دەمرێ و پەیوەندییەکەی دەپچڕێ، ئەمە زۆر جیایە. ئەوەش بزانە لە بۆچوونە نێو ڕەهەندی عەقڵ دەکرێ لە حاڵەتی بێداریشدا بێ تەنیا چاو دادەخرێ و دەچێتە نێویەوە، ئەمە زۆر بەکەمی بۆ کەسەکان بەدەست دێت، وە بەچاوی سەریش زۆر زۆر دەگمەنە بەڵام مومکینە ببینرێ. إن شاء الله دواتر بەدرێژی لەسەر جۆری زیکرەکانیش دەنوسین کە زیکرە ئاشکراکان کاریگەریان لەسەر لەتیفەکان زیاترە یان زیکرە پەنهانەکان؟!!

# لەتیفەی نەفس

خۆشەویستان تەبعەن هەستەوەرترین لەتیفەو بابەتە کە ئێمە لەو بەشەدا بۆتانی باس بکەین، چونکە ڕەهەندێکە تایبەتە بەحەزو ئارەز و شەهەواتەکان، ڕەبتێکی سەدا سەدی لەگەڵ شەیتاندا هەیە، شەیتان بەبەردەوامی لەنێویدا ڕۆڵ دەبینێ، ئیللا ئەو کاتە نەبێ کە ئەو نەفسە کۆنترۆڵ کرا، وێڕای کۆنترۆڵ کردنیشی هیچ ئەمانێك نییە تا ئەو مرۆڤە پاڵ کەوێ و بلێت ڕزگارم بوو لە دەست نەفسم.

## شوێنەکەی

هەروەك گوتمان شوێنەکەی لە نێو چەواندایە. بەڵام هەندێکیش پێیان وایە لەخوار ناوکەوەیە. بەڵام ئەوە ڕاست نییە، بەڵکوو لەنێو چەواندایە.

## ڕەنگەکەی

هەندێ کەس پێیان وایە لەخوار ناوکەوەیەو ڕەنگەکەشی زەردە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، وە هەشە دەڵێ: ڕەنگەکەی شینە، ئەمەش تا حەددێك ڕاستە بەڵام هەر جێگای نەزەرە، دەکرێ ئەو کاتە ڕەنگی شین بێت کە بەرەو کامڵبوون دەڕوات، بەڵام شێخ عەلی ئەفەندی بەپێچەوانەی ئەمانە دەفەرمووێ: "لەتیفەی نەفس بەرەو بێ ڕەنگی خۆی دەنوێنێ، بەڵام بەهۆی هەڵگەڕانەوەی نووری لەتیفەکانی تر لە ناو ئەودا بەهەموو ڕەنگێگ خۆی دەنوێنێ". وتەکەی شێخ عەلی ئەفەندی جێگای نەزەرە، ئەو وتەیەی ڕاستە کە ڕەنگی لەتیفەکانی تر کاریگەریان لەسەری هەیە بەڵام لەبنەڕەتدا ڕەشە یان لێڵ و ناڕوونە، ئەم ناڕوونییەش لە ئیماندارێکەوە بۆ ئیماندارێکی تر دەگۆڕێ، بۆ نموونە مونافیقێك یان

موسڵمانێکی موجریم ئەمانە نەفسیان یەکپارچە ڕەشە، ئەو ڕەشایەتییەش ناڕوا ئیللا بە چەند شتێك نەبێ کە لەبەشەکانی داهاتوودا دێینە سەرێ إن شاء الله.

## داخیل بوون بۆ نێو ڕەهەندەکە

ئەمەش لە ڕێی قووڵبوونەوە لە بیرکردنەوە یان بیرکردنەوەو زیکری زمان یاخود زیکری قەلبی یان تەڵیسم جادوو ئیتر دەچیتە نێو ئەو ڕەهەندەوە، لەنێویدا دوو حاڵەت هەیە کە لەمەو پێشدا ئەم دوو حاڵەتە لەلایەن مەشایخەکانەوە باسی لێوە نەکراوە، ئەم دوو حاڵەتەش ئەمانەن:

١ـ حاڵەتی یەکەم بێ هێزییەکی لە ڕادەبەدەری کاریگەری عەقڵ لە نێویداو لەدەست دەرچوون لەژێرفەرمانی عەقڵ، بۆ نموونە با بۆتانی ڕوون بکەمەوە، مورید بیر لە ئافرەتێکی نامەحرەم دەکاتەوە، لە هەر ئەگەرێکدا بچێتە نێو ئەو

ڕەهەندەوە لە سێ حاڵەت بەدەر نییە، یان شەیتان لەسەر شێوەی مەحرەمی خۆی بۆی دێ یانیش لەسەر شێوەی کەسێکی تر یانیش ئاساییەو شتی تر دەبینێ، جا خوانەخواستە ئەمان لە هەردوو حاڵەتی یەکەم و دووەم هەر نزیکبوونەوەیەك ڕوو بدات عەقڵ کاریگەری نییە تا کۆنترۆڵت بکات، بەڵکوو جووتبوون ڕوو دەدات ئەمەش کارەساتە، وە جوتبوونەکەش وەکوو خەو نییە، وە وەکوو بێداریش نییە، بەڵکوو لەو نێوەندەدایەو زیاتر لەبێدارییەوە نزیکەو وا دەزانی ڕاستە، وە چارەسەری ئەم بابەتەش بەر لە زیکر کردن سێ ئایەتی کورسی بخوێنێت، وە هەروەها هەرکاتێك کەوتە نێو ئەو تەنگەتاوییە با چاوی سەر زوو بکرێتەوەو شتەکان کۆتاییان پێ دێت، ئازانن بۆ ئەمە ڕوودەدات؟ بۆچی خوای گەورە ئیزنی شەیتان دەدات لەسەر شێوەی مەحرەم بۆ ئەو موریدە بێت؟ لەبەرئەوەی ئەگەر مورید مورید بێ چۆن بیر لە ئافرەتی خەڵك دەکاتەوە لە

کاتێکدا وەکوو دایك و خوشکی ئەو وان. تا فێری ئەوەی بکات ئەوەی تۆ بیری لێ دەکەیەوە بەرامبەر ئەو ئوممەتە ئەوە وەکوو ئەوە وایە بیرت لە دایك و خوشکی خۆت کردبێتەوە. بێگومان هیچ کەسێکیش بیر لە دایك و خوشکی خۆی ناکاتەوە، ئیتر ئا بەو جۆرە پەروەردە کردارییە ئەم موریدە پەروەردە دەبێ و لە گوناهە گەورەکانی ژۆرێ پاك دەکرێتەوە، سەبارەت بەوەش کە ئایە ئەوە بەزینا هەژمار دەکرێ لە زاهیری شەرعدا؟ بێگومان نەخێر، چونکە ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام لەسەر زاهیر بونیات نراوەو ژوورەوەش لەسەر خودایە، بەڵام بێگومان بەگوناهێکی گەورەی ژوورەوە هەژمار دەکرێ و یەکێکە لە تاوان و نەخۆشییەکانی ژوورەوەی نەفس و دەبێ خۆی لێ ڕزگار بکات، وە سەبارەت بەبینینەکەش ئاساییەو لێڵ و ناڕوون نییە.

وه ئەوەش بزانە ڕەهەندی جنۆکەکان لە لەتیفەی نەفس زۆر زۆر نزیکەو لەوێوە داخیلی نێو ڕەهەندی جنۆکەکان دەبێ، بینینی ئەوانیش هەر یەکەو بەجۆرەها شکل کە خوای گەورە بەدیهێناون، إن شاء الله لەلەتیفەی قەلبدا باس لەوە دەکەین چۆن لەنێو ڕەهەندی قەلبیشدا مرۆڤ دەکەوێتەوە نێو ڕەهەندی جنۆکەکانەوە.

٢ـ حاڵەتی دووەم: هەموو لەتیفەکان لەنێو خۆیاندا دەتوانن بڕواننە نێو ڕەهەندی لەتیفەکانی تر، بۆ نموونە لەنێو لەتیفەی نەفسدایت و دەڕوانییە نێو ڕەهەندی دڵ، چونکە لەبەر ئەوەی زۆرترین پەیوەندی لەنێوان نەفس و شەیتان و دڵدایە، زۆرترین بینینیش لەنێو ئەو ڕەهەندانە ڕوو دەدەن، جا لێرەدا لێڵی یان تاریکی یان ڕوونی و ڕووناکی نەفس بەدیار دەکەوێ، ئەگەر نەفس لێڵ بێ شتەکانی نێو ڕەهەندی دڵ واتە: ئەو

موشاهەدەیەی کە لەدڵدا پێی نیشاندراوە بە نارِوونی دەبینێ، ئەگەر نەفسیشی تاریك بێ هیچ نابینێ، وە ئەگەر رِووناکیش بێ شتەکان بەرِووناکی دەبینێ.

**ئاگاداری:** مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم رِەهەندە پێویستی بەسێ شتی زۆر سەرەکی هەیە: مورِشیدی کامڵ تا لەو مەقامە رِزگارت بکات و دووچاری فێڵ لێ کردن و گوناهـ نەبیت، وە هەروەها تاوەکوو یارمەتیدەرت بێت لە برِینی مەقامەکانی نەفس و بەرەو کەماڵی نەفسی برِۆیت. وە هەروەها پێویستی بەزانستی شەرِعی و زانستە شەرِعییە قەلبییەکان هەیە تاوەکوو رِێگاکەی لەلا رِۆشن بێت و دووچاری فێڵی شەیتان نەبێت و بەرەو ساحیرێتی و گومرِابوون و کافرێتی و سەرلێشێواویەت نەرِوات، کە زۆربەی ئەو کەسانەی لەناو تەرِیقەت دەبنە ساحیر، وە ئەو هیندۆسی و بوزاییانەش کە بەقووڵی یۆگا

دەکەن بە دروشمەکانیانەوە لەو ڕەهەندەوە لەلایەن شەیتانەکانەوە فێڵیان لێکراوە. کە دواتر باس لە گومڕایی یۆگاچییەکانیش دەکەین کەشەیتانەکان چۆن ئەوانیان وێڵ و سەرگەردان کردووەو لە چ ڕێگایەوە بۆ ئەوان هاتووە؟!!!

جا عەجایب بۆ ئێمە کە دەڵێین: دڵمان پاکەو حەقیقەتی نەفسی خۆشمان نەبینیوە، توخوا بۆ جارێکیش بێ لە ژیان با سەفەرێك بۆ نێو ڕەهەندی نەفسی خۆمان بکەین تا بزانین ئێمەی مرۆڤ چین، وە چۆن لەنێو بازنەی نەفسی منێتی من مندا دیل و سەرشۆڕین لە بری تۆیی تۆیی ئازادی خوداییدا.

## ئەو شەیتانەی کە لەگەڵ مرۆڤە شێوەی چۆنە؟

لەو ڕۆژەوەی کە مرۆڤ لە دایك دەبێ شەیتانێك لەگەڵی دا دەبێ تا ئەو کاتەی کە دەمرێ، بێگومان هەموو شەیتانێکیش شکل و شێوەی تایبەتی خۆی هەیە، جا لەو بەشەدا تیشك دەخەینە سەر شێوەی ئەو قەرینەیەی کە لەگەڵ ئێمەی مرۆڤایەتیدایە.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێ: (إِنَّ الشَّيْطَانَ وَاضِعٌ خَطْمَهُ عَلَي قَلْبِ ابْنِ آدَمَ، فَإِنْ ذَكَرَ اللهَ خَنَسَ، وَإِنْ نَسِيَ الْتَقَمَ قَلْبَهُ، فَذلِكَ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ)[1]. واته:

---

[1] زەعیفە. تەبەڕانی لە (الدعاء)(ل٥٢١/ژ١٨٦٢). وە ئەبو یەعلا لە (مسند أبي يعلي الموصلي)(ب٧/ل٢٧٨/ژ٤٣٠١). وە لێرەش ڕیوایەتی کردووە (المقصد العلي في زوائد أبي يعلي الموصلي)(ب٣/ل١١٩/ژ١٢١٣) هی ئەبو حەسەن عەلی کوڕی ئەبو

**بێگومان شەیتان لووتی خۆی لەسەر دڵی ئادەمیزادەکان داناوە، جا ئەگەر بێت و ئەو کەسە زیکرو یادی خوای گەورەی کرد ئەوە دوور دەکەوێتەوەو لووتی لا دەدا، وە ئەگەر زیکرو یادی خوای گەورەشی لەبیر کرد ئەوکاتە دڵی**

---

بەکری کوڕی سلێمانی هەیثەمی (و٨٠٧هـ). وە ئیبن و ئەبی دونیا لە (مکائد الشیطان)(ژ١٣) باب الثاني. وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٦/ل٢٦٨) طبعة دار الفكر. وە ئیبن و شاهین لە (الترغيب لإبن شاهين)(ل١٨٩/ژ١٥٤) طبعة دار إبن الجوزي. وەکوو تەبەڕانی و ئەبو یەعلا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتیان کردووە، وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ب٢/ل٧٥/ژ٥٣٦) طبعة مكتبة الرشد. لە ئەنەسەوە ڕیوایەتی کردووە. (لەبەر کورت کردنەوەی نوسینەکە پەراوێزی یەکەمم کورتکردەوە ئەگینا زانیاری گرینگی ترم بەدرێژی لەسەر ئەم ڕیوایەتە نوسی بوو).

ئەو کەسە وەکوو لوقمەو پارو قووت دەدات، جا ئەگەر ئەو حاڵەتەی بەسەرهات ئەوە پێی دەگوترێ وەسوەسەی خەنناس.

وە هەروەها ئەم ڕیوایەتەش هاتووە (مَا مِنْ مُؤْمِنٍ إِلاَّ عَلَى قَلْبِهِ شَيْطَانٌ إِذا ذَكَرَ اللهَ خَنَسَ، وَإِذا نَسِيَ اللهَ وَسْوَسَ)[١]، واتە:

[١] صەحیحە. ئیبن و ئەبی شەیبە لە (مصنف إبن أبي شيبة)(ب٧/ل١٥٠/ژ٣٤٧٦٣) طبعة دار الكتب العلمية. بەو شێوازە بە مەوقوفی لە ئیبن و عەبباسەوە ڕیوایەتی کردووە: (الشيطان جاثم علي قلب إبن آدم، فإذا سها وغفل وسوس، وإذا ذكر الله خنس). وە زیائی مەقدیسی لە ئیبن و عەباسەوە بەو شێوازە ڕیوایەتی کردووە: (يولد الإنسان والشيطان جاثم علي قلبه، فإذا عقل وذكر الله خنس، وإذا غفل وسوس)، جا لێکۆلەری کتێبەکەی أستاز دکتۆر عبد الملكی کوڕی دوهێش ئەفەرمووێ: "سەنەدەکەی صەحیحە" بڕوانە: (الأحاديث المختارة)(ب١٠/ل٣٦٧/ذ٣٩٣) ط. دار خضر. (پەراوێزەکەم

هیچ ئیمانداریٚ نیە ئیللا لەسەر دڵی شەیتانێك هەیە، جا هەرکاتیٚ زیکرو یادی خوای گەورەی کرد ئەوە دوور دەکەوێتەوە، وە هەرکاتێکیش خوای گەورەی لە بیر کرد ئەوە دووچاری وەسوەسەو ختووکەی دەکات.

هەروەها ئیمامی سیوطی لە خاوەنی کتێبی (الذم الوسوسة لإبن أبي داود) هێناویەتی: (أخرج ابن أبي داود عن ابن عباس في قوله :الوسواس الخناس قال: مثل الشيطان كمثل ابن عرس، واضع فمه على فم القلب فيوسوس إليه، فإذا ذكر الله خنس، وإن سكت عاد إليه فهو الوسواس الخناس)[1] واتە: ئەبوکری

---

کورتکردەوە ئەگینا زانیاری گرینگی ترم بەدرێژی لەسەر ئەم ڕیوایەتە نوسی بوو).

[1] (تفسير الدر المنثور للإمام السيوطي)(ب١٥/ل٨٠٥) ط. مركز هجر.

کوڕی ئەبو داود[1] لە ئیبن و عەبباسەوە ڕیوایەتی کردووە سەبارەت بە تەفسیری ئەو ئایەتەی (الوسواس الخناس) ئەوە دەفەرمووێ: نموونەی شەیتانی وەکوو نموونەی ئاژەڵی دەڵەك وایە، دەمی خۆی خستووەتە سەر دڵی مرۆڤـ، جا ئەگەر زیکرو یادی خوای گەورەی کرد ئەوە دەمی خۆی لادەباو دوور دەکەوێتەوە، وە ئەگەر زیکرو یادیشی نەکردو بێ دەنگ بوو ئەوکاتە بۆی دەگەڕێتەوەو ئا ئەمەیە پێی دەگوترێ (الوسواس الخناس). وە هەروەها دووبارە ئیمامی سیوطی هەر لە تەفسیرەکەیدا ئەم ڕیوایەتانەشی هێناوە: سەعیدی کوڕی مەنسورو ئیبن و ئەبی دونیاو ئیبن و مونذیر لە عورِوەی کوڕی ڕووەیمەوە ڕیوایەتیان کردووە کەوا حەزرەتی عیسا داوای لە خوای گەورەی کرد شوێنی شەیتانی لە نێو جەستەی مرۆڤدا

[1] تێبینی: حافیزی ئەبوبەکری کوڕی ئەبو داود ئەوە کوڕی حافیزی ئەبو داودە کە خاوەنی کتێبی (سنن أبی داود)ە.

پێ نیشان بدات، ئەوەبوو خوای گەورەش بۆی دەرخست سەری وەکوو مار وابوو، وە خستبوویە سەر دڵی مرۆڤی، جا ئەگەر بێت و زیکرو یادی خوا بکات ئەوە دوور دەکەوێتەوە، وە ئەگەر یادیشی نەکات ئەوە سەری دەخاتە سەر دڵ و قسەی بۆ دەکات. وە دووبارە دەفەرمووێ: سوهەیلی لە عومەری کوڕی عبد العزیزەوە ڕیوایەتی کردووە کەوا دەفەرمووێ: "پیاوێك داوای لە خوای گەورە کرد کەوا شوێنی شەیتان لە نێو جەستەی مرۆڤ پێ نیشان بدات، ئەوەبوو لاشەیەکم بینی لە دەرەوە ناوەوەی دەبینرا (واتە: شەفاف بووە یاخود بلێین وەکوو ووزە یاخود وەکوو ڕووح بووە لە شەفافیان)، جا شەیتانم بینی لە شێوەی بۆقا کە لە نێوان شانی و دڵیدا بوو، وە

لووتێکی هەبوو وەکوو لوتی مێش ـ پێشوولە، جا خستبوویە نێو دڵیەوەو وەسوەسەی بۆ دەکرد"[1].

وە لە سەعلەبەی خەشەنیەوە ڕیوایەت کراوە کەوا فەرموویەتی: "لە خوای گەورەم داواکرد کە شوێنی شەیتانم لە جەستەی مرۆڤدا پێ نیشان بدات، بینیم دەستەکانی لە نێو دەستەکانی مرۆڤەکە بوو، وە پێکانیشی لەناو پێیەکانی بوو، وە جەستەشی دوور بوو لە مرۆڤەکە (واتە: بۆشاییەك هەبووە لە نێوان ئەو و مرۆڤەکە)، تەنیا ئەوە نەبێ لووتێکی هەبوو وەکوو لووتی سەگ، جا ئەگەر زیکرو یادی خوای گەورەی بکردایە

---

[1] ئەتوانی سەیری ئەو کتێبەشی بکەی (لقط المرجان في أحكام الجان للحافظ السيوطي)(ل٨٤).

ئەوە لـووتی لائەداو دوور دەکەوتەوە، وە ئەگەر بیٚ دەنگیش بایە لـە زیکری خوای گەورە ئەوە دڵی ئەگرت"[1].

وە هەروەها ئیمامی بەغەوی دەفەرمووێ: "قەتادە دەفەرمووێ: خەنناس (مەبەستی شەیتانەکەیە) لـوتێکی هەیە وەکوو لـوتی سەگ و لـە نێو سینگی مرۆڤدایە"[2].

وە ئیمامی شەوکانیش دەفەرمووێ: "موقاتیل دەفەرمووێ: بێگومان شەیتان لـە شێوەی بەراز لـە نێو دەمارەکانی مرۆڤ هاتووچۆ دەکات وەکوو هاتووچۆ کردنی خوێن، ئیتر خوای گەورە بەو شێوازە زاڵی کردووە، جا وەسوەسەکەی ئەوە

---

[1] بروانة: (التعري الشيطاني للمؤلف عدنان الطرشة)(ل١٩) طبعة مكتبة العبيكان. وة (حقيقة الجن والشياطين)(ل١٠١).

[2] بروانة: (تفسير البغوي)(ب٨/ل٥٩٧) طبعة دار طيبة.

بانگ کردنە بۆ گوێڕایەڵی کردنی بە وتەیەکی شاراوە کە ئەگاتە دڵ بەبێ گوێبیست بوونی دەنگ"[1].

**پوختەی بابەتەکە:**

ئادەم لە قوڕ دروستکراوە، وە جانی باپیرە گەورەی جانیش لە ئاگرێکی پاك و بێخەوش، ئەمما ڕۆڵەکانی ئادەم لە ئاون وە نەوەکانی جانیش پێم وایە لە ماددەی ڕەش دروستکراون کە وەکوو دوکەڵی ڕەش وان، ئەمانە ووزەنە دەتوانن خۆیان بخەنە سەر هەموو شێوەیەك، وە هەشیانە زەوئیە لە ڕوناکینە. جا ئەو قەرینەش شێوەی خۆی دەگۆڕێ لەو گیاندارەوە بۆ ئەو گیاندارە، بۆیە دەکرێ ئەو قەرینەیە بە چەندەها شێوازی تر خۆی نیشانی مرۆڤەکان بدات گەر خوای

[1] برِوانة: (تفسير فتح القدير)(ب٥/ل٦٤٣) طبعة دار الكلم الطيب.

گەورە ویستی لەسەر بێت، ئەمە هیچ دژایەتیەکی لەگەڵ گشت دەقەکانی سەرەوە نیە، ئەوەی کە زۆر زۆر گرینگە ئەوەیە لەسەر دڵی مرۆڤەو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەدڵ و نەفسەوە هەیەو وەسوەسەیان بۆ دەکات، وە توانای هەیە لەهەر سێ ڕەهەند خۆی دەربخات بەچەندەها شێوە، لەڕەهەندی عەقڵ، لەڕەهەندی دڵ، لە ڕەهەندی نەفس، وە لەسیستەمی جنۆکەکان سیحر زۆر زۆر باوەو زۆر زیاترە لەمرۆڤەکان، بۆیە جنە موسڵمانەکانیش سیحر دەزانن و خۆیان شێوازی شکڵی نێو هەر سێ ڕەهەندەکە لەپێش چاوی سەرت یاخود چاوی ژوورەوەت دەگۆڕن ئەگەر بیانەوێ، وە حەقیقەتێکیش هەیە ئەو قەرینەی کە لەگەڵ مرۆڤدا دانراوە تایبەتمەندی جیاوازی لەگەڵ گشت جن و شەیتانەکانی تر هەیە، بۆ نموونە کەسێك سیحری لێ کرابێ یاخود زۆر زۆر ترسا بێ ئیتر جنی تر یان دێتە ناو جەستەی یانیش لە دەورو بەری کۆ دەبنەوە، جا

ئەگەر کەسێك ڕووقیەی بۆ خوێند یانیش بەخۆی ڕوقیەکەرێکی زۆر بەهێز بوو دەتوانێ گشت جنەکان دەربکات جگە لە قەرینەکەی خۆی نەبێ چونکە خوای گەورە وای داناوە ئەو ووزەی کە لەکاتی خوێندنی قوڕئانەکەدا دروست دەبێ گشت جن و شەیتانەکان دەسوتێنێ و دەریان دەکات تەنیا ئەو نەبێ، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەو مرۆڤە چەندە دیندارو خواناس و چاکەکار بێ ئەوە هێزی وەسوەسەی قەرینەکەی کەم دەبێتەوە، وە ئەوەش بزانن جگە لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هیچ وەلیەك لەو قەرینەیە پارێزراو نەبووە، چونکە قەرینەکەی پێغەمبەرمان صلی الله علیه وسلم موسڵمان بووە لەسەردەستی سەروەرمان، ئەمەش لە فەرموودەی صەحیحدا چەسپاوە والله أعلم.

وە جگە لەپێغەمبەری خواش صلی اللہ علیه وسلم کە لێی مەنع کراوە ئەوە دەتوانێ شکلی خۆی بگۆڕێ بۆ شێوەی هەموو مرۆڤێك هەتا شکلی مورشیدە کاملەکانیش، بەندە بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەم کە شێخی حوسام الدینی نەقشبەندی ڕەحمەتی خوای لێ بێ کە لەسەری بووە، هەروەکوو ڕۆژێکیان موریدێکی دێتە لای و پێی دەڵێ: "قوربان لە کاتی ڕابیطە شەیتان لەسەر شێوەی ئێوە دێتن بۆ لام"، ئەویش پێی دەڵێ: ئەگەر لەشێوەکە کەم و کوڕییەکت بینی ئەوە شەیتانە، ئەگەر نەتبینی ئەوە منم". جا ئەو بۆچوونە سەلامەت نییە بۆ مورید، بەڵکوو وا وردترو سەلامەتر دەبوو پێی بگوتایە: "ئەگەر هەر شێوەیەکت بینی لەکاتی ڕابیطە ئەوە بسم اللە لەگەڵ ئایەتولکورسیەك بخوێنە یان سەرەتای سورەتی بەقەرە بخوێنە، ئەگەر ڕۆیشت ئەوە شەیتانە، ئەگەر ماوەش ئەوە حەقیقەتی کەسەکەیەو مەترسە"، جا ئەمە سەلامەترین ڕێگایە بۆ

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کائینە کە شەیتانە، خۆم دوو حاڵەتم بینیوە یەکەمیان: شەوێکیان لەحاڵەتی خەو و بێداریدا لەڕەهەندی قەلب شێخێکم بینی دوو کەسیشی لەلابوو، شێوەی شێخەکەش کەم و کوڕی نەبوو، ئەوانەی کە لەگەڵ شێخەکە بوون بەمنیان گوت: دەبێ بیپەرستی، منیش گوتم: دەکرێ گوێڕایەڵی بکرێ ئەمما پەرستن نەخێر. جا لەترسان چاوی سەرم کردەوە، دواتر چاوم داخستەوەو وەنەوز زۆری پێهێنام و دووبارە خۆم لەڕەهەندی قەلبەوە بینییەوە، بەڵام جێگاکە گۆڕابوو، هەمان شێخ و کەسەکان لەوێ بوون، هەمان قسەیان پێ گوتم و منیش بەرەو ئاسمان ڕام کرد، شێخەکە فەرمانی کرد بمگرن، منیش لەترسان چاوی سەرم کردەوە، دواتر قورئانێکم لەسەر سینگم دانا ئیتر وازیان لێم هێنا.

حاڵەتی دووەم: ڕۆژێکیان شەیتانم بینی لەخەو و پێم گوت: خۆت بگۆڕە بۆ شێوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەویش گوتی: "ناتوانم"، بەڵام یەکسەر شێوەی خۆی گوڕی بۆ شێوەی ئیمامی حوسێن سەلامی خوای لەسەر بێ، دوای ئەوە خۆی گۆڕی بۆ شێوەی ئافرەتێکی پیری پشت چەماوەی بەساڵاچوو کە بەشوێن لەتە نانێکەوە دەگەڕا. جا ئەگەر بتوانێ خۆی بگۆڕێ بۆ شێوەی ئیمامی حوسێن ئەی چی بە شێخە کامڵەکان؟ کامە لە شێخە کامڵەکان لە ڕەیحانەکەی پێغەمبەری خوا کامڵترە؟ کابرای شیعە وتی: لەخەودا ئیمام حوسێن گوتی گولـــلە لەخۆت بدە، ئەوەبوو فیشەکی لەخۆی داو خۆی کوشت بەبەرچاوی هەموو خەڵکی عێراق....

حاڵەتی سێیەم: کە بەسەر هاوەڵێکم هاتبوو، بۆی گێڕامەوە: ڕۆژێکیان نامەی بۆ ناردم و پێی گوتم: "مامۆستا ڕەزوان ئەوێ ڕۆژێ پیاوێکی پیرم لەحەوشەی مزگەوت بینی، منیش چوومە لایی و پێم گوت تۆ کێی؟ وتی: خدرم، واتە: خدری زیندەم، ئیتر دەستی بەمەدح کردنی من کردو لە موستەقبەل دەبیتە زاناو وەلی و شتی تر، منیش دڵم خۆش بوو و دەستم ماچ کرد، دواتر چوومە ناو مزگەوت نوێژی سوونەت بکەم ئەویش بەدوامەوە هات و لەدوامەوە نوێژی دابەست، لەناو نوێژەکە بینیم دواوەم هەمووی بووەتە شێوەی ئەو پیاوە پیرە، واتە: خەڵکێکی زۆر لەدوامەوەیە هەمووی لەسەر شێوەی خدرە. منیش پێم گوت: ئەگەر ئەوجارە ئەو پیاوە پیرە هاتەوە لات قورئان بخوێنە بزانە دەڕوا یاننا، ئێمە لەکاتی قسەکردن بووین بەنامە ئەو هاوەڵەم گوتی: مامۆستا پیاوەکە هاتەوە، لەوکاتە پێی گوتبوو دەست نوێژ هەڵدەگرم ئیتر ڕووخساری بەرەو لێڵ

بوون و تەڵخ بوون ڕۆیشت، دوای ئەوە نەماو بزر بوو، منیش بە هاوەڵەکەم گوت: "دەزانی ئەوە کێ بوو؟ ئەویش گوتی کێ بوو؟ گوتم: ئەوە شەیتان بوو...، هاوەڵەکەم بێزی لەخۆی هاتەوەو یەعی کرد کە دەستی پیسی شەیتانی ماچ کردووەو شەیتان خۆی لێ کردبووە خدری زیندە.

هەر بۆیەش هیچ ئەمانێك نییە، ئای چەندین کەسی لەخەڵوەکاندا فریو داوەو لەویلایەتی خوا دووری کردوونەتەوە، وە زۆرێکیشی کردە ساحیرو کاهین، پەنا بەخوای باڵادەست.

# لەتیفەی دڵ

لەمەوپێشدا وتمان کە دەکەوێتە لای چەپەی سینگ و چوار پەنجە لەخوار مەمکەوەیە، سەبارەت بەڕەنگەکەشی خیلاف هەیە، هەیە پێیان وایە ڕەنگی زەردە، وەهەشە دەڵێ ڕەنگی سوورە، بەندە پێی وایە ڕەنگی لەتیفەی دڵ دەگۆڕێ، ئاڵوگۆڕ دەبێ لەنێوان دوو ڕەنگ ڕەش و سپی. بەڵگەشم فەرمایشتێکی خۆشەویستمانە کە دەفەرمووێ: "مرۆڤ کاتێ گوناهـ دەکات دڵی خاڵێکی ڕەشی لێ پەیدا دەبێ، ئەگەر چاکەی کرد ئەوە ڕەش دەبێتەوەو سپی دەبێ". بێگومان ئەو ڕەشی و سپیەش لەگەڵ لەتیفە قەلبییەکەیە نەك قەلبە ماددیەکە کە پێکهاتووە لەگۆشت و خوێن. بێگومان ئەو لەتیفە قەلبییەش لەتیفەیەکە لەناو ڕووح کە هەزارەها نهێنی تێدایە، گرینگترین نهێنیش ناسینی خوای مەزن و خۆشەویستی و هەموو بەها جوانەکانی

مرۆڤایەتییە. وە بەهۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆی شەیتان و نەفس و لەتیفەی عەقڵی کەلـلـەی سەر کاریگەری لەسەر لەتیفەی دڵ دەبێت، وای لێ دێ هەموو بەها ناشیرینەکانی مرۆڤایەتی لەو لەتیفەدا کۆدەبێتەوە، وەکوو وێستگەیەکی وەرگر وایە، کامەی بدێ وەری دەگرێ، هەربۆیەش خوای گەورە کاتێ باسی کافرەکان و مونافیقەکان دەکات لەگەڵ ئەوەش باسی دڵیشیان دەکات کە ئیمانیان وەرنەگرتووە، ئەمەش بەهۆی کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەو سێ لەتیفەوە ئیتر هەر مرۆڤێکی مونافیق و کافر بەهۆکارێك ئیشارەتە سلبی و خراپەکانی بۆ دڵ ناردو لە دواجار ئەویش ئیشارەتە سلبی و خراپەکانی بەسەردا زاڵ دەبێ و دەبێتە لەتیفەیەکی ڕەش. بەڵام بینینی شتەکانی نێوی ئەگەر لەناو خودی لەتیفەکە واتە ڕەهەندی دڵ شتەکان ببینی ئەوە بینینەکە بەپێی ڕووناکی و تاریکی دڵەکەیە، کەسی وا هەیە دڵیشی ڕەشە شتەکانی نێوی بەڕووناکی دەبینێ.

بەڵام ئەگەر لەناو لەتیفەی نەفس بڕوانیتە ڕەهەندی دڵ ئەوە بینینەکە بەپێی ڕووناکی و تاریکی و سافی و لێڵی نەفسەکە دەبێ. وە ئەوانەیش کە پێیان وایە ئەوەی ئەو لەتیفەی بکرێتەوە ئەوە مەملەکەتی جنۆکەکانی پێ نیشان دەدرێ ئەوە کورتکردنەوە تەنیا لەڕەهەندی جنۆکەکان هەڵەیە، بەڵکوو نەك هەر ڕەهەندی جنۆکەکان بگرە ڕەهەندی بەرزەخ و فریشتەو ڕووحەکانیشی پێ نیشان دەدرێ ئەمەش ئەگەر خودا ویستی لەسەر بێ. وە چوونە نێو ڕەهەندەکەش لەحاڵەتی خەو و بێداریدا جەستە سڕ دەبێ وەکوو ئەوەی تەزوویەکی بەرکەوێ. ئینجا دەچێتە نێویەوە، وە هەروەها لەحاڵەتی بێداریش ئاساییە مرۆڤ بچێتە نێویەوە، بەزۆری ئەوانەی ئەو ڕەهەندە دەبینن لەحاڵەتی خەو و بێداریدایە، وە زۆرێکیش هەن تەنیا چاویان دادەخەن دەچنە نێویەوە، وە کەم کەسیش هەیە بەچاوی سەر دەچنە نێویەوە. جا ئەوانەی کە لەحاڵەتی

خەو و بێداری و بێداری و چاو داخستن دەچنە نێویەوە شتەکانی نێوی بەتەواوەتی دەبینن و لەبیریان ناچێتەوەو بینینەکە لەهەرسێ حاڵەت ڕاستەو هەست پێکراوە. وە زۆر جاریش لەکاتی گەشتەکانی ژووروە لەڕەهەندێکەوە دەچێتە ڕەهەندێکی تر.

# لەتیفەی ڕووح

ئەم لەتیفەیەش وەك گومان دەكەوێتە لای ڕاستەو چوار پەنجە لەخوار مەمكەوەیە، لەتیفەی ڕووح زۆر عەجایبە. لەو ڕەهەندە شەیتان بوونی نییەو ناتوانیٚ بێتە نێویەوە. داخیل بوونیش بۆنێوی مەرجە پەردەكانی لابدرێت كە لەبەشەكانی داهاتوو ان شاء اللە باسی لێوە دەكەین، تەنیا ئەوە هەیە بیزانە كاتیٚ كە داخیلی نێو ئەو لەتیفە دەبی لای ڕاستەت واتە شوێنی لەتیفەكە سڕ دەبیٚ و هەست دەكەی دەخوولێتەوەو توندو گرژ دەبیٚ، كە داخیلیش بووی خۆت وەكوو دنكە نیسكێك لەفەزایەك بەس خوا دەزانیٚ چییە دەبینیەوە ئەو فەزایەش جاری وا هەیە جۆرەها ڕەنگە لەگەڵ نزیك بوونەوەت لە شتێك لێرەدا جەستەت دووبارە تەزوویەكی زۆر زۆر نەرمی پیٚ دەكەویٚ وەك بلێی ڕووح كەوتووەتە ناو ئەصڵی خۆیی و

گەڕاوەتەوە ناو ئەصڵەکەی، ئەو تەزووەش جەستە ماددیەکەش دەگرێتەوە لەتەوقی سەرت تا پێکانت، واتە ڕووح و جەستەت لەگەڵ لەتیفەکانیش گشتیان هەست بەو تەزووە زۆر نەرمە دەکات، بۆیە ناوی تەزووم لێ هێنا بۆ نزیکخستنەوە لەعەقڵی سەردەم. ئەی نەتبیستووە لەخۆشەویستمانەوە کە دەفەرمووێ: خوای گەورەم بینی و پێی گوتم: ئەی محمد صلی الله علیه وسلم ئێستاکە لە ئاسمانەکان چی دەگوزەرێ، ئەویش نەیزانی، خوای گەورەش دەستی بەر جەستەی خۆشەویست کەوت، خۆشەویست ئەو حاڵەتەی بە ساردیەك وەسف کرد کە بەر جەستەی کەوتووبێ، ئەم وەسفەشی بۆ حاڵی کردنی ژیری هاوەڵان بووە. بێگومان خوای گەورە جەستەو جسمانیەت نییە، ئەوەی کە خۆشەویستیش بینیویەتی سیفاتی جوانی ئیمانی خۆشەویستمان بووە نەك تەسەوری زیهنی خۆشەویست بەرامبەر زاتی خوای مەزن، کەواتە هەرکاتێ ڕووح گەیشت

بەبنەڕەتی ئەوە ئەو حاڵەتەی تووش دەبێ و وەك بلێی نوورانی و بێدارەوەبووبێ.

ئەوەش بزانە جاری وا هەیە لەناو ڕەهەندی قەلبی ئەوێی بەچاوێك دەبینی، کەچی لەناکاو چاوێکی تریشت بۆ دەبێتەوە بۆ چوونە نێو ڕەهەندی ڕووح، بۆ هاتنەوەشی دەتوانی چاوەکە داخەیی و بێیتەوە ناو ڕەهەندی دڵ لەوێشەوە چاوی سەر بکەوە. لەو ڕەهەندە جیهانی پەنهان و عەرش و فەرش دەکرێ ببینرێ ئەگەر خودا ویستی لەسەربێ. ڕۆژێکیان شێخ محمد شاهی نەقشبەند لەگەڵ قوتابیەکەی خۆی وەستابوو کە شێخ علاء الدینی عەتتار بوو ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، شێخ علاء الدین دەفەرمووێ: شاهی نەقشبەند پێیەکی خستە سەر پێم ئاگام لەخۆم نەماو دواتر دەبینم هەموو گەردوون لەپێش چاومە... جا ئەو بینینەی یان لەڕێی لەتیفەی ڕووح بووە یانیش

خەفی یان ئەخفا، واللە اعلم. با ئەم حاڵەتەی شێخ علاء الدین ڕوون کەینەوە.

کە مورشیدی کامڵ تەوەجوهی ڕووحی دەکات لەو موریدە یا ئەوەتە ئەو موریدە دەچێتە ناو ڕەهەندەکەی خۆی یانیش خودی ڕەهەندەکان وەکوو کونە ڕەشەکانی ئاسمان وێستگەیەکن بۆ چوونە ناو جیهانەکانی تر یانیش مورید دێتە ناو ڕەهەندی مورشیدی کامڵ. ئەمەشم بۆیە ڕوونکردەوە تاوەکوو دەرگای بیرکردنەوەکانی خۆمان بکەینەوەو خۆمان و خوامان و خەڵك بناسین.

#پرسیارێ: ئایە ناکرێ شوێنی لەتیفەکان لەناو ڕووحی مرۆڤ بگۆڕدرێت؟ لە ئێستادە وەڵامەکەی نازانم.

#پرسیارێ: ئایە ناکرێ هەموو لەتیفەکان بکرێن بە یەك لەتیفەو هەموویان یەك بگرن؟ لە ئێستادا وەڵامێکی وردم لەلا نییە بەڵام پێم وایە دروستە هەموویان یەك بگرن.

#پرسیارێ: ئایە فریشتەو ئاژەڵ و جنۆکە ئەو لەتیفانەیان هەیە؟

ئەم سێ پرسیارە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی چڕو ورد هەیە تا تەحقیقی بابەتەکە بکرێ.

#پرسیارێ: ئایە ئەو کەسەی کە ڕووحی دەڕوا لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر ئەگەر لەشوێنێکی تر نوێژ بکات و جەستەشی لەشوێنێکی تر بێ ئایە نوێژەکەی قەبوولە بەپێی زاهیری شەرع؟

وەڵام: زۆر لەپیاوچاکان ئەو حاڵەتەیان لێی بینراوە، لەوانە بایەزیدی بەسطامی کە لەڕۆژی هەینی فەرمووی: لە حەفتا شوێن نوێژی هەینیم کردووە. خەڵکانێکیش کە ئەوەیان بیست

لەخەڵکی شوێنەکانیان پرسی و هەموویان گوتیان بەڵێ لێرە هەینی کرد. جا تەنها یەکێ لەوانە ئەگەر بەجەستەی ماددی بیکات ئەوە نوێژەکەی بەپێی زاهیری شەرع مەقبوولە، با نموونەیەکی تر بهێنین تاوەکوو زیاتر حاڵی بین، دەگێڕنەوە شێخ عوسمان سیراج الدینی یەکەم دەستنوێژی عیشای گرت و لەگەڵ کەسێکدا کەوتە حاڵەتی گفتوگۆ، دەمێکی باش لەگەڵی وەستا، دواتر ئەو کەسە پێی گوت قوربان نوێژەکەت بکە، ئەویش گوتی لەفڵانە مزگەوتی سلێمانی نوێژم کرد. جا لێرەدا ئەگەر نوێژ کردنەکەی تەنیا ڕووحی بووبێ واتە بەڕووحی ئامادەی نوێژەکە بووبێ ئەوە نوێژەکەی قەبووڵ نییە، چونکە خوای گەورە نوێژی لەسەر جەستەی ماددی و ڕووحی کەسەکە فەرز کردووە، بۆ نموونە پێمان دەڵێ دەست نوێژ بگرن و ڕوو لەقیبلە بکەن، ئەگەر کەسێك بەجەستەی ماددی ئەمانە نەکات بەزاهیری شەرع نوێژەکەی قەبووڵ کراو نابێ و

لای خوداش تاوانبارە، بەڵام ئەگەر ڕووحەکەی کە چووەتە مزگەوتەکە دوای ئەوە ڕووحەکەش بووبێتە جەستەیەکی ماددی لەوێ ئەوە بێگومان نوێژەکەی قەبوولە، چونکە ئەوەی خودا دەفەرمووێ ئەنجامی داوە، بەڵام ئەوەندە هەیە بۆ ئەوی کردووەتە کەرامەتێك. لەڕووی فیزیاییشەوە ماددە دەبێتە وزە، وزەش دەبێتە ماددە، ئەمە سەلمێنراوە، جا ئەگەر ڕووحی ئینسانی بە وزەیەکی شاراوە وەسف بکرێ بەڵێ توانای خۆ گۆڕینی بۆ بەجەستەبوونی ماددیشی لەلا ئاسان دەبێ.

بۆیە ئەمە پێوەرە، وریابن، هاوەڵێکم گێڕایەوە کە چووبوونە لای پیاوچاکێك کە زۆر مەشهوورەو خەڵك لەژوورەوەو دەرەوە شایەتی چاکەی بۆ دەدەن. جا لە پێش کاتی عەسرەوە لەلای دانیشتبوون و بانگی عەسر خوێندرا، ئەوانیش لەبەرئەوەی موسافیر بوون، نیوەڕۆ بۆ خۆیان قەسرو جەمعیان

کردبوو، دانیشتنەکەشیان درێژەی کێشابوو تا کاتی بانگی مەغریب و بانگدرا، ئەو هاوەڵەم گوتی: گومانم لە پیاوچاکێتی ئەو کەسە نییە، بەڵام نوێژی عەسری نەکرد، جا ئەو پیاوچاکە لەم چەند حاڵەتە بەدەر نییە.

١. ئەگەر تەنیا بەڕووحی نوێژی کردبێ ئەوە نوێژەکەی قەبووڵ نییە.

٢. ئەگەر ڕووحی بووبێتە جەستەیەکی ماددی تر ئەوە قەبووڵە، بەڵام کاری وا نەکرێ باشترە چونکە ڕۆژێ لەڕۆژان ئەو پێغەمبەرە نازدارە شتی وای نەکردووەو لەبەر بەرز ڕاگرتنی شەرعی خواو نەشێواندنی دڵی خەڵك بۆ گومانی خراپ.

٣. نوێژەکەی نەکردووەو دواتر قەزای کردووەتەوە.

ئەگەر کەسێ بلێتن: نەخێر بەڕووحی کردوویەتی ئێمەش دەیلێین کەواتە بۆ گشت ئیماندارانیش ئەو جۆرە نوێژە دروستەو هەر یەکێك لەئێمە لە ماڵی خۆمانەوە دەست نوێژ دەگرین و کەناڵی مەککەو مەدینە دەکەینەوەو چاومان دادەخەین بەخەیاڵ و ڕووحمان لەگەڵ ئیمامی مزگەوتەکە نوێژەکانمان دەکەین و ناچینە ناو مزگەوت... هیوادارم پەیامەکەم گەیشتیێ. سەرم قوربانی شەرعی محمدی بێ صلی الله علیه وسلم.

## لەتیفەی سیڕ (نهێنی)

هەروەکوو گوتمان لەتیفەی سیڕڕ بەرامبەر لەتیفەی دڵە کە خواربووەتەوە بەرەو سینگ، وە مەشایخەکان پێیان وایە ڕەنگی ئەو لەتیفەیە زەردە، بەڵام من لەگەڵ ئەو دیاری کردنە نیم، چونکە ئەمانە ڕەنگێکی دیاری کراویان بەتایبەتی نییە، بەڵکوو زیاتر لە دووباردا دەبن یان سپیەتی یان ڕەش و لێڵێەتی، وەشتەکانی ناوی دەکرێ بەجۆرەها ڕەنگ بدیترێ، ئەو لەتیفەیە وەکوو دەرگایەکە بۆ چوونە نێو جیهانی میسال و لەوحی مەحفوز.

لەوحی مەحفوز تەشبیهـ نەبێ وەکوو میمۆری وایە، شتەکانی نێویشی وەکوو میسال وایە. جا ئەو لەوحە ئاسمانەکان و زەوی گرتووەتەوە، هەرچی ئەوەی لەئاسمانەکان و زەویدا هەیە وێنەیەکی کۆپی کراوی لەو لەوحەدا هەیە بەشێوەیەکی

کردەیی واتە: عەمەلی. ئەوەی خودا ویستی لەسەربێ ڕەشی دەکاتەوە، چونکە ئەو لەوحە گۆڕانی بەسەر دادێ، ئەمما ئەو زانستەی لەبارەی هەموو گەردوون و ڕابووردوو و داهاتوو کە هەیە لە زانستی زاتی خوادا ئەمە هەرگیز ناگۆڕێ، ئەم زانستەش پێی دەگوترێ: (ئوممولکیتاب)، جا بەحوکمی ئەوەی مرۆڤ لەتیفەیەکی بۆ دانراوە بەناوی سیڕ ئەگەر چالاك کراو پەردەکانی لابران بەویستی خودا دەکرێ هەندێ شت لەو جیهانی میسالە پیشانی ئەو بەندە خواناسە بدات، ئەو پیشاندانەش زانینی غەیب نییە، بەڵکوو دەرخستنی بەشێك لەغەیبە لەلایەن خوداوە. با نموونەیەك بهێنین، کاتێ حەزرەتی یوسف لەمنداڵیدا خۆرو مانگ و یانزە ئەستێرەی بینی سوجدەی بۆ دەبەن، ئیتر بۆ جێ بەجێ بوونی ئەم میسالەی ناو لەوحەکە پێویستی بەزەمەن هەبوو، هەتا دوای چەندین ساڵ و گەورەبوون و، بوون بەعەزیزی میسر ئینجا خەوەکە جێ بەجێ

بوو، کە بریتی بوو لەسوجدە بردنی دایك و باوکی و یانزە براکەی لەبەردەم حەزرەتی یوسفدا.

هەریەکێ لە ئێمە ڕابووردو و داهاتوومان هەیە لەو میسالە، هەر بۆیەش ئەولیاکانی خودا بەپێی حاڵی خۆیان بەهەر سێ حاڵەت لێیان بینراوەو لێشیان دەبینرێ کە بەفیڕاسەتی دڵ مەشهورە کەچی لەبنەڕەتدا بۆ ئەو بابەتە نووری فیڕاسەتی لەتیفەی سیڕڕە. وێڕای ئەوەش پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان لەتیفەی دڵ و سیڕڕیش هەیە. جاری وا هەیە نووری ئەو کەسە بۆ کەسێکی وەلی خوایی وەکوو پڕۆفایل وابووە خودا پیشانی داوە. ئیتر ئەوانەی دەبینرێ یەك و دوو نین بەکردەوە دەیبینێ وەکوو ئەوە وایە چووبێتە نێو خودی میمۆرییەکە بۆ بینینی شتەکان. ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندی ئەو لەتیفەوەیە.

## لەتیفەی خەف (شارەوە)

ئەمەشیان هەروەك گوتمان شوێنەکەی دەکەوێتە بەرامبەر ڕووح کە خواربووەتەوە بەرەو سینگ. وەهەندێکیش پێیان وایە لەنێوچەواندایە بەڵام ئەمە ڕاست نییە. لەیەك حاڵەت ڕاست دەبێ ئەگەر شوێنی لەتیفەکان لەناو ڕووحی ئینساندا جێ گۆڕکێ بکەن و لەبنەڕەتدا موتەحەڕڕیك بن، ئەمەش دروستە بەڵام جێگای نەزەرە. سەبارەت بەڕەنگەکەشی هەیە پێیان وایە ڕەشە، وەهەشە پێیان وایە شینە، وەهەشە پێیان وایە سەوزە، بەندە لەگەڵ دیاری کردنی ئەو ڕەنگانە نیم بەدیاری کراوی، چونکە ئەو کەسانەی کە ڕەنگێکی دیاری کراویان بۆ داناوە بەپێی جۆری حاڵی کەسەکان پێیان نیشاندراوە، جا بەپێی جۆری حاڵی کەسەکەش نابێتە بنەڕەت، بەڵکوو دەچێتە قالبی ئیجتیهاد کردن و جۆری لێکدانەوەکەی. بەڕای من ڕەنگی

لەنێوان سپیەتی و ڕەش و لێڵێتی دا دەبێت بەپێی جۆری نەفسی کەسەکە.

زانیاریەکانیش سەبارەت بە لەتیفەی خەفی زۆر زۆر کەمەو شتێکی ئەو تۆی لێ کەشف نەکراوە، بەڵام بێگومان ئەویش دەروازەیەکە بۆ جیهانی پەنهان و ڕووانینی گەردوون و گەشت کردن بەنێو کەوکەبەکان خوداش زاناترە.

## لەتیفەی ئەخفا

هەروەك گوتمان لەناوەڕاستی سینگدایە، هەندێکیش پێیان وایە لە لوتکەی سەردایە، ئەمەش کاتێ ڕاست دەبێ ئەگەر هاتوو لەبنەڕەتدا لەتیفەکان موتەحەرریك بن، ئەگینا شوێنەکەی خۆی لەناوەڕاستی سینگدایە. سەبارەت بەڕەنگەکەشی ئەڵێن سەوزە، وەهەشە ئەڵێ وەنەوشەییە، سەبارەت بەبنەڕەتی ڕەنگەکەی هەمان بۆچوونی سەرەوەم هەیە کە لەلەتیفەکانی تردا نوسیم. زانیارییەکانیش زۆر کەمن سەبارەت بەو لەتیفەیە، ئەوەندە هەیە ئەوەی ئەو لەتیفەی چالاك بێ و پەردەکانی لابدرێت دەتوانێ بەهەندێ نهێنی نێو گەردوون و وردەکاری وردی نێو گەردوون بگات و خودا بۆی کەشف دەکات.

پرسیارێ: ئایە دەکرێ مرۆڤ تەسەڕووف بکات وەکوو خودا لە گەردوون؟

وەڵام: پێوەرێك هەیە بەنێوی پێوەری کارداشیف کە پێم خۆشە بینوسم دواتر لەکۆتاییەکەی وەڵامەکە دەنوسم.

## پیۆەری کارداشیف

زانای گەردووناسی ڕووسی نیکۆلای کارداشیف لەساڵی ١٩٦٤زایینی گریمانەی پیۆەری سێ شارتانیەتی کردووە کە مرۆڤایەتی لەمەودوا پێی بگەن.

**شارستانیەتی یەکەم:**

بەدەستهێنانی هەموو سەرچاوەکانی وزەیە ئەمەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەکانی گەردەلول و بوومە لەرزەو لافاو هتدە، کۆنتڕۆڵ کردنی ئەم شتانەیە لەرێی ئەو وزە زۆرەی کە شارستانی یەکەم بەدەستی دەهێنن، میشیۆ کاکۆ کە زانایەکی ئیعلامی فیزیاییە پێی وایە مرۆڤایەتی دوای ١٠٠ ساڵ یان ٢٠٠ ساڵی تر دەتوانن بەشارستانی یەکەم بگەن.

**شارستانی دووەم:**

دەستخستنی هەموو وزەی زەوییە بۆ پارێزگاری کردن لە نەیزەکەکان و ئەستێرەکانی نێو گەلەستێرەکەمان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو تیشکە زیانبەخشەکانی دەرەوەی بەرگە هەوای زەوی. میشیۆ کاکۆ پێی وایە چەند هەزار ساڵێکی تر بەو شارستانیەتە دەگەن.

**شارسانیەتی سێیەم:**

دەستخستنی تەواوی وزەی گەلەستێرەکەیەو تەحەککوم کردنە بەسەر تێکڕای ئەستێرەکانی نێویەوە. میشیۆ کاکۆ پێی وایە دوای ١٠٠,٠٠٠ ملیۆن ساڵی تر دەگەنە ئەو شارستانیەتە.

کارداشیف ئەو سێ پێوەرەی داناو پێشی مەحاڵ بوو مرۆڤایەتی لەو سێ ئاستە زیاتر بچنە پێشەوە، هەربۆیەشە ئەم سێ ئاستەی داناوە.

بەڵام لەدوای ئەو ئاستی تریش دانراوە.

**شارستانیەتی چوارەم:**

کۆنترۆڵ کردنی تەواوی وزەی گەلەستێرەکان و تەحەککوم پێ کردنیان و گەشت کردن بۆیان.

**شارستانیەتی پێنجەم:**

کۆنترۆڵ کردنی گەردوون ئەمەش بەدەستهێنانی تەواوی وزەی گەردوونە. واتە مرۆڤایەتی لێرەدا ئایە وەکوو خودا دەبن؟

بێگومان نەخێر، ئیتر ئەمە خەیاڵی گەردوونناس و فزیکناسەکانە.

ئێمە ڕێگایەکی زۆر ئاسانترمان هەیەو پێویستی بەو هەموو ساڵ و وزەش نییە.

چالاك کردنی ئەو لەتیفانە، وە لەگەڵ زنجیرەیەکی یەك بەدوای یەکی ڕێگە پێدراو تا فەخری کائینات حەزرەتی رسول الله صلی الله علیه وسلم، لەمەوە لەخوداوە بەخوداوە بۆ خودا تەصەڕووفی پیێ دەدرێ، چ تەصەڕووفی قەلبی، وەچ تەصەڕڕوفی کەونی، لەهەردوو باردا خودا دەیکات، با چەند نموونەیەك بهێنینەوە، فەخری کائینات بەئیشارەی پەنجەی مانگی لەت کرد. ئەمە تەصەڕڕوفە. حەزرەتی عیسا قوڕی کردە باڵندە. حەزرەتی ئیبراهیم بەبانگ کردن مردووی زیندوو کردەوە. یەکێ لەپەیامبەران کە یوشەعی کوڕی نون بوو خەریك بوو خۆر ئاوابێ و ئاوانیش لەجەنگدا بوون، بەیەك خیتاب لەگەڵ خۆرو خودا ئیتر دەست بەجێ خۆر وەستا.

حەزرەتی رسول الله صلی الله علیه وسلم بەجەستەو ڕووح چووە سەرووی ئاسمانەکان. لەهەموو ئەمانەو غەیری ئەمانەش بەندە وەکوو یارییەك وایە لەدەرەوەو ناوەوەدا تەحەککومی لەسەر دەکرێ، واتە: بکەر لەحەقیقەتدا خودایە، بەڵام ئەوەندە هەیە لەئاوێنەی ئەو کەسەدا ئەو تەسەڕڕوفە دەردەکەوێ. بەڵێ ئەولیاکانی خوداش لەهەموو زەمەنێکدا کە زەوی خاڵی نابێ لێیان، بەڵکوو ئەمانەی ئەو تەسەڕڕوفەیان پێ دەدرێ ژمارەیان زۆر کەمە، واتە: بەهەموو کەسێك نادرێ. یەکێ لەوانەی کە پێی درابوو شێخ حوسام الدینی نەقشبەندی بوو کە وای لێ هاتبوو ئەگەر لەو سەری دونیا دوو مێروستان قسەیان لەگەڵ یەك کردبا ئاگاداری دەبوو. بۆ نموونە کە شێخی گەیلانی کەوشەکانی هاوێشتووە بۆ ئەو کەسەی کە لەوڵاتێکی تر بووە ئەمە هەموو بەهۆی ئەو تەسەڕڕوفەوەیە. شاهی نەقشبەند بەقوتابیەکەی خۆی گوت مرۆڤ هەیە دەگاتە مەقامێك ئەگەر

بەکەسێ بڵێ بمرە دەست بەجێ دەمرێ، قوتابیەکەش پێی گوت تۆ وای؟ ئەویش پێی گوت بمرە، ئیتر دەست بەجێ مرد، شاهی نەقشبەند زۆر دڵگران بوو، وە زۆر لەخودا پاڕایەوە، ئەوەبوو خودا بۆی زیندوو کردەوە. زانا هەبووە کەسێکی وەلی خودایی موتەسەڕڕیفی بەبچووك سەیر کردووە یان سوکایەتی پێ کردووە، ئیتر بەهۆیەوە یەك تەوەججهووی لە لەتیفەکانی کردووەو زانستەکەی یان ئەحواڵەکەی لێ وەرگیراوەتەوە، وەکوو ئەوەی مەسحی زانیاریەکانی ناو مێشکی کردبێ. جا ئەم جۆرە زاتانە زەوی دەپارێزن، شارەکان دەپارێزن، خەڵکی لە دەشت و دەرو دەریاکان دەپارێزن. بەڵام ئەوەندە هەیە ئێمە درك بە تەسەڕووفەکەی ئەوان ناکەین. جگە لەوانە نەبێ کە بەعەمەلی لێیان دەبینن یاخود ئەو لەتیفانەیان کرابێتەوە یاخود تەسەڕڕوفی گۆڕینی نەفس و دڵی ئینسانی پێدرابێ، جا ئەگەر شەیتان توانای ڕویشتنی بۆ ئەو سەری دونیای هەبێ لە کەمترین

کاتدا، لەگەڵ ئەوەشدا دوژمنی خودایە، وە فریشتەکانی گیان کێشان سەرپەرشتی ڕووح کێشان دەکەن. وە چەند فریشتەیەك جلّەوی خۆر دەگرن، وە فریشتەیەك باران دەبارێنێ، وە وە وە هتد هەموو ئەمانە بەندەی خودان و بەسیستەمی خۆیان کارەکان دەکەن ئایە پێت عەجایبە کە وەلییەکی خودایی ڕەببانی بۆ خوا صولّحاو ئەمانەی پێ بدرێ و بۆ ئەو مەحاڵ بێ؟ ئایە لە حەقیقەتدا ئەو فریشتانە بکەرن؟ ئەوەی بڕوای وابێ بێگومان موشریکەو فریشتەی کردووەتە خودا، کەوایە بۆ وەلیەکانیش هەروایە، ئەوەی پێی وابێ وەکوو خودا تەسەڕڕوف دەکات ئەوە موشریکەو دەبێ شایەتوومانی پێ بهێڕێتەوەو فێری عەقیدەی ئیسلامی بکرێ.

جا خۆشەویستان: ئەگەر شارستانیەت گەیشتە قۆناغی یەکەم و دووەم و سێیەمیش ئاساییەو دژایەتی دینی تێدا نییە،

بەڵکوو پێشکەوتنی زانستە، بەڵام لێرەدا ئایە خودا ئەوەندە هەزار ساڵەی تر مەجالی زەوی داوە؟

ئەی ئەو هەموو نیشانەنانەی قیامەت کەی دێن؟

بێگومان زەوی زۆر زەحمەتە ئەوەندە درێژەی بکێشێ، بەبەڵگەی قورئان و فەرموودە صەحیحەکان کە باسی دونیا وێرانبوون و نیشانەکانی هاتنی قیامەت دەکەن. کە هەموویان باسی نزیکی قیامەت دەکەن. بێگومان قیامەتیش دانایێ هەتا زەوی وێران نەبێ و دەگۆڕدرێ بەزەویەکی تر. بەڵام ئەوەندە هەیە نازانین کەی دەستپێکیێ؟!!!

ئەم جارە با بێین باسی بانگەشەی دەستخستنی وزەی یۆگاچییەکان بکەین کە چۆن وزە بەدەست دەهێنن لەڕێی وەرزشەکانیانەوە، وە بانگەشەی کۆمەڵێك شاکیرا دەکەن لەجەستەی مرۆڤدا.

# یۆگا (YOGA)

یۆگا لە ئێستادا لە جیهاندا زۆر بەر بڵاوە بەتایبەتی لەناو چینییەکان و هندییەکاندا، چونکە بۆ گەیشتن بەسروشتی خودایەتی خودو وزەی خودو گەردوونی و ئاگایی باڵاو دوورکەوتنەوە لە خو و ڕەفتارە خراپەکان و گەیشتن بەخۆشەویستی و پێکەوە ژیانی ئایینەکان ئەم وەرزشەیان بەتاکە چارەسەرو ڕێگا داناوە، تاوەکوو مرۆڤەکانی پێوە پابەند بکەن و لەژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا لەخۆیاندا بەرجەستەی بکەن. جا بزانین یۆگا چییەو نهێنییەکانی پشت پەردەی یۆگا چین و چەند جۆری هەیەو فەلسەفەی یۆگا چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە زۆر بە وردی و ئەمانەتەوە دوای دیراسەکردنێکی قووڵ و وردی یۆگیکارەکانەوە ئەم بابەتە دەخەمە بەردیدی ئێوەی خوێنەران.

## لەڕووی زاراوەوە یۆگا چییە؟

یۆگا وشەیەکی سەنسکریتییە بەواتای یەکگرتن (ئیتتحاد)و، گەیشتن و، بەیەکبەستن دێ. سەنسکریتیش بەواتای زمانی هیندی کۆن دێ.

مانای دەقاودەقی یۆگاش بە تەوحید (یەکبوون و یەکگرتن) دێ. واتە: یەکگرتنی ڕووحی تاك لەگەڵ ڕووحی گەردوونی بەواتایەکی تر فەنابوونی جەستەی ماددی و ڕووحی لەگەڵ جەستەو ڕووحی گەردوونی و گەیشتن بە ئاگایی ڕەهاو وزەی ڕەهاو پەی بردن بەخودایەتی خۆت. لە دەقێکی کتێبی ڤیدای هیندۆسییەکاندا بەو جۆرە وەسفی یۆگا کراوە: (جەهل و نەزانین هۆکاری سزایە، زانستی ڕووحانیەتیش ئازادت دەکات لەسزا، ئەو زانستە بۆ ئەوەیە تاوەکوو درك بە تەبیعەت و سروشتی ئیلاهییانەی ئاگایی خۆت بکەیت).

**دەستپێکی دەرکەوتنی ؟**

بێگومان دەستپێکی دەرکەوتنی لە لایەن پەیڕەوانی هیندۆسییەکان بووە بەتایبەت لەناو بەڕەهمییەکان لە هیندستاندا، دواتر بڵاوەی پێکراوە بۆ وڵاتانی تر بەتایبەتی کە زۆر بەربڵاوە لە لای بوزا پەرستەکانەوە.

**فەلسەفەی یۆگا چییە؟**

بەگوێرەی هیندۆسەکان دەستپێکی دروستبوونی مرۆڤ بەم شێوازە بووە: شیفای خواوەندی ڕەگەز نێر بڕیار دەدات کە جیهان دروست بکات، بۆ ئەم دروستکردنەش پێویستی بە شاکتی خواوەندی ڕەگەزی مێ دەبێ، ئەمەش بەو پێیەی کە شیفای خواوەند ئاگایی باڵای بەدەستەو تەنیا ئەوە هەیە پێویستی بە وزە بووە، هەر لەبەر ئەمەشە هانای بۆ وزەکانی شاکتی

خواوەند بردووە، تاوەکوو لەوێوە مرۆڤ و جیهان بەیەکەوە بیهێننە بوون.

## چاکراکان یاخود شاکیراکان چین؟

بەگوێرەی زانیاریەکانی یۆگیکارەکان مرۆڤ لە جەستەی ماددی و ڕووحی دروست بووە، جا لەناو ڕووحی مرۆڤدا ڕێژەیەکی گەلێك زۆر چاکراکان کە وەکوو وزەن بوونیان هەیە، هەندێکیش سەرژمێریان کردوون کە ژمارەیان (١١٤) چاکران، وە (٧٢) نادی هەیە، کە ئەو نادییانە هۆکاری ڕەبتی هەموو چاکراکانن بەیەکترییەوە. وە یۆگیکارەکان دەفەرموون: دایکی هەموو ئەو چاکرانە بریتییە لە حەوت چاکرا"، کە شوێنی ئەم حەوتە بەستوونی لەتەوقی سەرەوە دەست پێ دەکات تاوەکوو کلێنجەی خوارەوەی نزیك کۆم. واتە: ئەم حەوتە بەبڕبڕەی پشت دێتە خوارەوە تا کلێنجە. ئەم چاکرانە

وەکوو چەرخ و تایەی سەیارە وان و دەخولێنەوە بەدەوری خۆیاندا، وە چالاك نین و ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە بۆ چالاك کردنی ئەم وزانە.

**حەوت چاکراکە چین یاخود حەوت سەنتەرەکەی وزە چین؟**

١. سەهەسرارا: لەتەوقی سەرە. بەدەوریدا (١٠٠٠) سومبول هەیە کە وەکوو گوڵ وان.

٢. ئاجنا: لە نێو چەوانە. (٢) سومبولی هەیە.

٣. ڤیشودها: لەناو ئەو بەشە ئێسکەدایە کە کەوتووەکە بەرامبەر گەروو. (١٦) سومبولی هەیە. پەیوەندی لەگەڵ توخمی بۆشاییدا هەیە.

٤. ئاناهاتا: بەرامبەر سینگە کە پێی دەڵێن دڵ. (١٢) سومبولی هەیە. پەیوەندی لەگەڵ توخمی هەوادا هەیە.

٥. مانیپوورا: دەکەوێتە بەرامبەر سك. (١٠) سومبولی هەیە. پەیوەندی لەگەڵ توخمی ئاگردا هەیە.

٦. سڤاستیانا: دەکەوێتە بەرامبەر ڕیخۆڵەکان و میزڵدان. (٦) سومبولی هەیە. پەیوەندی لەگەڵ توخمی ئاودا هەیە.

٧. مولادارا: دەکەوێتە کلێنجەی مرۆڤ. (٤) سومبولی هەیە. پەیوەندی لەگەڵ توخمی خاکدا هەیە.

جا هەروەکوو گوتمان خواوەندی شیفای نێرینەی ئاگایی ڕەها هێما کراوە بەتەوقی سەری مرۆڤ، لێرەدا مرۆڤ ناگاتە ئاگایی ڕەهاو حاڵەتی فەنای نێرڤانا و، یەکگرتنی لەگەڵ گەردوون هەتاوەکوو چاکراکانی چالاك دەبن و، دوا قۆناغی یۆگای کۆندالینی دەبڕێ کە وزەی لە خواوەندی شاکتی مێینە لە کلێنجە وەردەگرێ و لەوێوە بەرز دەبێتەوە بۆ ناو چاکراکان و یەکگرتنی لەگەڵ چاکرای سەهەسرارادا.

## جۆرەکانی یۆگا

یۆگیکارەکان بۆ گەیشتن بەو وزانەو یەکگرتن بەسروشتی خودایەتی خۆت و لەگەڵ گشتی گەردوون دەبێ بەو چەند یۆگایەدا تێپەڕ بکەیت، بەبێ ئەمانە مەحاڵە بەو حاڵە نێرڤانایيە بگەی.

١. کارما یۆگا: کە بریتیە لە کردنی هەموو کارێکی چاك و سوودبەخش کە خزمەت بەخۆت و مرۆڤایەتی بکات.

٢. ڕاجا یۆگا: ئەوەشیان بریتییە لە تێڕامان و قووڵ بوونەوە لەخودو چالاك کردنی چاکراکان و تێڕامان لە گشتی ناوەوەو دەرەوەی زات.

٣. باکتی یۆگا: ئەوەشیان خۆشویستنی خودی خۆت و دەروبەرو هەموو گەردوونە.

٤. هاتا یۆگا ئەمەش کۆمەڵە وەرزشێکی تایبەتە بەجەستەو ڕووح و شێوازی تایبەتی خۆی هەیەو لەژێر ڕێنموویی پسپۆڕی یۆگیکاردا دەبێ ئەنجام بدرێ.

٥. کۆندالینی یۆگا: ئەمەش کۆتا قۆناغی یۆگایەو مەترسیدارترین وەرزشی تێڕامانە. ئەوانەی بەبێ کردنی چوارەکەی تر ڕاستەوخۆ بچنە ناو یۆگای کۆندالینی ئەوە بە وتەی یۆگیکارەکان ئەوە دووچاری زیان دەبێتەوە چ زیانی جەستەیی وە چ زیانی مەعنەوی واتە: ڕووحی.

لەکۆندالینی یۆگادا، تەرکیزی تەواو لە کلێنجە دەدرێت، وا دادەنێیت کە ئەو وزەیە وەکوو مارێکی کوبڕا دوو سێ حەڵقەی بەدەوری ئێسکەکەدا سووڕاوەتەوە، لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو تێڕامانە ئەو وزەیە واتە: مارەکە هەستی پێ دەکەیت و دەجوڵێتەوەو بەسەر دەکەوێ بەناو چاکراکان، لە هەر

چاكرايەك كەبەسەر دەكەوێ هەر نەخۆشیەكی جەستەیی و مەعنەوی هەبێ چارەسەری دەكات، وە ناچێتە ناو چاكرای ئاناهاتاوە واتە دڵ هەتاوەكوو ئەو دڵە پاك نەبێ. كاتێكیش كە هاتە ناو چاكرای ئاجناوە واتە: نێوچەوان ئیتر دانابەزێتەوە، دواتر لەگەڵ خواوەندی شیفای نێرینە كە ئاگایی مرۆڤەكەیە لەگەڵ شاكتی خواوەندی مێینە یەكدەگرێ و، وزەی ژیان و ئاگایی گشتی و جەستەیەكی چالاك و نەترسان لەمردن و چەند كەرامەتێك بەو یۆگیكارە دەدرێت.

ئەمە هەموو فەلسەفەكەی یۆگایە كە پێیان وایە بەشێك لەڕووحی خودا تێكەڵ بووە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا، بەڵام كامە خودا؟....

هەر یەكێ لە چوار یۆگاكە جگە لە كۆندالینی نەبێ ئەگەر بەو نیەتە بكرێن كە لەسەرەوە یۆگیكارەكان باسی لێوە دەكەن

ئەوە کوفرێکی ڕوون و ئاشکرایەو مرۆڤ لەبازنەی ئیسلامەتی دەباتە دەرەوە، چونکە هەموو کارێك لەسەر نیەت دادەمەزرێت. بێگومان ئیسلامەتی خۆی هانی چاکەخوازی و سوود گەیاندن بەخود و، مرۆڤایەتی دەدات، ئەمەش لەبەر فەرمانی خودای بێ شەریك و پەیامبەرە نازدارەکەی، وە هەروەها بۆ حساب کردن بۆ ڕۆژێك کە لێپێچینەوە لەگەڵ تێکڕای مرۆڤایەتیدا دەکرێت، بێگومان لەیۆگادا گرینگی بەو شتە نادرێ و گوێ بەپاداشت و سزا نادات، چونکە لەحەقیقەتدا پەی بەسروشتی خودایەتی خۆی بردووەو گەیشتووە بە لوتکەی وزەو ئاگایی. جا هەر یەکێ لەم چوارانە ئەگەر بەنیەتێکی باش کران ئەوە باشەکە دێتە ڕێگایان. بەڵام لە ڕاجا یۆگادا بەهیچ شێوازێك نابێت بەو شێوازە دابنیشیت کە هەروەکوو ئەوەی یۆگیکارەکان دەیلێن، چونکە ئەو دانیشتنە هەمان دانیشتنی باڤۆمێتی شەیتانەو هەمان دانیشتنی شەیتانی

ماسۆنیەکانە. بەڵکوو بگرە ئەو پەڕی خۆ بەگەورەزانینیشی تێدایە بەرامبەر بەخودا، هەربۆیەشە ئەگەر دووچاری نەخۆشیەکی دەروونی بوویت و دەتەوێ ڕاجا یۆگا بکەیت ئەوە ئاساییە دانیشەو چاوەکانت داخەو پشت بچەمێنەوەو دەستەکانیشت لەسەر ئەژنۆکانت دامەنێ بەڵکوو بەو پەڕی زیللەتەوە بەرامبەر خودا داینێ ئەگەر ئیمانداری، وە ئەگەر بێ دینیشی دەستەکانت ئاسایی دانێ، دواتر بەگوێرەی کێشە دەروونیەکەت وشەی ئیجابی لەمێشکت دووبارە بکەوە بۆنموونە هەموو شتێ چاك دەبێ، لەو کارە ڕزگار دەبم، دوا ڕۆژم گەشە، وە هەوڵدە ئەو وشانەو وێنەی ئەو وشانەش بەگوێرەی نەخۆشییە دەروونییەکان لەمێشکت بینوسەوەو تەرکیزیان لەسەر بکە. بەبێ دەرخستنی هیچ دەنگێك لە لوت و دەمت بەناوی ئوم ئوم ئوم و وێنەی ئەویش...ئەم جۆرە وەرزشێکی جەستەیی و مەعنەوییە بەنیەتی ئارامی دڵ و ئیجابی

بوونی ناخی مرۆڤ و گەشەپێدانی دەروونی ئەنجام بدرێ هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، ئەو کاتە ئەوە حەرام دەبێ کە بەنیەتی یەکگرتنەکەو دەستخستنی وزەی کۆندالینییەکە بێ کە هیچ ئەسڵ و بنەمایەکی نییە، شەیتان یاری پێ کردوون چۆن؟

ئەوان لە قۆناغی ڕاجا یۆگادا تەرکیزی تەواو دەخەنە سەر شێوەو شکڵی چاکراکان بۆ چالاك بوونیان بەحسابی خۆیان، جا ئەم زۆر تەرکیز خستنە سەرە لەڕەهەندی عەقڵ تەبع دەبێ، کە ئەوان دەیڵێن چاوی سێیەم، هەروەکوو گوتمان بۆچوونە ناو ئەو ڕەهەندە قووڵ بوونەوەیە لەزات لە دەرەوەو ناوەوەیدا، کە شەپۆلەکانی مێشك گەیشتنە شەپۆلی ثیتا ئیتر دەکەوێتە نێو ڕەهەندی عەقڵەوە یاخود نەفسەوە یانیش دڵەوە یانیش ڕەهەندی جنۆکەوە، جا یۆگیکارەکان بەزۆری لەسێ ڕەهەندا یاریان پێ دەکرێ لەلایەن شەیتانەکانەوە لە ڕەهەندی عەقڵ، لە

ڕەهەندی نەفس، لە ڕەهەندی جنۆکە، کەم جارانێکیش لەدڵ.
ئەو شتانەی تەرکیزیان بەزۆری خستووەتە سەری بەتایبەتی لەڕەهەندی عەقڵ کە ڕەبتی لەگەڵ مێشك هەیە وێنەکان تەبع دەبێ، وە شەیتانیش هەروەکوو پەیوەندیەکی گوڕج و گۆڵی هەیە لەگەڵ ئەو سێ ڕەهەندە ئیتر لەڕێی شەپۆل و تەڵیسمەکانیەوە وێنەی چاکراکانیانی بۆ بەرجەستە دەکات لەپێش چاویان. لەوەوە ئەوانیش وا دەزانن ئەمە حەقیقەتە، کەچی ئەمە نیقمەت و لەناوچوونە.

لەو ڕۆژانە کە خەریکی دیراسەی یۆگا بووم کەوتمە نێو ڕەهەندێکەوە لەبەر تاریکی نەمزانی ڕەهەندی عەقڵە یان نەفس یان جنۆکە، ئەوەندەمزانی هەستم بەتاریکیەکی زۆر کردو جەستەم توند دەبوون و شەیتان بۆ لێدان و تەمێ کردنم هاتبوو کەچۆن کەشفی نهێنی یۆگا دەکەم. لەنێو ئەو تاریکییە

بەشەڕهاتم لەگەڵیان، وە هەستم بە ئیبلیسیش کرد کە لەوێ بێ. دواتر چاوم کردەوە، هێندەی پێ نەچوو دووبارە کەوتمە نێو ڕەهەندەکەوە ئەمجارەیان تاریکیەکە کەمێك باشتر بوو هەستم بەعیفریتێك کردو دەستم بەشەڕ کرد لەگەڵیداو بەشەپۆلەکانیەوە گەرووی گرتم... چاوم کردەوە.

بەڕێزەکەم ئەوەش بزانە زۆر کەس هەیە یۆگای ئەزموون کردووەو دووچاری چەندین نەخۆشی جەستەیی و مەعنەوی بووەتەوە، دەتوانی لەیوتوب گوێ لەوانە بگریت کەچیان بەسەر هاتووەو چۆن ساڵەهایەکە فریویان خواردووە بەهۆی فەلسەفەیەکی پووچی هیندۆسەکانەوە. کەسی وا هەیە نامەی بۆ ناردووم کە خەریکی ئەم یۆگایە بووە کەچی ئێستاکە شەیتان لەجەستەیدایەو هەموو ژیانی لێ بووەتە دەردو نەخۆشی. ئەوەش بزانە لە خاڵی چوارەمی یۆگادا کە هاتا

یۆگایە بریتیە لە چەند وەرزشێکی تایبەت هەندێ لە زانایانی سەردەم وەکوو دکتۆر عەلی جومعە ئەو جۆرە وەرزشەیان پێ لەغوو و کات بە فیڕۆدانە، لەغویش دروست نییە لەشەڕعدا.

تەبعەن وەرزشەکەیان زۆر بێ مانایە، بریتییە لە چەند حەرەکەیەکی دەستی و پێیی و هتد. جگە لە وەرزشی هەناسەدان نەبێ. کە مرۆڤ دەتوانێ هاوسەنگی جەستەی ڕابگرێت لەڕێی هەناسەدانیەوە، وە ئەو هەناسەدانەش نا ئەوەی کە یۆگیکارەکان دەیلێن کە ئەو کەسە گوێی لە هەناسەکانی خۆی بێت یاخود وشەی ئوم لەگەڵ هەناسەدانەکان بلێتەوە. چونکە ئەمەشیان پەیوەندی بەفەلسەفە کوفریەکەی یۆگاوە هەیە. بەڵکوو دەتوانی بەبێ گوێت لە دەنگی هەناسەکانی خۆت بێ و هاوسەنگیەکەش ڕابگری. ئەگەر چارەسەری کێشەی دەروونیت دەکەی ئەوە بەهێواشی هەناسە بدەو ئەو وشە ئیجابیانە بلێوە لە مێشك و دەروونت کە لەسەرەوە

ئاماژەمان پێدا. وە ئەگەر زیکری خوای گەورەش دەکەی ئەوە بەهەمان شێوە با گوێت لە دەنگی هەناسەکانیشت نەبێ و، تەرکیز لەسەر هەناسەت مەدە، بەڵکوو تەرکیز لەسەر زیکرو گەورەیی- خودا بکە.

فەلسەفەیەکی تریان هەیە کە پێیان وایە لە زەکەری ئینسانی بەرەو خوارەوە واتە لەنیوەی بەرەو خوارەوە یەکێ لە پێیەکانی ئینسان چەند چاکرایەکی هەیە ئەگەر مرۆڤ چالاکیان بکات ئەوە پەی بەڕابووردووی خۆی دەبات کە لەڕابووردوودا چی بووە، ئەوانە بڕوایان وایە کە مرۆڤ بە قۆناغی خاکی و نەباتی و ئاژەڵێتی و ماسیەتی و دارو بەردو هتد تێپەڕیوە، واتە: هەریەکێ لەئێمەی مرۆڤ پێشتر بەرد بووینە دواتر تەتەوڕمان کردووە بووینەتە ڕووەکی و دارو حوت و ئاژەڵ. یاخود بە پێچەوانەوە لە حوتەوە دەستی پێ بکە، جا کە

چاکراکەی کرایەوە لەو ڕەهەندە خۆی دەبینێتەوەو، خۆی بەبیر دێتەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دارو بەردو ڕووەك و حوت بووە.

ئەوەش گەمژەترین فەلسەفەیە تاوەکوو ئێستاکە بیستبێتم، ئەگەر بەبیرت بێ لەسەرەتا باسی جۆرەکانی نەفسمان کرد. کە مرۆڤ دەتوانێ نەفسی تەتەوڕ بکات و بچێتە سەرووی نەفسی فریشتەییێتییەوە، وە مەحاڵیشە نەفسی ڕۆژێ لەڕۆژان هەمان نەفسی دارو بەردو ئاژەڵ و ماسی بێ، چونکە ئەو نەفسەی بە ماسی دراوە جیایە لەو نەفسە تایبەتییەی کە بەمرۆڤ دراوە... ئەگەر ئەمە ڕاست بووایە بەرهەم هێنانی مرۆڤ بەو ڕێگایەوە بەردەوام دەبوو. ئەمانە لە ڕەهەندی نەفس و عەقڵەوە دارو بەردو ماسی و دەریا دەبینن و ئەو لێکدانەوە سەقەتەی بۆ دەکەن کە نەزانستییەو نەشەرعیشە. ئێمەو مرۆڤایەتی و

گەردوون بەر لە دروستبوونمان لە زانستی خوادا بەڕەهایی بەبێ سنوور لەگەڵ خوادا بووین، جا کە شتێکی نهێنیمان لەو جۆرە فەلسەفەیە نیشاندرا وا دەزانین ئێمە پێشتر وابووینە.. شەرحی ئەو زانستەی خوایش پێویستی بەڕوونکردنەوەیەکی چەند لاپەڕەیی هەیە ناتوانم لێرەدا بیخەمە ڕوو.

جا برای بەڕێزم واللە ئەگەر لەغەیری بازنەی محمدی بازنەیەکم شك ببردایە بۆ گەیشتن بەخوا دەمگرتە بەر، ئەوەی یۆگیکارەکان دەیکەن بەو نیەتە جگە لەیاریەکی خۆهەڵخەڵەتێنەرو خەڵك هەڵخەڵەتێنەر زیاتر هیچی تر نییە، بەتایبەتی چاکرا، ئەگەر چاکراکان بوونیان هەبوایە ڕاستترین ڕێگای محمدی لەلایەن هەزارەها ئەولیاکانی خوداوە ئاماژەی پێ دەدرا، بەڵکوو ئەو لەتیفانەی کە باسیان لێوە کردوون

سەددەر سەد ڕاستە هەروەکوو ئەو شێوازەی کە ڕوونم کردەوە.

خالێکی تر ماوە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم، ڕاهیبە بوزاپەرستەکان وەرزشی جەستەیی دەکەن بۆ بەهێز کردنی جەستەیان کە بە شاولین بەناوبانگن، ئەمانە لەڕووی جەستەییەوە بەهێزن ڕاستە چونکە وەرزشی جەستەیی سەخت ئەنجام دەدەن بۆ بەهێز کردنیان، ئەمەش هەموو کەسێك دەتوانێ بیکات ئەمما بلێی لەڕێی وەرزشە یۆگاکانەوە وزەی کۆندالینیان دەستخستووەو وزەیەکی زۆر لەجەستەیاندا هەیە ئەمە جگە لە درۆیەك زیاتر هیچی تر نییە. زنجیرەو فیلمە ئەنیمییە کۆری و یابانییەکان زۆر تەرکیز دەخەنە سەر ئەو وزە ناوەکییە، کە خۆم زۆر موتابەعەی دەکەم، کەچی لەڕاستیدا هیچ بنەمایەکی عەقلی و زانستی نییە. لە کۆتاییدا ئەوەی لەو

بەشە لەبارەی یۆگاوە گوترا بەپوختی و بەکورتی بوو، هەر بۆیەشە خۆتی لیَ بەدوور بگرەو مەخەڵەتیَ.

وە ئەوانەیش کە تەسەوف و یۆگا بەیەکتر‌ییەوە گریَ دەدەن و پیَك دەچوویَنن زۆر هەڵەن، ئەسڵەن نە لە تەسەوف گەیشتوون، وە نەلە یۆگاش گەیشتوون، هەر بۆیەشە گەورەترین تاوان ئەوەیە ڕیَگای پاکی تەسەوف پیس بکریَ بەو شتە لارو لەشەڕع دەرچووانەوە، گەورەترین ئینسافیش لەگەڵ خودو واقیعدا زانستیَکی ڕەسەن و ئەزموونیَکی ڕاستە.

ئەوجارە با بچینە سەر خەوی موگناتیسی (پاڕاسایکۆلۆژی)، (هیپنۆسیزم) با بزانین ئەسڵ و ئەساسی هەیە؟

# پاڕاسایکۆلۆژی

زۆر جار بیستوومانە یاخود بینیومانە کەسێك لە ڤیدیۆکان بەهۆی هێزی چاوەکانیانەوە پەرداغێك یاخود شتێکی جوڵاندووەتەوە، یاخود بەهۆی جوڵانی دەستەکانیەوە لقەکانی دارێکی جوڵاندووەتەوە، یاخود کەسێك بیری کەسێکی بەرامبەری خوێندووەتەوەو، زانیویەتی کەچی لەمێشکیدایە، یاخود کەسیّ لەدوورەوە بەهۆی مێشکی نامەی بۆ کەسێکی تر ناردووە، یاخود کەسێك مێشکی کوڕێك یان کچێکی کۆنتڕۆڵ کردووەو، داوای شتێکی لیّ کردووە، یان کەسێك خەوێنراوە بۆ کەشف کردنی بزربوویەك یان کوژراوێك، یان بۆ چارەسەری نەخۆشییەك لەبری بەنج و بەو بۆنەیەوە نەشتەرگەریشی بۆ کراوە، یاخود بۆ فێرکردنی لەڕووی زانستییەوە، یاخود لەبواری سیخوڕی کردن بەکارهێنراوە

بەتایبەتی لای زلهێزەکانی جیهان و، عەلمانییەکان بەگشتی، یاخود دەروێشێك شمشێرو زەرگەی لەخۆی داوە یاخود گلۆپ و شوشەی خواردووە، جا ئەمانە هەموویان لەناو پاڕاسایکۆلۆژی باسی لێوە کراوە، جا ئێمەش زۆر بەکورتی و پوختی لەسەر ئەم پاڕاسایکۆلۆژییە دەدوێین کە ئایە لەحەقیقەتدا پاڕاسایکۆلۆژی زانستەو موتابیقی مەنهەجی زاستخوازەکان و دینە یاخود نا؟

## لە ڕووی زمانەوانی

پاڕاسایکۆلۆژی: لەڕووی زمانەوانیەوە بەمانای (ما وراء علم النفس) لەدواوەی زانستی دەروونەوە دێ. کە لەدوو بەش پێکهاتووە: پاڕا واتە: لەدواوە، سایکۆلۆژی: واتە: زانستی دەروون.

## حەقیقەتی ماناکەی لەڕووی کردارییەوە

لەڕاستیدا بەمانای قوولّبوونەوە دێ لە نهێنیەکانی نەفس و مێشك و وزەی مێشك و توانای شەپۆلە ئەسیرییە دەورەدراوەکانی جەستەی مرۆڤ، وە قولّبوونەوەیە لەناخی مرۆڤ و، چالاك کردنی عەقلّی باتنە کە پێی دەگوترێ نەست. هەروەکوو دەروونناسەکان باسی شعورو لاشعوریان کردووە واتە: (هەست و نەست)، بۆ نموونە گەر کەسێك لەبەردەمت لیمۆیەك لەت بکات و، ئینجا خوێ و سماقی پێدا بکات دەبینین دەمت ئاوی دەکات، جا ئەو ئاو کردنی دەمەت لە عەقلّی باتنەوەیە واتە لە نەست و لاشعورتەوەیە کە بەدەستە خۆت نییە. ئیتر پاڕاسایکۆلۆژیش هەمان کردارە بۆ چالاك کردنی ئەو نەستەیە کە ڕەبتە لەگەڵ وزەی ڕووح و لاشە، ئەمەش بەپێی فەلسەفەی پاراسایکۆلۆژی.

## لەچ شتێك دەکۆڵێتەوە؟

دیراسەکردنی دیاردە فیزیاییەکانە هەروەکوو ئەوەی وا گومانی بۆ کراوە کە ئەمانە شتانێکی فیزیایین، وەکوو (پەی بردن بە دەرەوەی پێنچ هەستەکە، وەکوو ئەو شتەی کەبەسەر دڵ و دەروون و مێشکدا دێ لەشتێکی ڕابووردوو یان داهاتوو وەکوو ئاگادارییەك (تنبؤات)، وە بینین، جوڵاندنەوەی مێشکی، هەروەکوو بەناوبانگە بە جوڵاندنەوەی زیهنی، وە قیاسی نەفسی).

## ئیعتیبار پێ کردنی لەڕووی زانستیەوە

لەڕووی زانستیەوە لای زۆربەی زاناکان بەزانستێکی زائیف واتە: فێڵاوی دانراوە، لەبەرئەوەی شتێکی کەسی و شەخسییەو ئەزموونی کەسییەو، پێویستی بەبەڵگەی ڕووکەشی هەیە تا بزانرێ بنەڕەت و هۆکاری ئەو شتە لەعادەتبەرانە چییە

تاوەکوو ببێتە حەقیقەت. بەڵام لای پاڕاسایکۆلۆژیکارەکان بەزانستی دەزانن و زانکۆش لەبارەیەوە کراوەتەوە لەهەندێ لەوڵاتاندا، وە بەحەقیقەتیشی دەزانن. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هەتاوەکوو ئێستاکە دۆشداماون لەوەسفکردنی ئەو شتە لەعادەتبەرانە کە هۆکارو پاڵنەری ئەو شتانە چین! هەتاوەکوو ئێستاکەش تەفسیرێکی تەواو زانستیانەیان نەخستووەتە بەردیدی مرۆڤایەتی.

## مێژووی ئەو زانستە

لەوەتەی مرۆڤ هەیە لەو شتانەیان کۆڵیوەتەوەو، لایان شتانێکی بەدەر لەعادەت بوونە، ئیتر هەر میللەتەو بەپێی کلتوری خۆیان، بەتایبەت ئاینەکان، وە یۆنانی و میسرییە کۆنەکان و، وڵاتانی ئاسیا. بەڵام وەکوو ئەوەی کەزانراوە لەپاڕاسایکۆلۆژیکاران دەڵێن: "لە ساڵی ١٨٥٣ زایینی

ڕۆبەڕت هێری زانای کیمیایی هەڵسا بە ئەزموونکردنی، ئەمەش لەڕێی کۆمەڵە ناوەندێکی ڕووحی، لە دەرەنجامدا کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەرێیی هەبوو، ئیتر لەدوای ئەویش کۆمەڵێك لە زانای تر وەکوو فرانك بۆدموورو، ئەجینۆر دی جاسپاراو، یۆهان کارڵ فرێدریش هاتن و، زیاتر برەویان بەو زانستە دا. یەکەم کۆمەڵەش لەو بوارە کەدروست بووبێ کۆمەڵەی توێژینەوە دەروونییەکان بوو لە لەندەن لەساڵی ١٨٨٢ زایینی بەناوی (ئێس بی ئاڕ). وە لە ساڵی ١٩١١ زایینی کۆلێژی ستانفۆڕد یەکەم دامەزراوەی ئەکادیمی بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کە پەی بردن بەدەرەوەی هەستەکان (ئی ئێس بی)، وە جوڵانەوەی عەقڵی (بی کەی) تیایدا بخوێندرێ لە ژینگەیەکی تاقیگەریدا، لەدوای ئەمانەش کۆمەڵەی تر دروست بوونە بۆ زیاتر لێکۆڵینەوە لەو دیاردانەو، لەو کەسایەتییە بەدەرلەعادەتانە، یەکەم کەسێکیش کە ناوی پاراسایکۆلۆژی

**لەو دیاردانە دابێ ئەوە زانای دەروونناسی ئەڵمانی ماکس دیسوارڕ بوو لە ساڵی ١٨٨٩ زاینی. ئێستاکە دێینە سەر هیپنۆتیزم کە بەشێکە لە پاڕاسایکۆلۆژی.**

## خەوی موگناتیسی ــ هیپنۆتیزم

وشەیەکی یۆنانییە، بەواتای خەوی دروستکراو دێ، بەڵام لە حەقیقەتدا ناخەوێ بەڵکوو ئاگایی مێشکی کارایەو ئاگاداری خۆیەتی لە ژوورەوە، ئەمما بەشێکی لەبەشێکی دەرەوەی ئاگادار دەبێ، ئەمەش لەحاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تردەگۆڕێ. یەکەم کەسێك کە هیپنۆتیزمی بەکارهێنابێ لەلایەن جەیمس برێدەوە بوو، وە یەکەم کەسێکیش کە هیپنۆتیزمی بۆ چارەسەری نەخۆشی بەکارهێنابێ دکتۆر ئانتوان موسمەڕ بوو لەساڵی ١٧٧٤ زاینی، کە بەموگناتیس دەستی بەتاقی کردنەوەی چەند نەخۆشێك کرد بۆ چارەسەرکردنیان. دکتۆر ئانتوان هەڵسا کۆمەڵە نەخۆشێکی هێناو لەسەر تاوڵەیەکی گەورەی دانان و دەستیان بەموگناتیسێکەوە گرتبوو کە موگناتیسەکە بەیەکەوە بەسترابۆوەو، دواتر لەناو حەوزێکی ئاو

دانرابوو، ئەمەش بۆ ئەوەی لەڕێی موگناتیسەکەوە وزە نەرێییەکان و، دەردەکان خاڵی بکاتەوەو، لەڕێی موگناتیسەکە بیهێنێتە ناو ئاوەکەوە، یاخود ئەو وزەی کە لەناو ئاوەکەدایە کار لەموگناتیسەکە بکات و، دواتر کاریگەری ئەرێیی لەسەر جەستەی نەخۆشەکان هەبێ، بەگوێرەی ئەوەی کە دەگێڕنەوە سوودیان لەو ئەزموونە بینیوەو، هەندێ لەنەخۆشەکانیش چارەسەربوونە.

## جۆرەکانی خەوی موگناتیسی

١. خەواندنی زۆرلێکراو

٢. خەواندنی ئارەزوومەندانە.

## ئارەزوومەندانەش دەکرێتە دوو بەش

١. خەواندنی خەڵکی

٢. خەواندنی خود یان خۆیی.

**فێربوونی خەواندنی موگناتیسی.**

تەبعەن ئەوانەی لەو بوارە کاردەکەن چەندین ڕاهێنانیان داناوە کە سەدا نەوەدی ڕاهێنانەکان لەیۆگا نزیکە، وە هەندێکیشی لە خۆ برسی کردنی صۆفییەکان نزیکە. بەگوێرەی زانیاریەکانی هیپنۆتیزکارەکان ئەوەی بیەوێ ئەو زانستە بەدەست بهێنێ

١. دەبێ خۆی بەدوور بگرێ ماوەیەك لەگۆشت و، هەندێ خواردنیش هەیە دەبێ ڕاهێنانیان لەسەر بکات تاوەکوو خواردنەکان خواردن و نەخواردنیان لەلای وەکوو یەك بێ. دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکانی پاڕاسایکۆلۆژی کە بەدرێژی باسیان لێوە کردووە، ئێمە لێرەدا بواری ئەوەمان نییە باسیان لێوە بکەین.

٢. وه دەبێ ژەمەکانی خواردنی ڕێك بخات.

٣. خۆی بە ئاوی گەرم بشوات و چڵکی لاشەی لێبکاتەوە دواتر ئاوی سارد بەلاشەی دابکات یاخود هەر بەئاوی ساردەکە خۆی بشوات بۆ بەدەستهێنانی وزەی مێشك و جەستە ئەسیرییەکەی.

٤. وە ڕۆژێ چەند جارێك بۆ ماوەی دوو خولەك لە لای دیوارێك پێکانی بەرەو سەرەوە ئاڕاستە دەکات و، لەسەر دەستەکانی ڕادەوستێ تاوەکوو خوێن زووتر بگاتە نێو دەمارەکانی مێشك و چالاك تر بێ. لە لای ڕاهیبە یۆگیکارەکان لەسەر کەلـــلەی سەریان ڕادەوەستن بۆ هەمان مەبەست و بەهێزکردنی کەلـــلەی سەریان کە بەشاولین مەشهورن.

٥. تەرکیز کردن و تێڕامان لەخاڵێکی ڕەش لەناو کاغەزێکی سپی، وە هەڵواسینی کاغەزەکەش بەدیوار بەئاڕاستەی چاو کە نەنزمتر بێ، وە نە بەرزتریش بێ.

٦. شەو و ڕۆژ بیر لەوە بکەوە کە ئەو وزە لە مێشکت چالاك دەبێ و خەیاڵی هەموو کەسێك بکە لە مێشکت کە دەتوانی بیخەوێنی، وە خەیاڵی ئەوە بکە کە چۆن وزەکە لەناو مێشکت دێتە ناو دەستەکانت. ئەمانە زۆر لەمێشکت دەچەسپێنی بەجۆرێ وەکوو مەجنون کە چۆن شەیدای لەیل ببوو. دواتر دەستی ڕاستەت نزیك بکەوە لەدەستی چەپەت بەئەندازەی دوو (سم)، بە مێشکت ئیعاز بنێرە بۆ وزەکە تا لەدەستت دەربچێ و بچێتە نێو دەستی چەپەت، ئەگەر هەستت بە خوران یاخود سڕبوون کرد ئەوە نیشانەی چالاك بوونی وزەی جەستەتە.

٧. لەهەمووی گرینگتر دەبێ عەقیدەت بەو وزەو هێزە هەبێ لەمێشك و جەستەت، واتە دەبێ بڕوات بەوزەی خۆت هەبێ، لە فەلسەفەی یۆگا کۆتاییەکەی بۆ پەی بردن بەسروشتی خودایەتی خۆت بوو، لە پاڕاسایکۆلۆژیش لەبیرکردنی وزەو توانای خودای ڕەهای مەزنەو، بڕوا کردنە بە وزەی خۆت. چونکە ئەوان دەڵێن ئەگەر بڕوات بەو وزەیە نەبێ شتەکەت بۆ نابێ و، وەکوو ئەوە وایە درۆ لەگەڵ خۆت بکەی.

٨. هەوڵدە لە شوێنێکی ئارام دابنیشیت و هەم وەرزشی تەرکیزی خاڵە ڕەشەکەو دانیشتنی یۆگا ئەنجام بدەی بەتایبەتی لە هەناسەدان کە بە لووت هەناسە دەدەیت و بەدەمیش دەیدەیتەوە بە هێواشی.

٩. سەیری گڵۆپ یاخود خۆر بکە ڕۆژێ چەند جارێك (بەڕاستی ئەوپەڕی گەوجاندنی خەڵکە، چاوی مرۆڤ تا ئاستێك

دەبینێ کە خودا بۆی داناوە لەوە زیاتر تیشکەکە بەهێز بێ چاوی بێ هێز دەکات و چاوی تێکدەدات).

## چۆن خەواندن بکەم

سەرەتا لەخۆت دەست پێ بکەو فەرمان بەمێشکت بکە کە ئارام بێت و بکەوێتە خەوی قوولّەوە، مەرج نییە دانیشتبی یاخود پالّکەوتبی، گرینگ چاوت داخەو فەرمانی پێ بکە، هەرچەندە من ئەو فەرمان پێ کردنەم پێ کوفرە دواتر ڕوونی دەکەمەوە، جا کە فەرمانەکەت پێ کرد شەپۆلی مێشکت دەگەڕێتەوە بۆ شەپۆلی ثیتا کە تایبەتە بەخەو و بێداری هەرچەندە هیپنۆتیزمەکان نالّێن خەو و بێداری، ئێمە ئەو زاراوەمان لێناوە، ئەگەر بەبیرتان بێ کە باسی ڕەهەندی عەقلّم کرد لەبەشەکانی پێشووتر کە چۆنەو پەیوەندی لەگەلّ لەتیفەی نەفس و دلّ و ڕەهەندی شەیتانەوە چۆنە، جا لێرەش بەهەمان

شێوە دوای ئەنجامدانی ئەو شتە دەکەویە نێو ڕەهەندی عەقڵەوە، وە هەر لەو ڕەهەندەش پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نەفس و شەیتان هەیە. وە ئەو شتانەی کە بەمێشکت دادێ لەوێ یەکسەر ئامادە دەبێ، هەندێ جاریش شتی ترت پێ نیشان دەدرێ بەبێ ئەوەی بەمێشکت داهاتبێ، جا بەر لەچوونەکەت بۆ نێو ڕەهەندی عەقڵ ئەگەر ژوورەکەت تاریك بێ هەر بەتاریکی دەبینی، ئەگەر ناڕوون بێ ناڕوون دەبینی، ئەگەر ڕووناك بێ بەڕووناکی دەبینی، ئەگەر شەو بێ بەشەوی دەبینی، ڕۆیشتنەکەت بۆ شوێنەکان بەهێواشییەو ڕۆیشتنت بەئاسمان و ڕێگاوبان و، بەناو دەرگاو، پەنجەرەو، دیواردا گشتی بەهێواشییە. وە دەشتوانی چاوت بکەیتەوە... لە ساڵی ٢٠١٧ تەمرینم لەسەر تەرکیزی خاڵی ناو بازنەیەکی جوڵاو کرد کە بەڤیدیۆ دروستکرا بوو، هێندەی پێ نەچوو کەوتمە نێو ڕەهەندی عەقڵ و منداڵێکم ساوام بینی دانیشتبوو پێ دەکەنی

وامزانی سلێمان پێغەمبەرە سەلامی خوای لەسەر بێ، منیش پێم ماچ کرد، کەچی دوای ئەوە منداڵەکە پێم پێ دەکەنی، هەتا تامی ماچ کردنەکەشم کرد کە بێتام بوو ئەتگوت ڕاستییە، دواتر ئەوەندەم زانی لەناو ڕەشاییەك دەنگی خیزە خیزی شەیتان دەهات. دواتر نوسراوێکم نیشاندرا کە نوسرابوو (مەردی خوا لەسەر زەوی ئەوەیە ڕێگای ماکوان بگرێ). واتە: مامۆستا ماکوان یادی بەخێر خودا ئازادی بکات بەڕاستی کەشفی نهێنی ساحیران و شەیتانەکانی کردووەو زۆر جەنگاوە لەگەڵیان. لەم ڕۆژانەش کە دیراسەی پاراسایکۆلۆژیم دەکردو ئەو فەرمانانەم بە مێشکم دەدا( ئەی مێشك فەرمانت پێ دەکەم بەئیزنی خودا بخەوەو، بچۆرە خەوی قووڵەوە، چەند جارێك دووبارەم دەکردەوە، ئەوەندەم دەزانی دەکەوتمە نێو ڕەهەندی عەقڵەوە... دەتوانن ئێوەش ئەوە بکەن تا لەشتەکە تێبگەن. تەبعەن شتێك هەیە دەبێ بیزانن هەموو کەسێك ناتوانرێ

بخەوەندرێ، بەڵکوو هەروەکوو ئەوەی پاڕاسایکۆلۆژیکارەکان دەیڵێن سەدا بیستی خەڵکی دەتوانرێ بخەوێندرێ. چونکە ئەوەی دەخەوێندرێ دەبێ بڕوای بەخەواندنی کەسەکە هەبێ و، متمانەی پێ هەبێ، ئیتر لەوێوە دەتوانێ ئەو کەسە کۆنترۆڵی مێشکی کەسە خەوەێندراوەکە بکات. بەڵام ئەوەی من تەرکیزم کردبێ ئەوانەی دووچاری سیحر لێ کردن دەبن یاخود چاوو زار یاخود نەخۆشی دەروونی ئەمانە زووتر دەتوانرێ بخەوێندرێن، ئەمەش بەهۆی تێکچوونی هالەو شەپۆلە ئەسیرییەکەی دەوری جەستەیەتی. وە تێکچوونی تەرکیزو مشەوەشی مێشکییەتی. ئەو کاتەی کە لەگەڵ مامۆستا فەرمایش ڕووقییەمان دەکرد کەسی وا هەبوو جنی لەلاشە بوو، وە سیحریشی لێ کرابوو، ئیتر لەڕێی ئیعازی مێشکییەوە هەوڵی دەدا کۆنترۆڵی مێشکی سیحر لێکراوەکە بکات و، لەژێر کۆنترۆڵی جنەکە بیهێنێتە دەرەوە، جا کاتێ وەری دەگرتەوە،

ئەگەر ئیعازی خەواندنی بدابایێ دەخەوت، وە بۆ بەئاگا هاتنەوەشی ئیعازی دەدا خەبەری دەبوویەوە، ئەگەر خەبەریشی نەهاتبایەوە، لەسەر پشت درێژی دەکردو پێی چەپەی سیحرلێکراوەکەی دەخستە سەر پێی ڕاستەی ناوبراو، دواتر بە هەردوو پەنجەی ناوەڕاستی دەستی بەخێرایی لەگەڵ ناو هێنانی سیحرلێکراوەکە لە هەر دوو لای چەپەو ڕاستی سەری دەداو دەست بەجێ خەبەری دەبوویەوە. کاتی خۆی کچێك لە هۆش خۆی چوو بوو، بەئاگاش نەدەهاتەوە، چەندین دکتۆریان پێ کردبوو کە چارەسەری بکەن، کەچی سەریان لێ دەرنەچوو بوو، وە دەستەوسان بوون لەئاستی، ئیتر لەڕێی کەسێکەوە خەبەری مامۆستا فەرمایشتیان دا، ئەویش چووە سەر نەخۆشەکەو، بەکەس و کارەکەی گوت: لە کوێ وای لێ هاتووە؟ ئەوانیش گوتیان: لە فلانە خانوو، کە بەجێمان هێشتووە، ئەویش گوتی: دەی با بیبەینەوە ناو خانووەکە،

ئەوانیش بردیانەوە ناو خانووەکەو لەو شوێنەیان دانا کە وای لێ هاتبوو، کچەیان درێژ کردو مامۆستا فەرمایشتیش لەبەردەمی دانیشت و، چاوی داخست، مامۆستا فەرمایش پێی گوتم: بەشوێن ڕووحی کچەکە دەگەڕام کە دەبێ لە کوێ بێ، ئەوەندەم زانی لە شوێنێك بوو، ڕێگای گەڕانەوەی لێ ون ببوو، بەس مامۆستا فەرمایش کە چاوی داخستبوو بەمێشکی ناوی کچەکەی بانگ دەکرد تاوەکوو وەڵامێکی دەستکەوێ و بیدۆزێتەوە، جا کە کچەکە چاوی بەمن کەوت منیش ڕێك گرتم و، هێنامەوەو هاتەوە ناو لاشەی خۆی، یەکسەر کچە چاوی کردەوە، ئەوەی لەوێ بوو تووشی شۆك بوون، دکتۆرێکی لێ بوو، گوتی: ئەو زانستە لەکوێ فێربووی؟ وەرە فێرم بکە، ئەویش گوتی: ببوورە ناتوانم فێرت بکەم. جا لە کچەی پرسی بوو کە چیت کردووە؟ وەڵامەکەی دەزانن چی بوو؟ گوتی: وەرزشی پاڕاسایکۆلۆژیم دەکرد ئیتر لەوەوە وام

لێ هات. جا خۆشەویستان ئەو ڕەهەندەی کە کچەکە تێیدا ونببوو ڕەهەندی عەقڵ بوو، وە ئەوەیشی کە ڕۆیشتبوو ڕووحی نەبوو، بەڵکوو لەتیفەی عەقڵی بوو کە لەناو ڕووحە، کە ڕەبتە بە ئاگایی جەستەوە، لەژوورەوە کچە ئاگاداری خۆی بووە، وە ڕەبتیشی لەگەڵ جەستەی هەبووە، بەڵام ڕێگای گەڕانەوەکەی یان ون کردووە یانیش بەربەستێك هەبووە کە لە ئێمەوە دیار نییەو بووەتە هۆی نەگەڕانەوەی.

## ١. چاو بەهێزکردن.

چاوپیسی بەناوبانگە لەنێو خەڵك، زۆربەی خەڵکی بەهۆیەوە لەناو دەچن، خۆشەویستمان پەنای بەخوا گرتووە لە چاوپیسی، وە دەشفەرمووێ: "چاوپیسی حەقە". بەبڕوای من کەسی چاو پیس لەڕێی پیسی نەفسیەوە تیشکی ڕەش لەڕێی چاوەکانیەوە دەنێرێت بۆ بۆ کەسی حەسوودی پێ بردراو،

کەسی حەسوودی پێ بردراویش بەهۆی ئەوەی کە هالـەیەك بەدەوری جەستەوەیەتی ئیتر ئەو تیشکە ئەو هالـەیە نارێك دەکات و کاریگەری ڕاستەوخۆی لـەجەستەی ئەو کەسە دەبێ یاخود لـە بەشێکی جەستەی. باشترین چارەسەریش کە لـەسەردەمی خۆشەویستماندا کراوە هێنانی ئاوی دەستنوێژی چاوپیس بۆ کەسی حەسوودی پێ بردراوەکە، ئەویش بەڕووخساری خۆیدا دەکات یاخود بەهەموو جەستەیدا دەکات، لـێرەدا نهێنییەك هەیە ئەویش ئەوەیە کاتێ چاوپیس دەستنوێژ هەڵدەگرێ ئاوەکە بەبەر هالـەی جەستەی خۆی دەکەوێ، وەك بلـێی کۆدی تیشکەکەی بکەوێتە نێو ئاوەکەوە، جا هەر کاتێ ئەو کۆدە بەر جەستەی حەسوودی پێ بردراوەکە بکەوێ ئەوە وا دەکات تیشکی چاو پیسەکە کۆدەکەی بشکێت کە لـەڕێی تیشکی چاویەوە ناردوویەتی بۆ سەر جەستەی ئەو کەسە، ئینجا دواتر وای لـێ ئەکات هالـەکەی

ڕێکبخرێتەوە. وە ئازیزمان دەفەرمووێ: "ئەگەر کەسێکتان لە چاوی خۆی ترسا کە حەسوودی بەخەڵك ببات ئەوە با بڵێتن: "ما شاء اللهُ". چونکە لەگەڵ گوتنی ماشاء اللهُ تیشکە پیسەکە بەر کەسەکە ناکەوێ و هالەی دەوری تێکنادات. جا ئەوەی ڕابوورد لەسەر کاریگەری کەسی چاو پیس بوو با بزانین چاوبەهێز کردن ئەسڵی هەیەو تیشکەکەی بۆ چاکە بەکار دێت؟ بۆ تەرکیزی مێشك و چاو بەهێز کردن ئەو تەمرینانەی سەرەوە دەکەی، بەڵام ڕێگایەکی تر هەیە کە لە مامۆستا فەرامایشەوە فێربوومە، ئەویش لەجنێکی موسڵمانەوە کە قوتابی شێخ ئیبن و تەیمیە بووەو، لەسەردەمی پێغەمبەریشدا صلی الله علیه وسلم تەمەنی چواردە ساڵان بووە، بەڵام بەخزمەتی نەگەیشتووە. ئەو جنەش متمانە پێکراوە، ئەمەش بەبەڵگە خۆم لێم بینیوە لەئەنجامی ڕووقیە خوێندندا، جا

جنەکەش لە موسڵمانێك فێری ئەو وەرزشە بووە بۆ بەهێزکردنی چاو.

تەبعەن ڕێگاکە مەتریسیدارەو پێم خۆش نیە هیچ کەسێك بیکات چونکە دڵنیام جنە کافرەکان عەزیەتی دەدەن و، لێی نزیك دەبنەوە، خۆم کردوومەو، هەم سوودم لێ بینیوە، وە هەمیش زەرەر.

١. لە دیار ئاوێنە دادەنیشی بۆ ماوەی چل دەقیقە، بیست دەقە بەچاوی ڕاستەت تەرکیز لەسەر چاوی چەپەت دەدەی بەبێ ئەوەی پێڵووی چاوت داخەی، دوای بیست دەقیقەکە بەچاوی چەپەت تەرکیز لەسەر چاوی ڕاستەت دەدەی، ئەم تەمرینە لەگەڵ خۆ شۆشتن بەئاوی سارد بۆ ماوەی چل ڕۆژان دەکرێ، دوای ئەوە درێژبەو ئاوێنەکە بەسەرتەوە بێ تەمرینەکە دەکەیت،

دوای تەواوبوونی ئەویش بۆ ماوەیەك سەیری ناوی (اللـه) دەكەی.

من بۆیە ئەو تەمرینەم كرد تاوەكوو لەكاتی ڕووقییە خوێندن ئەو كەسانەی كە جنیان لەلاشەیە تاوەكوو بترسێن و، لەلاشەی دەربچن، وە سەیری هەر نەخۆشێكیشمان كردبێ مەحاڵە توانیبێتی سەیرمان بكات، بەتایبەتی هی مامۆستا فەرمایشی تیشكەكەی زۆر زۆر بەهێزە، ئەوانەی كە موعجیبن بەجنۆكەو سیستەمی مرۆڤ بەبچووك سەیر دەكەن فەرموون ئەو ڕووداوە ڕاستەقینە بخوێنەوە، ڕۆژێكیان مامۆستا فەرمایش پێی ڕاگەیاندم كە هەمان جنی موسڵمان ئەوەی تەمرینی چاو بەهێزكردنەكەی فێر كردبوو هاتە لای، تەبعەن ئەو جنە لەمنداڵییەوە چاودێری ئەوی كردووە، لێرەدا ناتوانم ناوەكەی بڵێم لەبەر ماسۆنییەكان. جا گوتی هاتە لام و پێمی گوت:

"لەگەڵ خۆم دەتبەم بۆ ڕەهەندی خۆمان" واتە جیهانی ئەوان جا گوتی: "لەپێشم بازنەیەکی کردو فەرمووی وەرە ناو بازنەکەو چاوت داخە، منیش گوتم ناکرێ چاوم بکەمەوە گوتی نەخێر چونکە تیشکەکە زۆر زۆر بەهێزە نەوەکا کوێرە بیت، جا دەستی گرتم و ئەوەندەم زانی خۆم لە شوێنێك بینیەوە. تەبعەن ئەو ڕۆیشتنە بەجەستەو ڕووح بووە، بە مامۆستا فەرمایشم گوت: ئایە جەستە بووە وزە یان لە ماددیەتی خۆی مابوویەوە؟ چونکە مادە دەبێتە وزەو، وزەش دەبێتەوە مادە، بەڵام لەئێستادا نەتوانراوە وزە بکرێتە مادە جگە لە چەند تیشکێك نەبێ لە تاقیگە توانیویانە بیگوازنەوە لەمەودای چەند مەترێك. جا مامۆستا فەرمایش وتی نەخێر جەستەم وەکوو خۆی بوو، ئیتر ڕەنگە ئەو بازنەیە ئامرازی وێستگەی داخڵبوونی ناو ڕەهەندی ئەوان بووە، هەتا مامۆستا ماکوانیش لە کتێبی مەملەکەتی شەیتان کاتێ یەکێ لە جنە موسڵمانەکان

لەشاری سلێمانی دەیبەنە ناو ڕەهەندی خۆیان بەهەمان شێوە بازنەیەك دەكێشێ بۆ مامۆستا ماكوان دەچێتە ناو بازنەكەو تەكانێك بۆ سەرەوە لێدەداو دەچێتە ناو جیهانی ئەوان. جا بێینە سەر مامۆستا فەرمایش كە گوتی: منی بردە ناو جنۆكەكان كە هەموویان لەسەر شێوەی بەشەر بوون، جنۆكەكە پێی گوتم كە ئەوانە لەپێش چاوی تۆ مرۆڤن ئەمما لەحەقیقەتدا جنۆكەن بۆ ئەمەش سیحر دەكەین كە لە سیستەمی ئێمەدا دروستە بۆ ئەو حاڵەتانە، جا جنۆكەكە ئەوەندەی پێ گوتم كە تەماشای زۆرێك لەجنۆكەكان نەكەم چونكە بەهۆی هێزی چاوتەوە دەسووتێن، یەكێ لە گەورە جنۆكەكان كە گەورەی جنۆكەكان بوو كەوتە گفتووگۆ لەگەڵم و، چاوی لەناو چاوم نا، منیش تەركیزم خستە سەرچاوی و، هێندەی پێ نەچوو چاوی لاداو، گوتی: چاوت زۆر بەهێزە. بەهەرحاڵ ئەمە بەكورتی بوو لەسەر هێزی چاو، ڕێنموویتان دەكەم كە

تەمرینەکە نەکەن چونکە سلبیاتی زۆر ترە لە ئیجابیاتەکەی. لە کۆتایی ئەم بەشە پێتانی دەڵێم کە ئەو زانستە سەدا چەندی زانستییەو، چەندیشی فڕو فێڵی شەیتانە.

## ٢. بیر خوێندنەوە.

ئەمەش سێ جۆر کەس پێی دەگات، کەسێکی خواناس لەڕێی فیڕاسەتی دڵەوە. وە کەسێکی ڕاهێنراو کە پێویستی بەتەمرینەکانی سەرەوە هەیە تاوەکوو بگاتە ئەو هێزە بەپێی وتەی پاڕاسایکۆلۆژیکارەکان، وە کەسێك لەڕێی فێربوونی زانستی زمانی جەستەوە کە دەتوانێ لەڕێی شارەزایی زمانی جەستەوە بیری کەسەکانێك بخوێنێتەوە. هاوەڵێکم ئەوەندە بەتەقوا ودیندار بوو وای لێ هاتبوو کەسێك بهاتبایە بەرامبەری خوای گەورە ئەحواڵی دڵی بۆ کەشف دەکردو دەیزانی چییەتی، هاوەڵێکی ترم هەیە کاتی خۆی بۆ نموونە بەبازاڕدا

دەڕۆیشت لەناکاو خوای گەورە کێشەو گرفتی کەسێکی بەرامبەری پێ نیشاندەداو چارەسەرییەکەشی پێ نیشان دەدا، ئێ نەشدەکرا کابرا ڕابگرێ و، ئەو مەوزوعەی بۆ باس بکات، بۆیە لەخودا پاڕایەوە تا ئەو حاڵەی لەسەر هەڵبگرێ. مامۆستا فەرمایشتیش یەکێکە لەوانەی بەهرەی بیرخوێندنەوەی تێدایە، بەڵام من پێم وایە جنۆکەکان لەسیستەمی خۆیان شتێکیان بەو کوڕە داوەو مێشکی خەڵکی دەخوێنێتەوە، بەگوێرەی پاڕاسایکۆلۆژیکارەکان غوددەیەکی بچووك شێوە صنەوبەری هەیە لەنێوان هەردوو مێشکەوە لە نێوچەوان لەبەشی ژوورەوەی، ئەگەر ئەو غوددەیە چالاك بکرێ ئەوە مرۆڤ دەتوانێ بەو بیرخوێندنەوەیە بگات. ئەوەش بزانە دەکرێ لەڕێی جنۆکەیەکی موسڵمانەوە زانیاریەکانی کەسی ڕاستەوخۆ بچرپێنرێ بەناو مێشکی ئەو کەسەوە، لەوەوەش کەسەکە وا دەزانێ مێشکی ئەوی خوێندووەتەوە، هەروەکوو مەشهوورە

دەگوترێ: زانی کە چی لە دڵمدا هەیە، ئەوەش بزانە هەموو جنۆکەیەك توانای خوێندنەوەی مێشك و دڵی مرۆڤی هەیە بەبێ قسەکردن و ناسینی مرۆڤەکە، چونکە ئەوان دەروونی مرۆڤەکان دەخوێننەوە. جۆرێکی تریش هەن لەڕێی جنۆکەی کافرەکانەوە، وە بوون بەساحیرێتییەوە دەگەن بە بیر خوێندنەوە، ئەمانەش جنۆکەکان زانیارییان پێ دەدەن. ئەم جۆرە مرۆڤانە لەلایەن دەزگا سیخوڕییەکان و سەرکردەکانەوە بوونیان هەیەو کاریان پێ دەکرێ.

**دەرەنجام:** ئەوەی موسڵمانەکە کە لەڕێی تەقواوە پێی دەگات پێی دەگوترێ: فیڕاسەت، کە بەنووری خوا شتەکان دەبینێ هەروەکوو لەفەرموودەی صەحیحی پێغەمبەری خوایا صلی الله علیه وسلم هاتووە: (خۆتان لەفیڕاسەتی مرۆڤی ئیماندار بپارێزن چونکە بەنووری خوا دەبینێ). ئەمە کاتێکە کە

لەتیفەکانی نێو ڕووحی پەردەکانی لادەبرێن و چالاك دەبن. ئیمامی عومەر بەنووری خوا لەسەر مینبەر هاواری بو سارییە کرد (ئەی سارییە چیا چیا) لە کاتێکدا سارییە بەخۆیی و سوپاکەی لەولاتی فارسدا بوون. ئەم کردارە پێم وایە بەو جۆرەیە نووری لەتیفەی نەفس یاخود دڵ یاخود عەقڵ دەردەچێ و، بەیەکێ لە لەتیفەکانی ئەو کەسە دەکەوێ و، پەیوەندییەکە دروست دەبێ و، لای ڕۆشن دەبێ کە ئەو کەسە ئەحواڵی چۆنە، ئەم حاڵەتەش زۆربەی ئەولیا گەورەکانی ئەو ئوممەتە هەیانبووەو، خەڵك شتیان لێ بینیون. فیڕاسەتی زاهیریش کە بەهۆی ئەزموونی زمانی جەستەوە فێری بووە، ئەوە کەڕامەت نییە، بەڵکوو زانستێکی ئاساییەو، بەسوودە، بەڵام پلەکەی زۆر نزمترە لەفیڕاسەتی نووری خوا، چونکە لەفیڕاسەتی زمانی جەستە هەڵە کردن بوونی هەیە، بەڵام لەنووری خوا مەحاڵە. حاڵەتی سێیەمیش یەکێ لەجنەکان

دەچرپێنێ یاخود ڕاستەوخۆ لەپێشی هەواڵی پێدەدات، دیاری کردنی ئەو کەسایەتییە بەپێی ئیلتیزام و پاپەندیەکەیەتی بەشەریعەتی ئیسلام. ئەگەر لەڕێی یۆگاو پاڕاسایکۆلۆژی بەو بیرخوێندنەوە گەیشتبوو ئەوە سەدا سەد بزانن لەو دوو حاڵەتە بەدەر نییە: یەکەم، جنێك هەواڵی پێداوە. دووەم، فیراسەتی زمانی جەستەیە. ئەوەی مامۆستا فەرمایش کەرامەت نییە، خۆیشی وا دەڵێ، بەڵکوو بەهۆی پەیوەندیە توندو تۆڵەکەیەتی بەهەندێ سیستەمی جنۆکەکانەوە، کە وای لێهاتووە هەندێ سیفەتی ئەوان وەربگرێ، ئەمەش هەروای کردووە کە چاوی جەستەی بێهێزبێ بەهۆی زۆر بینینی ئەوان. وە کەسیش ناتوانێ بەساحیری دابنێ چونکە ئاسمان و ڕێسمان لەسیحر دوورەو، لەنزیکەوە کارم لەگەڵ کردووە. بەڵکوو تایبەتمەندییەکە پێی دراوەو جنۆکەکان بەناڕاستەوخۆ فیکرو بیری کەسەکان دەخەنە نێو هزریەوە، وە هەروەها بەهۆی دیڕاسەکردنی زمانی

جەستەوە. هەربۆیەش هیچ کەسێك ناتوانێ فێڵی لێ بکات، بەتایبەتی نەخۆش، ئەگەر بەئەنقەست خۆی نەخۆش کردبێ، ئەو پێی دەزانێ. بەندە لەبەرگی تەسەوف کەسی وام بینیوە کە دەڵێی ئەولیایەو بیری خەڵك دەخوێنێتەوە کەچی لە ساحیرو گورگێك زیاتر هی چی ترنەبووە. ئەمە بکەنە پێوەر لەلای خۆتان بۆ ناسینی کەسەکان.

### ٣. پەیوەندی کردنی زیهنی (تەلەباپی)

دەبینین دایك لەناکاو هەست بەشتێك دەکات لەدڵی کە شتێك بەسەر جگەر گۆشەکەیدا هاتووە، کە دەکۆڵێتەوە ڕاستە، لەو ساتەی کە دڵی خەبەری داوەو شتێك بەسەر کوڕەکەیدا هاتووە، ئەمەش مەشهوورە لای گشت نەتەوەکان.

**تەلەباثی:**

وشەیەکی یۆنانییەو لە دوو بەش پێکهاتووە، تێلە، واتە: لەدووری، باثی، واتە: هەستکردن، واتە: هەستکردن لەدوورەوە، یان پەیوەندی کردن لەدوورەوە. جا بەگوێرەی پاڕاسایکۆلۆژیکارەکان گرینگیەکی ئەو تۆ بە پەیوەندی کردنی زیهنی دراوەو، ڕاهێنانی زیهنی لەڕێی ڕاجا یۆگاوە کە دانیشتنەو، چاو داخستنەو، بیر کردنەوەیە لە زیهنت و، ناردنی وتەیەك بۆ ئەو کەسەی کە دەتەوێ. چەند جارێك دووبارەی دەکەیەوە، دواتر ناو لەپی دەستەکانت بەتوندی لێك دەخشێنی بۆ ماوەی خولەکێك، دواتر بەهەموو پەنجەکانی دەستت بەهێواشی بەرەو پێشەوە ئاماژە بەناردنی وتەکەی ناو مێشکت دەکەی بۆ ئەو کەسە... ئەمە ئەزموونێکی شەخسیە دەتوانن بیکەن کە ئایە ڕاستە یان درۆ. مرۆڤ لەڕێی موبایلەکەوە

دەتوانێ پەیوەندی بەموبایلێکی تر بکات، کەواتە دەبێ لەڕووحی ئینسانیشدا شتێك هەبێ بتوانێ پەیوەندی بەڕووحێکی ترەوە بکات، ئێمە گوتمان لەڕێی چالاك کردنی لەتیفەکان مرۆڤ ئەو توانایەی پێدەدرێ، هەتا مورشیدە کاملەکان لە دوورەوە پەیامەکانی خۆیان لەڕێی لەتیفەکانەوە بۆ موریدەکان دەنێرن لەڕێی خەوەوە، وە لەڕێی خەوو بێدارییەوە، وە لەڕێی بێدارییەوە، ئەم پەیامەش زوربەی جار بۆ پەروەردەکردنی مورید بووە، بەندە نزیکەی حەوت بۆ هەشت ساڵە لەلایەن شێخ عباسی سامەڕاوە بەو جۆرە پەروەردە کراوم، هەموو موریدەکانی تریشی بەو جۆرەن، بۆیە ئەوەم گوت: چونکە ئەمە شتێکی ئەزموون کراوە، جا لەهەمووی عەجایبتر ئەوەیە پەیام و ئیشارەتی مورشید جیا بکەیتەوە لەگەڵ پەیام و ئیشارەتی نەبەوی و خودایی و جنۆکەیی و پیاوچاکێك. چونکە مورید وا دەزانێ ئەوەی لەشێخەکەیەوە بۆی دێ

هەمووی لەخواو نەبەوییەوەیە، کەچی بێ خەبەرە لەوەی ئیجتیهادو پەیامی خۆیشی تێدایە، بەندە لەماوەی ئەو چەند ساڵە خوا لوتفی لەگەڵ کردم لەڕێی ئەزموونی ڕووحییەوە زۆر بەچڕی و وردی توانیم ئیشارەتەکان لێك جیا بکەمەوە، هەر ئەم زانینەش بوو وای کرد نێوان من و هەندێ لە موریدەکانی شێخ عباس و خودی جەنابی شێخ عباس سارد بێ[1]. ئەو

[1] لە کۆتا سەردانم بۆ سامەڕا بە جەنابی شێخ عباسم وت: ئەگەر هەر چەندە جیاوازی لە بیرکردنەوەکاندا هەبێ تۆ هەر باوك و شێخی ئێمەی، خوای گەورە پاداشتت بداتەوە بە چاکترین پاداشت لەسەر ئێمەو ئوممەت. من بە ناڕاستەوخۆ پەیامەکەی خۆم پێ گەیاند ئەویش ئەوەیە: ئەوەی تۆ بیری لێ دەکەیەوەو بۆمنی دەنێری دەچێتە نێو بازنەی ئیجتیهادەوە، بۆیە ناتوانی ناچارم بکەی لە کاتێکدا کە لە شەریعەت لام نەدابێ، دواتر باروحاڵ و واقیعی ژینگەی کەسێك لەگەڵ کەسێکی تر دەگۆڕێ، مەرج نییە تۆ دەرمانێکت دۆزیوەتەوە بۆ دەردێك ئیتر تەنها ئەوە بەچارەسەر بزانی بۆ تێکڕای موسڵمانان، بۆیە ڕووانینی تۆ بۆ

قسانەی کە من دەمکرد لەسەرووی عەقڵی ئەو کەسانەوە بوو. چونکە ناردنی پەیامی سیلبی (نەرێیی) لەکاتێکدا لەسەر ڕاستە شەقامی ئیسلامەتی و، ڕێڕەوی کەڵە زاناکاندا بی کارێکی چاك نییەو، بەرتەسککردنەوەی دینە لەبازنەی کەسێتیدا. ئەوەندە هەیە بەو موریدو شێخە کامڵە گەورانە دەڵێم خودا گەر کەسێکی فێر کرد ئیتر پەیوەست نییە بەتەمەن و نەژادو سەییدایەتی و شێخایەتی و سەردەمی نزیك لە سەروەرمان. بەوە دەبەخشێ کە دەیەوێ. مەمرێنە تا هەزارەکە تەواو دەکەم و، ڕێڕەوی ئەو گەورانەم ڕۆشن بکەمەوە بۆ خەڵك[1].

---

کێشەکان دەچێـە خانەی ئیجتیهادەوە، ئەگەر پێکات ئەوە دووجار پاداشتت دەدرێیتەوە، وە ئەگەر نەشت پێکا ئەوە پاداشتێکت خۆ هەر بۆ هەیە ان شاء الله.

[1] لەبەشەکانی کۆتاییدا بابەتێکی تایبەتم نوسیوە لەسەر ئیشارەتەکانی مورشید.

### ٣. جوڵانەوەی نەفسی یاخود وزەی مێشکی.

گەر سەیری یوتوب بکەین دەبینین دەیان ڤیدیۆ هەیە لەسەر ئەو بابەتە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن مێشکیان توانای جوڵاندنی هەندێ شتی هەیە وەکوو پەرداغ و کاغەزو دارو بەردو هتد، ئەمەش بەزەقی دیارە لەزوربەی فیلمە کارتۆنییە ئەنیمییە کۆری و یابانییەکان، لە حەقیقەتدا ئەو ڤیدیۆیانە سەدا سەدی چەواشەکاری و، درۆیە، گشتی فڕوفێڵی شەیتانە. هەندێکیشیان فێڵی چاوییە، یاخود سیحری خەیاڵبۆکراوییە. کە شەیتانەکان خەیاڵی کردنی ئەو شتەی لەڕێی تەڵەسیمەکانەوە دەخەنە بەرچاوی ئەو کەسە، وەکوو حەبلەکانی ساحیرەکانی بەردەم حەزرەتی موسا کە سیحری تەخەییولی بووەو لەبەرچاویان وادیار بووە کە ئەمانە بوونەتە مار، لەحەقیقەتدا خۆی لە دوو شتدا بینیوەتەوە، یەکەم:

ماددەیەکی کیماوییان لە حەبلەکان داوە بۆ جوڵاندنی حەبلەکان، دووەمیش: شەیتانەکانیش شێوەی حەبلەکەیان کردووەتە بە مار. پێوەر لەو حاڵەتە ئەگەر کەسێك بەدیارکەوت سەدا سەد جنێك کارەکەی بۆ کردووە یان بەئاگاداری خۆی یان بەبێ ئاگایی ئەو، یانیش سیحرە بەسەدا سەدی. بەڵام بۆ ئیمانداریکی ڕاستەقینەی خوایی ئەگەر حاڵەتێك ڕوویدا ئەوە دەبێتە کەرامەت، بۆ پەیامبەرانیش دەبێتە موعجیزە، ئیشارەتی پەنجەی سەروەرمان بووە هۆی لەتکردنی مانگ، هاتنی دار بۆ لای سەروەرمان، وە گریانی دار بۆی، وە زیکر کردنی بەرد لەناو دەستی خۆیی و هەندێ لە هاوەڵانی، وە زیکر کردنی قاپ و دەفری هەندێ لە هاوەڵان، وە پەیدابوونی ڕووناکییەك لەناو دەستی دوو هاوەڵ لەناو تاریکی مەدینە بۆ ڕووناکبوونەوەی ڕێگاکەیان، وە ئەو کافرەی بەخۆیی و شمشێرەکەوە خۆی هەڵدایە سەر ئازیزمان و وتی کێ لەمن

دەتپارێزی؟ وتی: اللە، لەگەڵ وتنی اللە دەست بەجێ لەرزی و کەوتە سەر زەوی. ئەمانە لەسەر ڕێگا ڕاستەکە بەو نورو هێزە ڕووحییە گەیشتوون، نەك لەڕێی تروهاتی زیهنی و باوەڕ بەخۆبوون بەوزەی ڕەهای ئینسان و، ڕێگاکانی تەڵیسم و جادوویەتی، مرۆڤ چ خۆی هەیە تا هێزی خوا لەبیر بکات و بیر لەهێزی خۆی بکاتەوە، تۆ چی ئەی مرۆڤ؟ گەر میزت بگیرێ خەریکە بمری، ئایە هێزەکەت میزە ڕۆت بۆ دەکاتەوە؟ شێخی گەیلانی دەفەرمووێ: "ئەوەی تێرت دەکات خودایە، نەك نان، ئەوەیشی تێراوت دەکات خودایە نەك ئاو"، جا بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعە وایە کە ئەوەی ئاگر دەسووتێنێ خودایە، ئەوەیشی ساردی دەکاتەوە هەر خودایە. بۆیە بە وتە ڕازاوە پووچەکانی پاڕاسایکۆلۆژیکارەکان زۆر بڕوا مەکە چونکە تەنیا کات بەفیڕۆ دانە.

### ٤ . شمشێر لە خودان و شوشە خواردن و ... هتد.

ئەو بابەتە زۆر ئاسانەو سێ حاڵەتی هەیە:

١ . پەیوەندی بەکەرامەت و جنەوە نییە، بەڵکوو غیرەتە، ئەو مرۆڤە غیرەتی هەیە بۆ لەخۆدانی ئەو شتە، دواتر لە هەندێ شوێنی دەدات کە ئەگەر خوێنیشی لێ بێت مەترسی لەسەر نابێ، جا ڕەنگە یەکێ بپرسێ ئەی باشە ئەی بۆ خوێنی لێ نایێ؟ ئێمەش دەڵێین: بەهۆی سڕبوونی لاشەی لەکاتی زیکرەکە ئەمە وادەکات خوێن لەلاشەی تا حەددێکی زۆر بمێنێتەوەو دەرنەچێ، حاڵەتیش هەیە خوێن دێ و ئاساییە. ئەو کەسانە هاتووچۆی گازینۆو کافتریاکان دەکەن و، بگرە هەندێکیان دەشخۆنەوە لەکاتێکدا خۆشیان بەمورید دەزانن، لەو کەسانەم بینیوە. بەڵام ژمارەیان کەمە.

٢. کەرامەتە، موریدێکی بۆ خوا سولحاو و ڕەببانی، بەڵام بۆ لەخۆی دەدات؟ ئەگەر لەخۆدانەکەی لەبەر حیکمەتێکی ئیلاهییەو بەئیشارەتی قەلبییەو، فارمان پێکراوە، ئەوە شتێکی ترە، وە ئەگەر شعوری لای خۆی نەماوەو چووەتە ناو حاڵەتی لا شعورییەوە یاخود سەرووی لاشعورییەوەش ئەوەش شتێکی ترەو کەرامەتە، ئەمما هەر لە خۆتەوە تۆزێك زیکر بکەیت و دواتر لەخۆت بدەیت ئەمە یانی چی؟ تۆ گاڵتە بەخۆت و ڕێگای تەسەوفیش دەکەی؟ کەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمانی بەوە پێ کردووی؟ ئایە سید ئەحمەدی ریفاعی و شێخی گەیلانی ڕۆژێ لەڕۆژان لەخۆیانداوە؟ یان ماریان لەسەر زمانیان دانابێ و، مار پێیانەوە بدات؟ تۆ لە حاڵەتی جەنگیش نی لەگەڵ کافران تاوەکوو حەزرەتی خالید زەهر بخۆیتەوە هەروەکوو داوایان لەو کردو خواردییەوەو هی چی لێ نەهات! جا خۆشەویستان زاناکانی تەسەوف دووبەرەن

لەو بارەوە، بەرەیەکیان لەخۆدان بەموتلەقی بەحەڕامی دەزانن و، بەڵگەکانیشیان بەهێزە، چونکە لاشەی مرۆڤ حەقی لەسەر مرۆڤ هەیەو، ئەمانەتە، بۆیە دەبێ بی پارێزێ، وە خۆ نەخستنە ناو تەهلوکەو بەڵا فەرمانی خودایە لەقوڕئاندا، جا لەخۆدانیش تەهلوکەیە. وە بەرەیەکیشیان دەڵێن: ئەگەر کەسەکە ڕەببانی و خوایی بوو ئەوە کەڕامەتە، ئەگینا ئیستیدڕاج و فێڵی شەیتانە.

٣. کەسی ساحیر یان هیندۆسی و بوزییەکی یۆگیکار لەخۆیان دەدەن یان بەسەر ئاگر دەکەون و هتد ئەمانە جنەکان بەدوو جۆر بۆیان دەکەن، یەکەم: بەهۆی خەیاڵ پێکردنی چاوی خەڵکەوە کە وادەزانن ئەوەی دەیکات حەقیقەتە، وە دووەمیش: لاشەی جنەکە لەگەڵ لاشەی ناوبراو تێکەڵ دەبێ، با نزیکی بکەمەوە لەمێشکی مرۆڤێتی خۆمان، وەکوو جل دەبێتە پۆشاك بۆ ساحیرەکە، لەمەوە جەستەی ماددی

ساحیرەکە لەگەڵ جەستە ماددیە ناسکەکەی جنەکە تێکەڵ دەبێ. ئەمەی دووەمم زۆر پێ ڕاسترە لەهی یەکەم. پێوەر لێرە دیارە، سیحرو شەیتان دەست لەملێی ئەو کەسانەن.

## ٥. چارەسەر کردن بە پاڕاسایکۆلۆژی

ئەوانەی کە توانای خەواندنی ئەو خەڵکانەیان هەیە لەو ٪٢٠ ئەوە دەتوانن وا لەو نەخۆشە بکەن بەچەند قۆناغێك مێشکی خەوێنراو کۆنترۆڵ بکەن و تا دەکەوێتە نێو لاشعورەوە (نەستەوە) لەو حاڵەتە نەستی لە شوێنێکەو ئاگاداری شعور نییە کە ڕەبتی سەرەکی بەجەستەوە هەیە، توانیویانە لەبری بەنج کردن ئەم خەواندنە بکەن، لەو کاتەدا ئاگایی شعور دەکەوێتە قۆناغی لاشعور، لەوەوە جەستەی چی لێ بکەی هەستی پێ ناکات، دەگێڕنەوە شێخ مصطفی نەقشبەندی بەبێ بەنج کردن نەشتەرگەریان بۆ کردووە، لە کاتی نەشتەرگەرییەکە دڵی

زیکری خوای دەکرد، ئەم حاڵەتەی شێخ مصطفی زۆر لە پاڕاسایکۆلۆژیکارەکان باڵاترو بەرزترە، چۆنیەتی خەواندنەکەو قۆناغەکانی خەواندنەکە بەدرێژی لە کتێبەکانی پاڕاسایکۆلۆژی باسیان لێوە کردووە لێرەدا بوار نییە بیخەمە ڕوو.

ئەو حاڵەتە چۆنە؟

مێشکی ئەو کەسە وەکوو گوتمان دێتە ژێر کۆنترۆڵی خەوێنەرەکە، دەتوانێ وای لێ بکات ژمارەکان لە بیر بکات و بیسڕێتەوە لە مێشکی، وە دەتوانێ ناوی خۆیشی لە بیر بباتەوە تا ئەو کاتەی فەرمانی پێ دەکات، دەشتوانێ خووی خراپی لێ بەدوور بکاتەوە، یاخود شتی ئەرێیی و چاکی فێر بکات، وە فێربوونی زانستیش لەو بوارە کاری لەسەر کراوە. هەموو ئەمانە بەهێزی مێشك و کاریگەری وزەی ئەسیری دەور

جەستەکەی خەوێنەرە بەئیزنی خوای تاك. پلەیەك لەوە بەرزترتان پێ بلێم کە بەسەر خۆمدا هاتووە. بەندە نەشتەگەری ژێر هەنگڵی ڕاستەم بۆ کرا بەهۆی کۆبوونەوەی کێم و جەڕاحەت، جا دوای نەشتەرگەریش چاك نەدەبوویەوە، چوومە لای بەناوبانگترین جەڕڕاحی هەولێری، پێی گوتم: ئەگەر نەشتەرگەریشت بۆ بکەم وەکوو خۆی لێدێتەوەو چاك نابێتەوە، منیش چوومە سامەڕای لای جەنابی شێخ عباس نەقشبەندی خودا بیپارێزێ، لە دوای نوێژی بەیانی حاڵی خۆم بۆ بەڕێزیان باسکرد، ئەویش فەرمووی: "وەرە پێشەوە"، منیش نزیك بوومەوە، ئەویش دەستی ڕاستەی بەسەر باڵی ڕاستەم و سینگم دا دەهێنا، وە دەستی چەپەشی بەرەو ئاسمان بەرز کردبووەوە، دەستی بەدوعا کردن کرد، دکتۆر موفیدی هاوڕێشم لە تەنیشت من تۆزێك لەدواوە دانیشت بوو، سەیری پشتمی کردبوو لەو کاتەی کە جەنابی شێخ دوعاکانی

دەخوێند، پێمی گوت: "شتێکی ڕەش لەپشتت دەردەچوو"، سوپاس بۆ خوا هاتمەوە ڕێك چاکبوویەوە. لەمەوە ئەوە تێگەیشتم کە هەر دەردو نەخۆشیەك کە ڕووی لەجەستەی مرۆڤ دەکات وەکوو پەڵەیەکی ڕەش وەکوو بوخارێکی ڕەش ئەگەر ناوی لێ بنێین بۆ نزیك خستنەوە لەمێشکی خۆمان دەوری ئەو شوێنە دەدات، واتە: ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر شەپۆلە ئەسیرییەکە دەبێ، کاتێ کە شوێنی جەستە ماددیەکە چاك دەبێتەوە ئیتر ئەو پەڵە ڕەشانەش نامێنن کە تێکەڵ بە شەپۆلە ئەسیرییەکە بوونە.

ئەو حاڵەتەی شێخ عباسیش پەیوەندی بەپاڕاسایکۆلۆژییەوە نییە بەڵکوو زۆر لەو باڵاترو گەورەترە، ئەو ئەنوارەی لەڕێی دەستی چەپیەوە داخیلی نێو ئەلّتافەکانی دەبێ و لەوێیەوە نەقلّی ئەلّتافەکانی جەستەی ئەو کەسە دەکات، ئەوەی دێتن

نووری ئیلاهییه بەبێ ئیتتیاحدو حلول (واتە: مرۆڤ بیر لەوە نەکاتەوە خودا تێکەڵ بەو مرۆڤە دەبێ، چونکە ئەو تێکەڵییە فەلسەفەی هیندۆس و بوزییەکانە)، جا کە ئەو نوورە گەیشت بە ئەڵتافەکان لەوێشەوە ڕاستەوخۆ لەگەڵ جەستە ماددییەکە تێکەڵ دەبێ و بەئیزنی خودا چاك دەبێتەوە.

جنۆکەکانیش دکتۆریان هەیە. بۆ نموونە ئەو کەسەی کە مێشکی تێکدرابێ لەڕێی تەڵیسمی سیحرو جنۆکەوە، جا دوای تێکشکاندنی کۆدی سیحرەکەو دەرکردنی جنۆکەکە، ئەو دکتۆرە دێتە ناو مێشکی نەخۆشەکە، ئیتر دەست بەچارەسەری مێشکی دەکات، لەوانەیە جۆرە تیشکێك بەکاربهێنێ کە هێشتاکە زانستی ئێمە پێی نەگەیشتبێ، وە لەوانەشە ئەو وەسوەسەیەی کە پەیدابووە لەمێشکی سیحر لێکراو ئەویش هەڵدەستێ وەکوو گەشەپێدانێك وتەی ئارامبوونەوەو شتی تر

دووباره بکاتەوە لە مێشکی، وە لەوانەشە جۆرە دەرمانێك بەکاربهێنێ کە بەگوێرەی سیستەمی ئەوان کار لەسەر جەستەی مرۆڤ بکات و هۆکاری چاکبوونەوە بێ، هاتنی ئەو جۆرە دکتۆرانە زۆر دەگمەنە، واتە بۆ هەموو ڕووقیە خوێنێك ڕوو نادات، ئێمە هەندێ حاڵەت لەدوای چارەسەر کردنی ئەو جۆرە نەخۆشانە لەگەڵ مامۆستا فەرمایش ئەو جنۆکە موسڵمانەی کە بەردەوام چاودێری مامۆستا فەرمایشی کردووە دەهات و دەیگۆت: قورئانێك پێ بکەن بەموبایل، ئەویش دەچوویە ناو مێشکی نەخۆشەکەو چارەسەری دەکرد، ئەو چارەسەر کردنەشی لە دکتۆرێکی جنۆکەی هاوڕێی فێرببوو، وە هەتا ئەو کاتەی مامۆستا عبد اللە هەرتەلی دووچاری شێرپەنجە ببوو، مامۆستا فەرمایش پێی ڕاگەیاندنم کە جنۆکە هاوڕێکەیی و دکتۆرێکی جنۆکە بەبێ ئاگاداری مامۆستا هەرتەلی و خانەوادەکەی چووبوون چارەسەری بۆ بکەن، وە

کاریشیان لەسەر کردبوو بەڵام نائومێدبوون، چونکە شێرپەنجەکە هەموو سینگی گرتبۆوە. هەزار ڕەحمەتی خوای لێ بێ.

٦. ئایە مرۆڤ دەتوانێ پەی بەشتەکانی داهاتوو و مردنی خۆی ببات؟ حاڵەت هەیە مرۆڤەکە غەیرە دینیشە کەچی خودا شتێکی داهاتووی پێ نیشان دەدات، حیکمەتی ئیلاهی پەیوەندی بەدینەوە نییە، بەڵام ئەوانەی دەست بەدین دەگرن و خۆپارێزن لە سنوورەکانی شەڕع ئەوە زۆر زیاتر خودا شتی داهاتوویان پێ نیشان دەدات گەر ویستی لەسەر بێ، ئەو پیشاندانەش چ لە ڕێی خەونەوە بێ، یاخود خەوو بێداری، یاخود بێداری، لە هەر یەکێ لە ڕەهەندەکان هەروەکوو گوتمان، ئەو زانینەش پەی بردنە بەشتێکی غەیب، نەك پەی بردن بێ بەگشتییەتی غەیب، چونکە گشتییەتی غەیب بەڕەهایی

تەنها خودا دەیزانێ، جا کاتێ شتێك لە نهێنی خۆی بۆ کەسێك دەردەخات ئەمە پێی ناگوترێ غەیبزان، بەڵکوو بەشێ لە غەیب دەرخراوە بۆی، ئەم حاڵەتەش لە پەیامبەرانەوە بگرە تا هەموو ئەولیاکانی ئوممەت بینراوە، وە زۆرینەی ئەولیاکانیش بەر لەمردن ئاگادار دەکرێنەوە کە دەمرن، ئەمە شتێکی هەستپێکراوە لەناو ئەو ئوممەتە، ئەوەی کە لە قورئانیشدا هاتووە لەو پێنج شتە غەیبییە ئەوە مەبەست گشتییەتی ئەو غەیبەیە، بۆ نموونە هەموو زانیارەکانی مردن و ئەوانەی سەرپەرشتی ڕووح کێشانەکەو چرکەی هەناسەکانی و وردەکاری شوێنەکەیی و تێکڕای کرداری مردنی ئەو کەسەو تێکڕای مەلەفی مردنی ئەو کەسە ئەمە تەنها خودا دەیزانێ، بەڵام گەر خودا شتێك لەو گشتییەتە دەربخا ئەوە هیچ تەعارڕوزێك نییە، بەڵکوو ئەمە هێڵی ناوەندە بۆ لێك تێگەیشتن لە مانای دەقیقی قورئان و واقیعی هەست پێکراوی ئەولیاکانی

ئوممەت، بۆ نموونە ئیمامی غەزالی بەر لە مردنی بەیانییەکەی خۆی شۆردو نوێژی بەیانی کردو داوای کفنەکەی کردو درێژبوو... ئیمامی نەوەوی پێی ڕاگەیەنرا کە بچێتەوە فلاّنە شوێن لەوێ وەفات دەکات و دەمرێ، فلاّن فلاّن فلاّن، سەدان نموونە بگرە هەزاران نموونە هەیە لەناو ژیاننامەی زاناکان. ناتوانرێ ئینکاری لەو حەقیقەتە بکرێ، شێخ عباس ریسالەیەکی تایبەتی لەسەر ئەو بابەتە هەیە بەناوی (موازنة بعقیدة الغیب)(هاوسەنگی ڕاگرتن لە باوەڕبوون بەغەیب)، مامۆستا محمد عبد اللـه بەرزنجی کردوویەتی بەکوردی زۆر گرینگە بیخوێننەوە. وە سەبارەت هەر بەو بابەتە دەتوانی سوود لە کتێبەکەی بەندەش وەربگری بەناوی (ژیانەوەی دڵی ئیمانداران).

وە سەبارەت بەوەی کە ساحیرەکان لەبارەیەوە هەواڵی دەدەن ئەمانە گشتی لەلایەن زانیارییە زۆرینە درۆیینەکانی جنۆکەکانەوەیە، جاری واش هەیە بەشێکی کەم لەو زانیاریانە ڕاست دەردەچن، چونکە جنۆکەکان پۆل پۆل لەسەر یەکتری ڕادەوەستن تا دەگەنە ئاسمانی دونیا، لەوێشەوە تا زانیارییەك لە ئەهلی ئاسمان ببیستن، ئەوان لەم حاڵەدانەو پۆلە ئاگر بۆیان دێ و دەسوتێن، جا بەر لە سوتانیان زانیاریەکان بەوەی ژێرەخۆی دەدات، ئەوەکەی تریش بەژێرەکەی خۆی، ئیتر هەر خوا دەزانێ تا ئەو زانیارییە بە ئیبلیس و ساحیرەکان دەگات چەند زیادو کەمی تێدەکرێ. وە هەر شتێ کە لەڕابووردوو ڕوویدایە زانیاریەکان لە جنەکانەوە بە ساحیر دەگوترێ، سەدان درۆی تێدەکەن، ئەم درۆیانەش زۆربەی جار بۆ تێکدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە.

## خولاسه

مامۆستا ماكوان دەڵێ: "چەند مانگێك خەریكی وەرزشەكانی پاڕاسایكۆلۆژی بووم كەچی هەمووی درۆ بوو"، ئەمەش لەكاتێكدایە خۆی تا حەددێك لەناو بازنەی جنۆكەكاندایەو وردەكای دەقیقی لەبارەی پاڕاسایكۆلۆژییەوە پێ دەڵێن، چونكە دەزانن ئەوان كوو ئێمە دەبینن؟ وەكوو ئەوە وایە مرۆڤایەتی هەموویان لەناو ساحەی یاری تۆپی پێكردندا بێ، وە جنۆكەكانیش دانیشتبن بەدیارمانەوە، چونكە ئەوان حەقیقەتی ڕووە مەعنەوییەكەی ئێمە دەبینن. بەڵام من بەپێچەوانەی مامۆستا ماكوانم، پێم وایە پاڕاسایكۆلۆژی سەدا بیستی زانستییە، ئەوەكەی تری فڕو فێڵ و جن و تڕوهاتی خەیاڵە. ئەو سەدا بیستەش ئەزموونی خۆم و دەورروبەرمە. لەپاڕاسایكۆلۆژییەوە فێری ئەوە بووم كە ئاسانترین ڕێگایە بۆ

چوونە نێو ڕەهەندی جنۆکەکان و عەقڵ و نەفس، بەتایبەتی جنۆکەکان، وە چۆن ئەو ئیعازانە بەمێشك دەدرێ لەکاتێکدا خۆی لەڕەهەندی جنۆکە دەبینییەوە، ئاخر ئیعازی ئارام بەوە ئەی مێشك و بخەوە نێو خەوی قووڵەوە دەبێ چ پەیوەندیەکی بەڕەهەندی جنۆکەکانەوە هەبێ، چەند جار ئەمەم تاقی کردەوە خۆم هەر لەوێ دەبینیەوەو دەکەوتمە ناو شاری ئەوان، خودای گەورەش لوتفی لەگەڵ کردووم هەر جارێ چووبووم شەڕم کردووە لەگەڵیان، یاخود خۆم لێیان ون کردووە.

سەرم قوربانی ڕێگای محمدی بێ صلی الله علیه وسلم، هەموو دەرگاکان بۆ مەعریفەی حەقیقی خودای تاك و تەنها داخراون جگە لەدەرگای خۆشەویستمان نەبێ (صلی الله علیه وسلم). بۆیە خۆت ماندوو مەکەو مەگەڕێ بەدوای دەرگای تر.

**ئەم جارە دێینە سەر باسی بوون بەساحیرو جۆرەکانی خەڵوەو جن موسەخخەرکردن.**

## بوون بەساحیرو جۆرەکانی ئامادەکردنی جن و خەڵوە.

أعوذ بالله من الشيطان الرجيم

ئەم بابەتە زۆر هەستیارەو بەوردی لەگەڵمان بە، تاوەکوو مرۆڤەکانی ئەو ڕێگایە بناسیق و، ڕێگات لیٚ ون نەکەن.

### بوون بەساحیر

بێگومان مرۆڤایەتی لە سەردەمانی زووەوە هەوڵیانداوە ببن بەکەسانێکی بەدەر لە عادەت، ئەمەشیان بۆ دەستەبەر نەبووە ئیللا بەپەنا بردن بۆ جنۆکەکان نەبیٚ و، لەوێشەوە فێری تەڵیسمە ڕووحانییەکان بوونە لە ڕێی شەیتانەکانەوە، ئەمەش بۆ خۆ دەرخستن لەنێو خەڵکی کەوا ئەوانە کەسانێکی بەدەر لە عادەتن و، توانای کردنی شتانێتکی بەدەر لە عادەتیان هەیە، ئیتر هەر لە دۆزینەوەی شتان و، خۆشەویستی خستنە نێو نێرو

مێیەك یاخود بەپێچەوانەوە، وە نەخۆش کردنی خەڵك و، کوشتنیان، وە دووچاری کردنیان بەدەردو بەڵاو، خۆ خۆشەویست کردن لەلای خەڵك و، قسە کردن لە نهێنییەکان و، خۆ گواستنەوە بۆ جیهانی جنۆکەو، شوێنەکانی تری سەر ڕووی زەوی و، هتد.

## چۆن مرۆڤ دەبێتە ساحیر؟

بێگومان بوون بەساحیر وا ئاسان نییە، بەڵکوو چەند بنەماو وەرزشێکی تایبەتی خۆی هەیە، تاوەکوو پەیوەندی بە سەرۆکی هۆزێکی جنۆکە دەکاو، لەوێشەوە جنۆکەکانی ئەو سەرۆك هۆزە لەخزمەتیدا دەبن. ئەو وەرزشانە، هەمووی پێچەوانەی فیترەتی ساغی مرۆڤێتی و، شەریعەتی ئیسلامە. هەر بۆیەشە ئەوانەی ئەو وەرزشە دەکەن بێ یەك و دوو کافرن و لەبازنەی ئیسلامەتی دەچنە دەرێ.

١ . دەبێ پەیوەندی بەساحیرێك بكات، تاوەكوو ڕێنموویی بكات و، ناوی ئەو جنەی پێ بلێن كە دەبێتە خزمەتكاری و، هەمیش دەبێتە خودای. ئەو ساحیرە پەیوەندی بە جنە خوایەكەی خۆی دەكات و، تاوەكوو ئەویش بێتە ناو بازنەی ساحیران. بەڵام كەسی وا هەیە بەبێ ناوەندی ساحیر كتێبێكی سیحری دەكاتە ناوەندو شتەكانی كتێبەكە جێ بەجێ دەكات.

٢ .لە ژوورێكی تەنیا یاخود چیاو دەشت و دۆڵ بۆ ماوەی ٤١ ڕۆژ دەبێ خۆی لەخەڵك كەنارگیر بكات.

٣ . بازنەیەك دەكێشێ و، دەچێتە نێو بازنەكە.

٤ . هەرچی سوكایەتی و، جوێنە بە خوداو پێغەمبەر گیان صلی اللە علیە وسلم دەبێ بیكات و بیدات.

٥. هەرچی مەزنی و، شکۆیەتی هەیە دەبێ دەری ببڕێ بۆ جنۆکەکە.

٥. دەبێ قوربانی بۆ جنۆکەکە بکات، بەتایبەتی پەلەوەرو ئاژەڵی ڕەش، قوربانیەکەش دەبێ بەپێچەوانەی دەستووری ئیسلامی بێ، ئەوەش بەناو هێنانی جنۆکەکە لەسەر ئاژەڵەکە، یاخود کوشتنی ئاژەڵەکە.

٦. خواردنی شتە حەڕامکراوەکان.

٧. لەبەر کردنی جلێکی پیس و بۆگەناوی.

٨. خۆ نەشوشتن.

٩. زینا کردن لەگەڵ کەسێکی نامەحرەم یاخود مەحرەمی خۆی، بەتایبەتی زینا کردن لەگەڵ کەسی مردوو، ئەمەش بەهەڵدانەوەی گۆڕەکەی.

١٠. خوێندنەوەی قورئان بەپێچەوانەوە.

١١. پارچەکردنی قورئان و، کردنی بەپێڵاو، بۆ چوونە ناو تواليێت پەنا بەخوا.

١٢. ناوهێنانی خواو پەیامبەرەکەی لە تواليێت.

١٣. ئاو هێنانەوەی خۆی بەدەست، کە ئەمە وەکوو دەستنوێژ وایە بۆی.

١٤. سوجدە بردن بۆ جنۆکەکە.

١٥. ئەگەر کەسێك بکوژێ زۆر زیاتر لەجنەکە دەچێتە پێشەوەو هەلی گەورەبوونی لەناو ساحیران زیاترو بەرزترە.

١٦. هەڵپەڕین وەکوو مەیموون لەناو بازنەکە.

١٧. گوو خواردن ئەمەش حەتمییە دەبێ بیکات.

## ١٨. بانگکردنی جنۆکەکە یا فلّان...

جا کە وادەکەی تەواو کرد ئەو کاتە جنەکە بە هەیبەتەوە یان خۆی بۆ دەردەخا، یانیش تەنیا گوێی لەدەنگی دەبێ. دواتر سوجدەی بۆ دەبات و، دووپاتی خوایەتی بۆ دەکات، ئەویش دەبێتە کۆیلەو ژێردەستەی ئەو، دواتر پەیماننامەیەك لە چەرمی ئاژەڵ دەنوسرێ لەنێوان ساحیرەکەو جنۆکەکە، ساحیرەکە دەبێ بەخوێنی خۆی بینوسێ، وە کۆدی ساحیرە پیاوەکانیش جیاوازە لە کۆدی ساحیرە ئافرەتەکان، ئەمە بەناوبانگە لەناو ساحیران. دواتر کە پەیماننامەکە بەخوێن مۆرکراو، لەشوێنێك دەیشارێتەوە بەتایبەتی گۆڕستان، تاوەکوو لەخەڵکییەوە دووربێ و، سەلامەت بێ. تەبعەن شوێنی ئەو پەیماننامەیە لەگەڵ خودی پەیماننامەکە وەکوو شەپۆلێکی ڕەش و دوکەڵێکی ڕەش وایە. لاچوونی ئەم دووکەڵە بابەتێکی ترە. جا

دوای ئەوە هەر شتێك داوا بكات ئەویش بەو پەڕی خۆبەگەورەزانین و، منەت خستنە سەری كارەكەی بۆ جێ بەجێ دەكات. تەبعەن جۆری مەلیكەكانی جنۆكەكان بەهەموو ساحیرێك موسەخخەر نابێ. بەتایبەتی ڕۆڵەكانی ئیبلیس ئەمانە لە مەلیكە هەرە پیسەكانن.

دوای ئەوەی كە بووە ساحیر، ئیتر دێتەوە ناو خەڵك و، خۆی بەپیاوچاك دەناسێنێ و، خۆی لە ئەهلی تەریقەتەكان نزیك دەكاتەوە، چونكە عەوامەكانی ناو تەریقەت زوو هەڵدەخەڵەتێن بە كەرامەت، ئەوان توانای پەی بردن بە ئیستیدراج و كەرامەتیان نییە، ئیتر لەوەوە دەبنە كەسانێكی ساویلكەو، بڕوای پێ دەكەن.

دوای ئەوەش خەڵك دێنە لایی و، تاوەكوو نوشتەیەكیان بۆ بكات بەچەند وەرەقەیەك، ئافرەتێك نەدەخەوت، ئیللا

دەیگۆت بمبە لای فلّانە کەس تاوەکوو نوشتەکم بۆ بکات، ئەوانیش چووبوونە لایی و، بە چەند وەرەقەیەك نوشتەیەکیان بۆ کردبوو، دوای ئەوە خەوی لیّ کەوتبوو، جا قەدەری خوا ڕۆژێك مامۆستا فەرمایشتیان بانگ کردبوو، ئەویش گوتوبووی: کا ئەو نوشتەم بدەنیّ بزانم چی نوسرایە، کە دەکاتەوە نوسرابوو (لۆ حەیوانی نانووی؟)، ئەویش دەستی کردبوو بەپێکەنین، و بەپیاوەکەی نیشاندابوو. جا ئەوانەی کە دێنە لای ساحیرەکە بە پێی جۆری سیحرەکەو ئامادەکردنی جنەکە بۆ کردنی کارەکە ئیتر جۆری خەلّوەکانیش دەگۆڕێ.

بۆ نوسینی ڕێگاکان سوودم لە بلّاو کراوەیەکی عەرەبی بینی، منیش بەدەستکاریی و زیادکردنەوە بۆتانم لێرە نوسیوەتەوە.

١. ڕێگای سوێند خواردن: وەکوو گوتمان دەچێتە ژوورێکی تاریک، ئاگردانێك لەپێشە خۆی دا دەنێت و، بەپێی جۆری کارەکە جۆری بخوورەکە دەخاتە ناو ئاگرەکەوە، ئەگەر هاتوو بۆ لێك جیاکردنەوە بوو یاخود نانەوەی ئاژاوەو دوژمنایەتی بوو، یاخود وێنەی ئەمانەش، ئەوە بخورێکی بۆن ناخۆش دەخاتە ناو ئاگرەکە، وە ئەگەر بیەوێ خۆشەویستی بخاتە دڵی کەسێکەوە وە وێنەی ئەمەش ئەوە بخورێکی بۆن خۆش دەخاتە ناوی، پاشان دەست دەکات بەخوێندنەوەی عەزیمەتە کوفرییەکان،کە بریتییە لە چەند تەڵیسمێکی دیاری کراو، وە سوێند خواردن پێیانەوە وەکوو (سوێند دەخۆم بەحەققی تۆ ئەی تەهتەهوش ئەی فەرفەهووش)، وە وێنەی ئەو وتانەش دەڵێن ئەمە وەکوو نموونە، تاوەکوو جنە سەخیفەکە لەلای ئامادە بێ و، کارەکەی بۆ بکات. تەبعەن جۆری سیحرەکە پەیوەندی بەجۆری جنەکەش هەیە، چونکە ئەو جۆرە جنانە

هەن: (هەوائی، خاکی، ئاوی، ڕووناکی، ئاگری). توانای هەریەکێ لەمانە جیایە لەوەکەی تر، هەریەکەیان توانای کارێکی تایبەتی هەیە. تەبعەن کەتەواو بوو لە عەزیمەتە کوفرییەکان ئەویش لەسەر شکڵی ئاژەڵێك دێتن یاخود مرۆڤێك، یاخود لەسەر شکڵی خۆی، لەبەرچی ساحیر دەتوانێ لەسەر شکڵی خۆیان بیان بینێ؟ چونکە چووەتە ناو بازنەی ئەوان، ئێمەی مرۆڤایەتی لەدەرەوەی سیستەمی ئەوانین هەربۆیەش زۆر زۆر بەدەگمەن لەسەر شکڵی خۆیان دەبینرێن، ئەوانەیش کە لەسیستەمی ئێمە دەیان بینن بەهۆی سیحر لێ کردنیانەوە کە بەشێکی چووەتە ناو سیستەمی ئەوانەوە. ئەگینا زۆربەی زاناکان لەسەر ئەوەن کەوا مروڤ ناتوانێ بەچاو لەسەر شێوەی خۆیان بیان بینێ. ئەمەش بابەتێکی ترەو، پەیوەندی بەو پەیامەوە نییە کە من دەمەوێ بیگەیەنم. جا کە جنەکە هات، دەبێ ساحیرەکە شوێنەوارێکی ئەو کەسە بهێنێ بۆ نموونە

وەکوو موو یاخود پارچە جلی ژێرەوەی کە ئارەقەی کەسەکەی پێوەبێ. ئەم شتە دەبێتە ناوەند تاوەکوو جنەکە کۆنترۆڵی کەسەکە بکات، تەبعەن ئەوەش بەئیزنی خودایە، خودی جنەکان تیشکیان هەیە، لەڕێی ئەو تیشکانەوە کاریگەری لەسەر سیحر لێکراوەکە دەکەن، هەتا ئەو ناوەندەش بەتاڵ نەکرێتەوە ئەوە سیحرەکە لەسەری هەر دەمێنێ، وە جنەکەش هەر لەلای دەمێنێ، بۆیە وا چاکە زوو ببیندرێتەوەو بەتاڵ بکرێتەوە.

٢. ڕێگای سەر بڕین: ساحیر لەو ڕێگایەدا دەبێ باڵندەیەك یاخود ئاژەڵێك یاخود کۆترێك، یان غەیری ئەمانەش سەر ببڕێ، ئەم جۆرە باڵندەو ئاژەڵ و پەلەوەرانە سیفەتی دیاری کراوی خۆیان هەیە کە بەزۆری دەبێ ڕەنگی ڕەش بن، چونکە جنۆکەکان زۆر حەز بەڕەنگی ڕەش دەکەن. ئینجا سەری

دەبڕێ و، ناوی خوای لەسەر ناهێنێ و، ناوی جنەکەی لەسەر دەهێنێ، هەندێ جار خوێنەکەی لە نەخۆشەکە دەدرێ، وە هەندێ جاریش ئەو کارە ناکات، پاشان فڕێدەداتە ناو کەلاوە یاخود بیر یاخود چۆڵەوانی، کە بەزۆری جنۆکەکان تێیدا نیشتەجێن، پاشان دێتەوەماڵەکەی خۆیی و، دەست بە عەزیمە کوفرییەکان دەکات، پاشان فەرمان بەجنەکە دەکات بۆ کردنی کارەکە.

٣. ڕێگای سوفلی. ئەم ڕێگایەش پیسترین ڕێگای سیحر کردن و، ئامادەکردنی شەیتانەکانە. لەم ڕێگایە داوای لێ دەکرێ قورئان پارچە پارچە بکات و، بیکاتە پێڵاو و، لەپێیەکانی خۆی بکات و، بچێتە توالێت. وە نێربازی و، زینای پێ دەکرێ، هەر بۆیەشە سیحری سوفلی گەورەترین کوفریات و تاوانی تێدایە لەچاو ڕێگاکانی تر.

٤. ڕێگای پیسی: ئەم ڕێگایەش چی لەوانی تر کەمتر نییە لە پیسی، لێرەدا بۆ کردنی سیحرێك دەبێ قورئان بنوسێتەوە بەخوێنی ئافرەتی عادەتدار (واتە: خوێنی سووری مانگانەی ئافرەت). یاخود بە شتێکی پیس لەغەیری خوێن دەنوسێتەوە تاوەکوو جنەکە لەلای ئامادەبێ و، کارەکەی بۆ بکات.

٥. ڕێگای نزمی یاخود لێککردنەوە: ئەمەش بریتیە لەنوسینەوەی سورەتێکی قورئان پیت بەپیت بە پێچەوانەوە تاوەکوو کۆتایی سوورەتەکە، لەگەڵ تێکهەڵکێشکردنی عەزیمەتە کوفرییەکان.

٦. ڕێگای ئەستێرە: ئەمەش بەسەیرکردنی ئەستێرەیەکی دیارکراو دێ هەتا دەردەچێ، پاشان هەڵدەستێ گوفتاری لەگەڵ دەکات ئەمەش بەخوێندنەوەی تەڵیسمی سیحرییەوە، پاشان هەندێك جوڵە دەکات وا دادەنێ کە هەڵدەستێ بە

دابەزینی ڕووحی ئەستێرەکە، لە کاتێکدا ئەمە پەرستنی ئەستێرەکەیە، ئەگەرچی کەسی ئەستێرە پەرست هەست بەوە ناکات کە ئەوە پەرستنە. وە ساحیرەکان وا دەزان کە ئەو جۆرە سیحرە ناکرێتەوە ئیللا بەدەرکەوتنی ئەو ئەستێرەیە نەبێ. هەندێ ئەستێرە هەیە لە ساڵێ جارێك دەردەکەون، هەر بۆیەشە چاوەڕێی دەرکەوتنی دەکەن. ئەگەر بەبیرتان بێ ئێمە لە یۆگاو پاڕاسایکۆلۆژی باسی وەرزشکێمان کرد کە خۆیان دایانناوە، ئەو وەرزشەش بەحسابی خۆیان بۆ چاو بەهێز کردنە، کە سەیرکردنی خۆرە لە کاتی خۆر هەڵاتن و پێش خۆر ئاوابووندا. دەبێ بەدیار خۆرەوە دانیشێ، دەزانن لە فەلسەفەی یۆگادا ئەو دانیشتنە پەرستشەو ئەوەش ماناکانیەتی.

دەبێ ناوەکانی خۆر بلێتەوە.

١. ڕافاناماها: واته: سەرم شۆڕ کردووه بۆ ئەو خۆرەی کە هەموو سوپاسی دەکەن.

٢. سوریاناماها: واته: سەرم شۆڕکردووه بۆ ئەو خۆرەی کە ڕێنیشاندەری هەمووانی.

٣. بەهانافیناماها: واته: سەرم شۆڕکردووه بۆ خۆرەی کە پێدەری جوانییە.

٤. سافیتەرناماها: واته: سەرم شۆڕ کردووه بۆ خۆرەی کە پێدەری ژیانە.

جا ئەوانەی دەڵێن ئێمە ئەو وەرزشە دەکەین، بەڵام ئەو وشانە ناڵێین و، باوەڕەمان وانییە، بەڵکوو تەنیا بۆ چاو بەهێز کردنە، ئێمەش دەڵێین: تەنیا درۆ کردنە لەگەڵ خۆتان، چونکە شتێك لە بنەڕەتدا لەسەر شتێکی پیس و بونیات نرابێ هەر

بەپیسییەوە دەمێنێتەوە، ئەم وەرزشە لە یۆگادا لەسەر بنەڕەتێکی فەلسەفی بونیاتراوە، فەلسەفەکەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە جنەکانەوە هەیە، ئیتر نەخۆت هەڵخەڵەتێنە، وە نەخەڵکیش، چاو بەسەیر کردنی خۆر بەهێز نابێ، بەڵکوو زیانیشی بۆی دەبێ.

وە هەروەها کەڵوەکانیش ڕێگایەکی ساحیرەکانەو، هیچ پەیوەندی بەزانستی فیزیایی و، گەردوونییەوە نییە، بەڵکوو لەسەر ئەساسێکی پووچی شەیتانەکان دامەزراوە. کەوا ئەستێرەکان تواناو ڕووحێکی تایبەتیان هەیەو بوونەوەر بەڕێوە دەبەن و، چارەنووس و داهاتوو و، ڕابووردووی مرۆڤەکانی پێوە پابەندەو، هۆکاری خۆشبەختی و، بەدبەختی خەڵکن. بۆیە ئەوانەی کە خەریکی موژدە دان و ترساندنی خەڵکن لەڕێی پەرستشی ئەستێرەکانەوە بەناوی کەڵوەکان ئەوە کافرن و،

دەبێ تەوبە بکەن، وە ئەوانەیش پێی کافر دەبن کە بەبیروباوەڕەوە بڕوایان پێ دەکەن، بەڵام ئەگەر لەسەر بنەڕەتێکی جەهلەوە بڕوایان پێی کردبوو ئەوە دەبێ ئاگادار بکرێنەوە. تاوەکوو لەو کوفرە ڕزگاریان بێ.

٧. ڕێگای ناو لەپ: لێرەدا ساحیر هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی منداڵێکی باڵغ نەبوو، بەمەرجێ دەستنوێژی نەبێ، پاشان لەدەستی چەپەی منداڵەکە چەند خانەیەکی چوارگۆشە دەکات، وە لەدەوری چوارگۆشەکان تەڵیسمی سیحری دەنووسێ، پاشان لەناو لەپە دەستەکەی زەیت و گوڵێکی شین دادەنێ، یاخود زەیت و مرەککەبی شین دادەنێ، پاشان چەند تەڵیسمێکی تر بە پیتی جیا جیا و تاك لەسەر وەڕەقەیەك دەنوسێ، پاشان وەڕەقەکە دەخاتە سەر ڕووخساری منداڵەکە، وە کڵاوێکیش دەخاتە سەر منداڵەکە، پاشان منداڵەکە

بەجلێکی قوڕس دادەپۆشێ، لەو حاڵەتە تاریکە وەك بڵێی منداڵەکە سەیری ناولەپەکانی دەکات، بێگومان چۆن دەستی خۆی دەبینێ بەو تاریکییە، پاشان ساحیرەکە دەست دەکات بە خوێندنەوەی تەڵیسمەکان، دواتر منداڵەکە هەست بەڕووناکی و نوور دەکات، وە وێنەیەکی جوڵاو لەناولەپی خۆی دەبینێ، ساحیرەکە بەمنداڵەکە دەڵێ: چی دەبینی؟ ئەویش دەڵێ: وێنەی پیاوێك. ساحیرەکەش دەڵێ: پێی بڵێ ئەو کەسەی کە عەزیمەتەکەی خوێندەوە فڵان کەس، وێنەکە بجوڵێنە بەپێی فەرمانەکان. بەزۆری ئەو ڕێگایە بۆ شتی بزر بوو بەکاردەهێنرێ.

٨. ڕێگای شوێنەوار (ئەسەر): ساحیر لەو ڕێگایە داوای هەندێ شوێنەواری ئەو کەسە دەکات کە داوای لێ کردووە بۆ نموونە: وەکوو دەستەسڕ یاخود عەمامە یاخود کراس یاخود

هەرشتێکی تری کە هەڵگری ئارەقەی نەخۆشەکە بێ، پاشان لایەکی ئەو شتە گرێ دەدا، ئینجا بەئەندازەی چوار پەنجە دەیپێوێ، پاشان بەتوندی دەیگرێ و، سوورەتی التكاثر یاخود سورەتێکی تر دەخوێنێ، و دەنگیشی بەرز دەکاتەوە، پاشان تەلیسیمانێك بەنهێنی دەخوێنێ، ئینجا بانگی جنەکە دەکات، وە پێی دەڵێ: ئەگەر نەخۆشە بەهۆی جنەوە ئەوە ئەو شتە کورتکەنەوە، وە ئەگەر چاو و زارە ئەوە درێژی کەنەوە، وە ئەگەر نەخۆشییەکەی پزیشکییە ئەوە وەکوو خۆی لێی گەڕێن، پاشان ئەو شتە دەپێوێتەوە، ئەگەر لەچوار پەنجە درێژتر بوویەوە ئەوە دووچاری حەسوودی و چاووزار بووە، وە ئەگەر کەمتربوویەوە ئەوە دووچاری جن بووە، وە ئەگەر وەکوو خۆیشی بوو ئەوە پێی دەڵێ: برۆ لای پزیشکێك تا چارەسەرت بکات.

تێبینی: ڕێگاکانی پەیوەندی کردن بەجنۆکەو سیحر کردن گەلێك زۆرە، ئێمە ناتوانین هەموویان لێرە بهێنێن. بۆ نموونە ئەوەی لە کتێبی (شمس المعارف)دا هاتووە هەموو ڕێگاکانە بۆ گەیشتن بەو دوو شتە. بێگومان هەر کەسێ ئەمانەی سەرەوە بکات کافرو مورتەددە، ئەگەرچی لیباسی شێخایەتیشی لەبەردابێ و، هەزارەها موریدو پەیڕەوانیشی هەبێ.

ئەم جارە دەچینە خەڵوەکانی نێو تەریقەتە سۆفیەکان تا بزانین ئەوان لە کوێدا لەگەڵ ئەمانەی سەرەوە تێکەڵ دەبن و، دووچاری ئەمانە دەبن بەبێ ئەوەی بزانن کە ئەمە شتێکی خراپە؟ وە هەروەها ئامادەکردنی ڕووح ئەوەی کە لە پاڕاسایکۆلۆژیدا باسی لێوە دەکرێ کە ئایە حەقیقەتی ڕووحی کەسەکەیە یان جنە؟

# خەڵوەی نێو ئەهلی تەسەوف.

خۆشەویستان دوای ئەوەی کە باسی چۆنیەتی بوون بەساحیرێتی و، جۆرەکانی خەڵوەی ساحیرانمان کرد، لێرەشدا دەمانەوێ تیشك بخەینە سەر جۆرەکانی خەڵوەی سۆفی و، دەروێشەکان، کە لە کامە دەرگاوە ڕێگاکەیان لێ ون بووەو، دەرگای ڕاستەقینەیان کامەیە بۆ مەعریفەتی ئیلاهی و، خۆ تەزکییەکردن؟!

## جۆرەکانی خەڵوەی ئەهلی تەسەوف

١ . موسەخخەر کردنی جنۆکە: بەندە کاتی خۆی بە گێلی و، دڵ سافییەوە هاتینە ناو تەسەوف، تاوەکوو لە خودا نزیك ببینەوەو، خزمەتی ئیسلام و، موسڵمانان بکەین، لەناو تەسەوف هەندێ شتمان لە کەسانێك دەدی بەزاهیر دەمان

**گوت ئەوە کەرامەتی هەیەو، دڵ دەخوێنێتەوە، بۆئەوەی ئێمەش وەکوو ئەوانمان لێ بێ لە گەیشتن بەمەعریفەو بەندایەتی، زیکرێکیان بە ئێمە دا، وە لەگەڵ چەند ڕێنموویەك.**

**١. ئایەتی** ﴿وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ٧٥﴾[1] **کە ٩٠٠ جار بخوێنم بۆ ماوەی چل ڕۆژ. وە سورەتی تریشیان پێداوم لەگەڵ ناوی جنەکە بەڵام لەبیرم نەماوە.**

**٢. لە یەك شوێن دانیشم لەماوەی ئەو چل ڕۆژە، دەیگۆت تاوەکوو بەرەکەتە لەیەك شوێن کۆببێتەوە، دە هەر بیگوتایە بازنەیەك بەدەوری خۆت لێدە، وەکوو خەڵوەی ساحیرەکان، ئیتر بۆ دەیشاریەوە.**

---

[1] **سورة الأنعام آية ٧٥**

٣. هەر ڕۆژەی کە تەواوت کرد، خادمێکی هەیە ئەو ئایەتە ئیتر دوای تەواو بوونەکە بانگی خادمەکە دەکەی کە بێتن و، ببێتە هاورێ تۆو، یارمەتی تۆ بدات.

جا یەکێ لەڕۆژەکان کە سورەتەکەم دەخوێندەوەو، لەگەڵ تەواوبوونی بانگی جنەکەم دەکرد بەحساب جنەکە موسڵمانە، ئەوەندەم زانی کەوتمە ناو ڕەهەندی عەقڵ، بەڵام ئەو کاتە نەمدەزانی ئەوە ڕەهەندی عەقڵە، ئیتر زۆر بەخێرایی شێرێکی مێینە لەسەقفی ژوورەوە هاتە خوارێ و، بۆم هات، منیش لەترسان چاوم کردەوە. ئەو کاتەی کە خەریکی ئایەتەکەش بووم وەزعم لەبری ئەوەی بەرەو خودا زیاتر هەنگاو بنێم و، نەفسم بۆ خودا بکوژم کەچی ئارەزووەکانم زیاتر دەبوون، دوای ساڵێك چووم، بۆ تورکیا، بۆ شاری بورسە، لەوێ لەناو مەکتەبەکان دەگەڕام، خاوەن مەکتبەیەك کتێبێکی نیشاندام،

بەناوی (الأحكام القرآنية)، چاپەکەی نزیك هەشتا بۆ سەد ساڵ لەمەوبەر دەبوو، نوسینەکەش بەزمانی عوسمانی نوسرابوو، بەڵام بەفۆنتی عەرەبی، سوپاس بۆ خوا لەبەرئەوەی زمانی تورکیم دەزانی بۆیە لە کابرام کڕی، هەرچەندە دڵیشم لەسەر کڕینەکەی خۆش نەبوو، کابراش لەخوای دەویست لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، بۆیە بەنرخێکی زۆر هەرزان دایە من، هەر لەوێ کە هێنامەوە ئوتێلی سەیرم نەکرد، بەڵام خەوی ناخۆشم دیت کاتێ کەخەوتم، کە هاتمەوە هەولێرێ، دەستم بەخوێندنەوەی کرد، گشتی ئایەت و تەڵیسمی ڕووحانی و زانستی ویفق و، جن موسەخخەر کردن بوو، هەڵسام شتێکی ناو کتێبەکەم جێ بەجێ کرد، ئەویش خوێندنەوەی سوڕەتی (الجن) بوو ڕۆژێ ٣٦٠ جار بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، بەبێ خواردنی چەوری، وە هەرسێ ڕۆژەکەش دەبێ بەڕۆژوو بی، وە تەواوبوونی ژمارەکەش دەبێ شەوی هەینی تەواو بکرێ،

واته لە سێ شەمەوە دەست پێ دەکرێ تاوەکوو پێش بانگی شەوی هەینی. کە تەواوکرا بانگی خادمی سوڕەتی (الجن) دەکرێ کە ناوی ئەبو یوسفە، عیفریتێکی کورتە باڵاو ناشیرین و بەسامە، پاشان بانگی دەکەی کە لە فڵانە کەوکەب بێتە لات و، هاواری بۆ دەکەی، جا کاتێ کە دێ نابێ بترسێی، دەبێ پێی بڵێی کە حەقم کەوتووەتە سەرت (عەینەن باوکی کوشتووە حەقی کەوتووەتە سەری)، ئەوجا پێی دەڵێی کە ئەوەندە دینار ئاڵتونەت بداتێ (واللە کاکە ئاڵتونمان تەڕ دیت)، جا من هەموو ئەوانەم کرد هیچی بۆ خوا نەبوو بەس بۆ ئەوەبوو بزانم ئەوە چییە، بۆ شەوی هەینی بانگی جنەکەم کرد لە فڵانە کەوکەب، ئەوەندەم زانی هەردوو دەستم سڕ بوون، گوتم بەخوای هەر ئێستاکە شێت دەبم، ئاخر عیفریتێك بەو جۆرە بێتن جا وەرە شێت نەبی، سوپاس بۆ خوا دەستم سڕ بوونەکەی نەما، دڵم ئیسراحەتی کرد. هاوەڵێکم هەمان شتی

منی کردبوو، گوتی: "نورێکی سپی لەسەقفی ژوورەکەم پەیدابوو، منیش لەترسان چوومەوە ناو بەتانیەکەم، جا خۆشەویستان ساڵ ڕۆیشت و، وازم لەو خوڕافیاتانە هێنا، هەر عەودالّی ئەوە بووم چۆن بەخوا بگەم و، حەقیقەتی خۆم و، ژوورەوەی خۆم بزانم ئەوەش بەڕێگایەکی ڕاست و دروست، بەلّام ماندوو بووم هەر لێم ئەدرا لەخەو، وە لەنێوان خەو و، بێداری، چونکە وازم لەو شتانە هێنابوو، دەبوایە کتێبێکی ئاینی، یاخود قورئانێك لەسەر سینگم یاخود لەسەر بالیف وسەرینەکەم دابنێم ئینجا وازیان لێم دەهێنا. ڕۆژێ زۆر بێزاربووم، چوومە لای مەلا عەلی کەلەك تاوەکوو ئەو جنانەم لێ دوور بخاتەوە، ئەویش ئەمنی نارده ژوورەکەی تر نزیکەی شەست دارێکیان لەپێمدا، وە کتێبێکی ڕووقیەشیان داپێم بە ١٠ ــ ١٥هەزار، مرۆڤی ساویلکە وەکوو ئێمە بەپارەی خۆمان لێشمان بدرێ، دوای ماوەیەك پیاوێکی ناو ئەهلی

تەسەوفم ناسی بەڕووکەش زانا بەژوورەوەش دزو گورگ، زۆر دڵم پێی خۆش بوو، وانەی شەرعیم لە لا داناو، گوتم بەحەقیقەت و، مەعریفەتم دەگەیەنیٚ و، بەیەکەوە خزمەتی ئیسلام دەکەین، کەچی نەمزانی دەمخاتە ناو قۆڕتیٚ، وە ئەوساکەش بەندە لەناو موبایل فرۆشان کارم دەکردو، بە ٢٥٠ دیناری پارەم کۆدەکردەوە، ئەو ڕێگرو دزە داوای هێنانی موبایلێکی ئاخیر مۆدێلی لیٚ کردم کە بە قیست بۆی بهێنم، منیش لەبەر ساویلکەیی و، دڵسافییەکەم کە زانایەکی دینییەو، لەناو ئەهلی تەسەوفە هەستام موبایلەکەم بۆ هێنا، ئەویش سەرەتا ١٠٠$ دا، هێندەی پێنەچوو داوای موبایلێکی تریشی لیٚ کردم، هەستام دانەیەکی تریشم بۆ هێنا، پارەکە بەهەردووکیان ١٣٠٠$ بوو، تەنیا ٢٠٠$ دا، سوێند بەخوا بەر لەوەی ئەو دزە بناسم کە کلاوچییە پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم ئاگاداری کردمەوە بەس لەخەو نەمدەزانی

بۆیە پێم تەفسیر نەکرا، خەوەکەش ئەوەبوو، زۆر بەئەدەبەوە لەحزووری مەرقەدی شەریفی دانیشتبووم لەسەر ئەژنۆکانم، وە دەگریام، هێندەی پێنەچوو، هەستم بەوە کرد لەگۆڕەکەوە گەرووم دەگیرێ و، دەمخنکێنێ. جا خەوەکەم بۆ دزەکە باس کرد هیچ دەنگی نەکردو، خۆی کڕ کرد، تەفسیرەکەش بەو جۆرەیە: گریانی بەدەنگ بەڵاو ناخۆشییە، وە خنکانەکەش بەناوی زانستی پێغەمبەرایەتی کەسێك دەگگەم لێدەدات، دانیشتنەکەشم بەو جۆرە نیشانەی ئەدەبی من و حاڵی من بوو بەرامبەر بەخوداو پەیامبەرو زانستەکەی. ئیتر هێندەی پێنەچوو پارەی نەداو ڕووی کەشف بوو، لە مەلەفیم کۆلێییەوە من دواین کەس بووم کە دەگگەم پێ کەوتبێ. ئیتر پارەکەی نەداو، باوکم هەمووی لە بری من دا، وەکوو حەقی خۆم گەردەنی ئازاد بێ، ئەوەیشی باوکم دایێ پەیوەندی بەمنەوە نییە. چونکە لەگەڵ ئەو بەڵایانە خودا زیاتر چاوی کردمەوەو،

بەوە گەیشتم کە وێڵ بووم بەدوایدا. جا بێینەوە سەر جنەکان و لێدانەکانیان. وەلحاسڵ وەزعەکەم هەروەکوو خۆی بوو، لە کوردستانیش کەسێکی وام شك نەدەبرد کە چارەم بکات، بۆ یەکەمجار چوومە سامەڕا کە لەکۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٣ بوو، بەڵام لەو سەفەرە نەمتوانی لەگەڵ جەنابی شێخ عباسی سامەڕای دابنیشم، بۆ جاری دووەم چوومەوە لای، وە تەوبەم لەسەر دەستی کردو، بەیعەتم لێ وەرگرت، هاتمەوە جنێك گەرووی گرتم، دواتر بەری داو، زەعیف بوویەوەو، وازی لێم هێنا. ئەمە قۆناغی خەڵوەی جەهل بوو بەناوی جن ڕام کردن، هیچ بنەڕەتێکی شەرعی نییە، من لەو قۆناغە موشریك بوومە بەبێ دوودڵی، بەس خوداش ئاگادارە ڕوژێ لەڕۆژان لەو قۆناغە جنم بەگەورە نەزانیوە، تەنیا ئەوەندە هەیە بەساویلکەیی دوای ساحیرو فێڵبازەکانی ناو ئەهلی تەسەوف کەوتین، جا وریابن ئەم جۆرە خەڵوەیە شیرکەو، مرۆڤ پێی کافر دەبێ و،

جنەكان بۆ قۆناغی ساحیرێتی و، فێركردنی زانستی ویفقی سیحری دەیبەن، كە زانستێكە لەناو هەندێ لەپەیڕەوانی ئەهلی تەسەوف ڕەواجی پێدراوە، هەر كەسێ ئەم زانستە بەكاربهێنێ كافرو موشریكە ئەگەرچی بەناوبانگترین كەسیش بێ لەناو مێژووی پیاوچاكاندا، ئەوەی خۆی بەپیاوچاك زانیبێتن خۆی دوور گرتووە لەو جۆرە تڕوهاتانە، سەدان كەس و هەزاران كەس هەڵخەڵەتێنراون بەناوی خادمی ئایەت. خۆت بكە خادمی خوداو پەیامبەرو ئوممەتەكەی هەموو دونیا بۆت دەبێتە خادم بە ئادەمیزادو جنۆكەوە، ئیمامی نەوەوی جنۆكە دەهاتنە وانەكانی، سەدان زانا هەیە كە جنەكان لەخزمەتیان فێری وانە دەبوون. ئەوەی بۆ خوا بێ باقییەو، خزمەت دەكرێ، ئەوەیشی بۆ غەیری خوا بێ فانییەو، دەكرێتە بەندەو زەلیلی ژێر دەستەی نەفس و، شەیتانەكان. بۆیە تكاتان لێ دەكەم خوشك و برای ئازیزم خۆتان بەدوور بگرن لەو جۆرە خەڵوەتانە چونكە

لەسەر ئەساسێکی پووچ بونیاد نراوەو، تێکەڵ بەپیسییەکان کراوە. چونکە خەڵوە زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمە تەسەوڕی بۆ دەکەین، ئەی نەتبیستووە یەکێ لەو حەوت کەسەی کە لەژێر سێبەری عەڕشی خوادایە ئەو کەسەیە (کە خۆی تەنیاو خاڵی کردووە بۆ خوا، وە فرمێسك دەڕێژێ لەپێناویدا). ئەوەیە خەڵوەت نەك ئەوانەی کە باسمان لێوە کرد.

٢. خەڵوەی ڕاستەقینە: ئەم خەڵوەتە بۆ گەیشتنە بەحەق، وە کەماڵی ڕێژەیی خود، وە ناسینی نەفس و مەقاماتی نەفس، وە خۆ پاڵفتە کردن لە تاوانە دیارەکان و، پەنهانەکان، وە خۆ پڕ زانست کردن، وە خزمەتکردنی ئوممەتی ئیسلام و، بەشەریەت. بەکورتی و، پوختی لەو خەڵوەیەدا سێ شتت بۆ دەستەبەر دەبێ (ناسینی خوداو خەڵك و خود)، هەرکەسێکیش بە ڕاستەقینە لەم سێ چەمکە تێبگات مەحاڵە ببێتە کەسێکی

خراپ، بەڵکوو کەسێکی چاك و پاك و خزمەتگوزارو بارسوك، باشە چۆن بچینە ناو ئەو خەڵوەیە؟

١. هەموو کەسێ دەتوانێ بچێتە خەڵوە بەبێ مورشیدی کاملێش، بەڵام ئەوەی مورشیدی کامڵ بۆت دەکات زۆر گرینگترەو ماندوو نابیت و، ڕێگات ڕۆشن دەکاتەوە، دەزانی وەکوو پرسیاری ئەو کەسە وایە کە دەڵێتن: مورشیدم بۆ چییە ئەوە زیکرەکان مەوجودن کە لەقورئان خوێندن و سەروەرمانەوە هاتووە ئەمەش بۆ من کافییە، ئێمەش دەڵێین: لەسەرخۆبن، تۆ بەڕێگایەکدا دەڕۆی کە مەقاماتی نەفس و جۆرەکانی نەفسە کە هیچی لەبارەیەوە نازانی ئیتر چۆن لە مەقامێکەوە خۆت دەگوازیەوە مەقامێکی تر؟

دەزانی وەکوو چی وایە؟ وەکوو ئەوە وایە بەدەم ڕێگاوە بڕۆیت بەچاو بەستراوی بۆ شارێکی دوور، بەبێ ئەوەی هیچ

ڕێبەرێکت لەگەڵ دابێ، ئیتر با بەدەم ڕێگاکەتەوە هەر زیکرو قورئان بخوێنی...وەکوو ئەوە وایە لەژیانتدا نەچووبێتیە حەج و، تۆش بەتەنیا بەڕێکەوی و، لەوێش بەبێ هیچ چاوساغێك حەج بکەی، بۆیە لەو تەکەببوورە دەرچۆو موڕشیدێکی کامڵ بدۆزەرەوە تاوەکوو ڕێگاکەت نیشان بدات.

٢. هەتا بکرێ لەمانگی ڕەمەزانان مرۆڤ بچێتە خەڵوەو ئیعتیکاف لە مزگەوت بکات. وە نەچێتە دەشت و چیا بۆ خەڵوە، چونکە شەیتانیکی زۆر لەئێستادا لەسەر زەوی بڵاوبوونەتەوە، بەتایبەتی یەهودییە ماسۆنییەکان.

٣. با لە خەڵوەدا نان کەم بخورێ، وە کەم بخەوێ، وە بەڕۆژوو بێ و، وە خۆی دوور بگرێ لە جەمع بوون لەگەڵ خێزانی ئەگەر خەڵوەکەی لەماڵەوەبوو.

٤. ئەگەر بکرێ ماوەی خەڵوەکەی چل ڕۆژ بێ زۆرچاکە، چونکە حەزرەتی موساش سەلامی خوای لێ بێ چل ڕۆژان لەکێوی تورِ لەخەڵوەدابوو. بەڵام بۆ هەفتەیەکیش دەتوانێ خەڵوە بکات، بەڵام تا ڕۆژەکانی زۆرتر بێ مێشکی لە تێکەڵاوی خەڵك بەدوور دەبێ.

٥. ئەو زیکرو ئەوڕادانە دەکات کە مورشیدەکەی پێی دەدات. زیکرەکانیش دەبێ هەمووی شەرعی بێ، وە بانگکردنی هیچ جنۆکەیەکی تێدا نەبێ. جا زیکرەکانیش زانستێکی ئەزموونی شەرعی ئینسانییە، کە لەناو پیاوچاکاندا ئەزموونکراوەو، وەکوو دەرمان دانراون بۆ جۆرەکانی نەفس و، مەقاماتی نەفس.

٦. دەبێ مورشید ڕێنماییەکانت بداتێ کە چی دەکەی ئەگەر شەیتان لەسەر شێوەی پیاوچاکێك هاتە لات تۆ چی دەکەی، واتە: دەبێ بەزانستەوە بچیتە ناو خەڵوە.

ئەمجارە باسی زیکرە شەرعییەکان دەکەین بۆ بڕینی جۆرەکانی نەفس و، مەقاماتی نەفس، وە کامە زیکر لە هەموویان زیاتر ئەڵتافەکان چالاکتر دەکات؟ وە کامەیان بەخێرایی چاوی دڵ دەکاتەوە؟

## ئەو زیکرانەی کە کەڵە زاناو پیرەکانی ئەم دینە لە قورئان و سوننەت وەریان گرتووە.

خۆشەویستان ئەو زیکرانەی کە کەڵە زاناو پیرەکانی ئەم دینە لە قورئان و سوننەت وەریان گرتووەو، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ئەزموونیان کردووە، لە دەرەنجام گرینگی زیکرەکان و، دەرمانی دەردی نەفسەکان و، مەقامەکانیان لە قورئان و سوننەت دەرهێناوەو، کردوویانەتە بەرنامە بۆ قوتابی و موریدەکانی خۆیان.

یەکێ لەوانە گەورەمان سەید عبد القادری گەیلانییە (خودا ڕووحی پیرۆز بکات).

بەرلەوەی باسی زیکرەکان بکەم ئەمەوێ حەقیقەتێك باس بکەم، ئەویش ئەوەیە: هەر زیکریك کە لە پێغەمبەری خواوە

صلى الله عليه وسلم هاتبێ بۆ تێکڕای ئوممەتەکەی بووە بە زاناو نەزان و تایبەت و عەوامییەوە، بۆیە پێویستی بەئیزن وەرگرتن نییە کە زیکرەکان بکەی یاننا، بەڵام ئەو زیکرانەی کە لە مەشایخی تەڕیقەتەکانەوە هاتووە دەبێ بەئیزن وەربگیرێ، لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: سوودێکی وا لەزیکرەکە نابینێ چونکە بەنەزانین بەکاری هێناوە بۆ حاڵ و مەقامێك کە خۆی لەو حاڵ و مەقامەدا نییە، ئەو نابێ لەو کاتەدا بکەوێتە ئەو حاڵ و مەقامەوە چونکە بۆ ئەو باش نییەو، کاتی ئەوە نەهاتووە بچێتە ئەو مەقامەوە. شتەکە زۆر وردە هەموو کەس لەوە تێناگات، بۆیە دەبێ مەشایخی تەڕیقەتەکە بەئیزن پێی بدات چونکە ئەویش بەئیزن وەری گرتووە تا شێخی گەیلانی، لەوێشەوە بۆ سەلەف... دەکرێ دەرمانەکە شێخی گەیلانی ئیجتیهادی تێدا

کردبێ و، بۆ چارەسەر دایبنابێ، لەمەشەوە تا شێخی گەیلانی سەنەدی زیکرەکە دەبێ. دەزانی وەکوو چی وایە: (وەکوو کەسێ لەقوتابخانە بخوێنێ و، کەسێکی تریش لەدەرەوەی قوتابخانەبێ و نەخوێنێ، بێگومان ئەوەی دەخوێنێ پلەیەکی گەورەترو، خوێندەوارییەکەشی زیاتر دەبێ لەچاو کەسێ کە نەخوێنێ)، جا ئەوانەی کە لەناو تەریقەت ئەو زیکرانە دەکەن مەقاماتی نەفس دەبڕن و، خۆیان زووتر تەزکییە دەکەن لەچاو ئەو کەسانەی کە ئەم کارانە ناکەن.

دووەم: کە تۆ تەریقەتت قادرییە دەبێ بەپێی ئەو بنەمایە بڕۆی کە مەشایخی قادری دایانناوەو، نابێ لێی دەربچی، چونکە ئوصولّی تەریقەتەکەیان لەجۆری پەروەردە جیاوازە لەگەڵ نەقشبەندییەکان، قادرییەکان تەرکیز لەسەر مراندنی نەفسی نەخۆیان دەکەن هەربۆیەش ڕیازەتی ڕووحی و، خەڵوە زۆر

دەکێشن، لەمەوەش زۆرترین تەرکیزیان لەسەر نەفسە، بەڵام ئەوەندە هەیە لە قادری چاوی دڵ درەنگ دەبێتەوە، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار، یەکەم: زۆرترین تەرکیزیان لەسەر نەفسە. دووەم: ئەو زیکرانەی ئەوان دەیکەن زیکری زمانە. بەڵام لە نەقشبەندی زۆترین تەرکیز لەسەر دڵ و، فیکرە. هەربۆیەشە زیکری نهێنی بەدڵ و، فیکر زۆر دەکەن لەمەوەش دڵ هەر بەزوویی دەبێتەوە، چونکە شەپۆلەکانی ثیتا زیاتر بە فیکر کردنەوەو، تێڕامانی قوڵ دروست دەبن و، زیکرە نهێنییەکەش پاڵنەرێکی گرینگە تا ئەڵتافەکانی زووتر چالاك بێ. هەربۆیەشە موریدێکی سەرەتای نەقشبەندییەکان ئەوەی پێ دەدرێ کە بەمەشایخێکی قادری یان ریفاعی دەبەخشرێ لە کۆتاییکەی سەبارەت بە کرانەوەی دڵ، وە ئەوەیشی کە بەموریدێکی ڕاستەقینەی قادری دەدرێ لەسەرەتا ئەوە بە مەشایخێکی نەقشبەندی دەدرێ لە کۆتاییەکەی سەبارەت بەکۆنترۆڵکردنی

نەفس، چونکە نەفس لای نەقشبەندیەکان لـەگەڵیان دەمێنێ هەتا کۆتا مەنزڵی، لـەکۆتایی ئینجا بێهێز دەبێ و، کۆنتڕۆڵ دەکرێ. کەچی لە قادری وانییە نەفس یەکەمجار کۆنتڕۆڵ دەکرێ و ئینجا لـەکۆتاییەکەی دڵ دەبێتەوە، ئەوەی نوسیومە حەقیقەتە پێت خۆش بێ یاننا ئەوە ئوصوڵی پەروەردەیە لای هەر دوو تەریقەتە مەزنەکەی جیهان. لە کۆتاییدا هەردووکیان مورید بەرەو خودا دەبەن. ئەم قسەی کە نوسیم بۆت دەردەکەوێ کە قادرییەکان چی لـەنەفس دەکەن و، ڕەحمی پێ ناکەن. وە ئەگەر لە من بپرسی کامەیان بکەی باشترە؟ ئەوە بەڕای من نەفست بکوژە بۆ خودا، زۆر تەرکیز لـەسەر کرانەوەی دڵ و، بینینی شتی نهێنی مەکەوە، چونکە گەورەترین نیعمەت خودا پێت ببەخشێ ئەوەیە نەفسی خۆت بەخوا بفرۆشی و، موجاهەدەی بکەی. ئەگەر زۆر تامەزۆری کرانەوەی دڵیشی بڕۆ دەست بە شێخێکی کامڵی نەقشبەندیی

بگرەو، زیکری نهێنی بەدڵ و فیکر بکە، ئەبینی هەر زوو دڵت دەبێتەوە، بەڵام نەفست هەر لەگەڵتە.

**زیکری قادرییەکان بۆ نەفس.**

لای قادرییەکان دوو جۆر زیکر هەیە:

ئوصوڵ (کە بنەمای تەڕیقەتە) لەگەڵ فڕووع (کە لکاوە بە ئوصوڵ)

جا ئەو زیکرانەی کە ئوصوڵە لای ئەوان ئەمانەن کە هەموویان بە زمان و فیکر دەکرێن.

**دەرمانی یەکەم لە قورئاندا**

(فاعلم انه لا الـه الا اللـه)

١ لاإلـه إلا الله (١٠٠.٠٠٠جار)

بۆ نەفسی (الأمـــارة). سیفەتی نەفی خوداکان زاڵ دەبێ بەسەر نەفسدا

**دەرمانی دووەم**

(ألا بذکر ـــ الله ـــ تطمئن القلوب)

٢ الـلـــــه (٧٨٠٨٤ جار) بۆ نەفسی (اللـــــوامة) سیفەتی ناوی ڕەهایەتی خودا بەتێکڕای سیفەتەکان زاڵ دەبێ بەسەر نەفسدا.

**دەرمانی سێیەم**

(هو الذي یصورکم في الأرحام کیف یشاء لا اله الا هو)(وهو في السماء اله وفي الارض اله)...هتد

**٣ یا هـو (٤٤.٦٠٠ جار) بۆ نەفسی (الملهــمة) سیفەتی تەنها ئەویّتی خودا ئەو ئەو بەسەر نەفسدا زالّ دەبیّ.**

**دەرمانی چوارەم**

**(الـله لا الـه الا هو الحی القیوم) (یحی ویمیت)**

**٤ یا حی (٢٠.٠٩٢ جار) بۆ نەفسی (المطمئنة) سیفەتی زیندوویّتی خودا بەسەر نەفسدا زالّ دەبیّ.**

**دەرمانی پیّنجەم**

**(قل هو الـله احد) (لـله الـواحد القهار)**

**٥ یا واحد (٩٣.٤٢٠ جار) بۆ نەفسی (الراضیة) سیفەتی یەکتایی خوداو، دابەش نەبوونی و، فرەیی نەبوونی بەسەر نەفسدا زالّ دەبیّ.**

**دەرمانی شەشەم**

(واللـه عزيز حكيم)(والله عزيز ذو انتقام)

٦ يا عزيز (٧٤.٦٤٤ جار) بۆ نەفسی (المرضية) سيفەتی عيززەت و زالێتی خودا بەسەر نەفسدا زاڵ دەبێ.

**دەرمانی حەوتەم**

(ان ربى رحيم ودود) (وهو الغفور الودود)

٧ يا ودود (١٠.١٠٠) بۆ نەفسی (الكـــاملة) سيفەتی خۆشەويستی و، هاودەمێتی خودا بەسەر نەفسدا زاڵ دەبێ.

ئەو ژمارانەش وەكوو ددانی كليل وان بۆ كردنەوەی دەرگا، بير لـه ژمارەی سی و سێ بكەنەوە كه خۆشەويستمان لەدوای نوێژە فەڕزەكان زيكری پێ كردووە(سبحان اللـه،

الحمد لـله، الـله اكبر سی و سێ جار)، کەچی لە هی پێش نوستن ٣٤ جار الـله اکبری تێدایە. وە ڕۆژێ حەفتا جار استغفر الـله یان سەد جار کردوویەتی، کەچی لە سەڵاواتدان ئامۆژگاری هاوەڵێکی خۆی کردووە بە لێدانی سەڵاوات بەبێ دانانی ژمارە واتە: ژمارەکەی کراوەیە هەرچەندە زۆرتربێ ئەوەندە سوودی زیاتر دەبێ. لەناو قادرییەکان خیلاف هەیە لەسەر ئەو ژمارانەی سەرەوە کەم و زیاد ئیتر هەریەکەیان بەپێی حیکمەتی خۆی.

### لای نەقشبەندییەکان زیکری ئوصولێیان ئەمەیە

زیکری الـله بەبێ بەکارهێنانی زمان، زمان لە مەڵاشوو دەدرێ یاخود ناجوڵێندرێ، سەرەتا مورید بەزەختی گەرووی الـله الـله دەکات، لەگەڵ زیکرەکەش بیر لە مەزنێتی خوداو بچووکی خۆی دەکاتەوە، وە بیر لەتاوانەکانی خۆیشی

دەکاتەوە، چەند ڕۆژێك بەردەوام دەبێ، تا زیکرەکە بەگەروو ڕادەگرێ، دواتر هەست بە دڵی بکات و بڵێتن: اللە اللە، ئەگەر کردی، ئەوە نیشانەی نەقڵبوونی زیکرەکەیە لە گەرووی بۆ دڵ، ئیتر لەمەودوا با بەدڵ بیکات و، بەردەوام بێتن لەسەری بۆ هەموو مەقامەکان و، جۆرەکانی نەفس...

با نهێنی ئەمەت پێ بڵێم کەبۆچی نەفس لێرەدا بەدرەنگ بێهێز دەبێ.

ناوی اللە ئیسمی عەلەمە بۆ زاتێك کە بوونی پێویست دەکات لە گەردوون. ئەویش اللە یە جل جلالە. بەڵام زیکری لا الە الا اللە کە لەسەر نەفس زۆر سەختە بەوهۆیەوە یەکەم قۆناغی بەو سەختییە دەبڕێ، چونکە ڕەفزی هەموو خودا درۆیینەکان دەکات لەنەفسیدا، خودا شاراوەکان، وە خودا ئاشکراکان، هەتا ئارەزووەکانیشی کە جۆرێکن لەخودا، جا

کاتێ کە بەو زیکرە مەزنە سەرقاڵ دەبێ تەجەللی ناوی ئیلاهی لەسەر نەفسی دەردەکەوێ و، لەو مەقامە دەیگوازێتەوەو، لە پەرستنی شتە شاراوەو ئاشکران دەیپارێزێ. لەمەوە ئەو قۆناغە لەسەر نەفس زۆر سەختە. کەچی لای نەقشبەندییەکان تەرکیز تەنیا لەسەر ناوی اللە یە جل جلالە، لەمەوەش زۆر تەرکیزی نەفی خودا درۆییەنەکان ناکرێت، هەرچەندە هەوڵیش بدات لەبەرئەوەی جۆری زیکرەکە وایە ئیتر تەجەللی ناوی ئیلاهی لەسەری دەردەکەوێ بەڵام ئەگەری گواستنەوەو نەگواستنەوەی هەر هەیە، واتە: لەناویدا خودا درۆییەنەکان هەر دەمێنێ ئەمەش زۆر وردە، هەربۆیەشە دەرچوون لەو قۆناغە بەو ئاسانییە ئەستەمە. بەکورتی دەرکەوتنی ناوی خودا لەگەڵ نەفی کردنی خودا درۆیینەکان زۆر بەزوویی دەتگوازێتەوە لە نەفسی فەرمانکەر لەچاو دەرکەوتنی تەنیا ناوی اللە، ئەم وردەکارییەش زۆر وردەو، ئیتر نازانم لە پێش

ئێمەدا مەشایخەکان ڕوونیان کردووەتەوە یاننا! هیوادارم پەیامەکەم گەیاندبێ.

## زیکرە لـکاوەکان بە ئوصولێ لای قادرییەکان

١. لا معبود إلا الله (٥٠٠.٠٠٠ جار)

٢. لا محبوب إلا الله (٥٠٠.٠٠٠ جار)

٣. لا مقصود إلا الله (٥٠٠.٠٠٠ جار)

٤. لا مطلوب إلا الله (٥٠٠.٠٠٠ جار)

٥. لا مـراد إلا الله (٥٠٠.٠٠٠ جار)

الله

١. يا نـور يا باسط يا الله (٥٠٠.٠٠٠ جار)

٢. يا نـور يا هادى يا الله (٥٠٠.٠٠٠ جار)

٣. يا نــور يا الله (٥٠٠.٠٠٠ جار)

٤. يا هادى يا الله (٥٠٠.٠٠٠ جار)

**يا هو**

١. يا هــــو أنت هـــو (٥٠٠.٠٠٠ جار)

٢. يا هـو أنت هـــو يا الله (٥٠٠.٠٠٠ جار)

٣. يا هو يا من لا إلـه إلا هو (٥٠٠.٠٠٠ جار)

٤. أحـد هـو هـو أحـد (٥٠٠.٠٠٠ جار)

**يا حَقّ**

١. يا مغيث هـو الحقُّ (٥٠٠.٠٠٠ جار)

**٢. يا فرد هو أنت الحقُّ (٥٠٠.٠٠٠ جار)**

**٣. يا حق أنت الحق حقُّ الحق (٥٠٠.٠٠٠ جار)**

**٤. يا مجيب أنت الحق (٥٠٠.٠٠٠ جار)**

**يا حَيّ**

**١. يا حـــيُّ لا حـــي غيره (٥٠٠.٠٠٠ جار)**

**٢. يا حـــي أنت الحيُّ (٥٠٠.٠٠٠ جار)**

**٣. يا عليُّ يا جميل أنت الحيُّ (٥٠٠.٠٠٠ جار)**

**٤. يا عظيم الألطاف يا حي أفنني عني وأبقني بك (٥٠٠.٠٠٠ جار)**

**يا قيوم**

**١. يا كافي يا غني يا قيوم ذا الفضل قد ملأ كل شيء فضله (٥٠٠.٠٠٠ جار)**

**٢. يا غنـــــي يا مغـــــني (٥٠٠.٠٠٠ جار)**

**٣. يا قـــــيوم يا قـــــادر (٥٠٠.٠٠٠ جار)**

**٤. يا قـــيوم أنت الأزلي بالأزل (٥٠٠.٠٠٠ جار)**

**٥. يا قـــــــيوم الأزلي يا الله (٥٠٠.٠٠٠ جار)**

**يا قهار**

**١. يا قيوم يا قهار (٥٠٠.٠٠٠ جار)**

**٢. يا جبار يا قهار (٥٠٠.٠٠٠ جار)**

**٣. يا عظيم يا قهار (٥٠٠.٠٠٠ جار)**

٤. يا قادر يا قهار (٥٠٠.٠٠٠ جار)

٥. الحكم لله الواحـد القهار (٥٠٠.٠٠٠ جار)

هەر یەکێ لەم زیکرانە زیاتر تەرکیزە لەسەر سیفەتێکی خودا، ئیتر ئەم سیفەتەش زیاتر دەردەکەوێ و، زاڵ دەبێ بەسەر ئەو نەفسەدا، کەچی تەنیا لەگوتنی اللـه تەرکیزە لەسەر زاتی واجبی وجود کە اللـه یە جل جلالـه بۆیە تەجەللی ئیلاهی دەردەکەوێ بەگشت سیفەتەکانییەوە واتە: تەنیا سیفەتێك زاڵ نابێت بەسەر ئەو نەفسەدا لەمەوە شێخمان عبد القادری گەیلانی عەجایب ئەو دەرمانانەی داناوە بۆ دەردەکانی نەفس تا سیفەتێکی ئیلاهی زاڵ بێ بەسەر ئەو نەفسەدا (ئەمەش نەك بە تێکەڵبوون و ئیتتیحادو حلول) وە مەشایخی نەقشبەندیش ڕەچاوی واقیعی خەڵکیان کردووەو، ئەو زیکرانە گەلێك زۆرن و، ئەستەمە کردنیان بەتایبەتی لەسەدەی بیست و یەك

که سەدەی بێ ئاگایی و، عەولەمەیە، هەڵساون زیکرێکیان داناوە تا خەڵك مەقامەکانی نەفس ببڕن، بەڵام ئەوەندە هەیە بەهێواشی، وێڕای ئەوەش زوو دڵ دەکاتەوە ئەویش زیکری اللـه اللـه یە جل جلالـه.

زیکری لکاوە بە ئوسوڵی نەقشبەندییەکان خەتمەی شەریفەیە هەروەکوو مەعرووفە لایان.

وە هەر مەشایخێکیش لەناو نەقشبەندی زیکری تایبەت بەخۆی هەیە، هەیە زیکری قادریشی تێکەڵکێش کردووە لەگەڵ زیکرەکانی خۆی.

تێبینی١ : قورئان خوێندن لە هەموو تەریقەتەکان ئوصوڵە، بەڵام قورئان دەرمانخانەیە، ناکرێ نەخۆشێك دەردێکی هەیە تۆ بچیت هەموو دەرمانەکانی ناو دەرمانخانەکەی بدەیتێ، چونکە هەم سوودی لێ نابینێ، وە هەمیش دەبێتە زیان بۆی. ڕەنگە

کەسێك بپرسێ قورئان خوێندن چۆن دەبێتە زیان؟ ئێمەش دەیلێین: هەر نەخۆشێك جۆرە دەردێکی هەیەو، دەبێ دەرمانێکی تایبەتی بدەیتێ تا چارەسەر بێ، ڕەنگە کەسی وا هەبێ بەهەفتەیەك خەتمەیەك بکات کەچی تا ئێستاکە لەناو نەفسی فەرمانکەرو لەووامەدابێ و، ناتوانێ خۆی بگوازێتەوە بۆ مەقامێکی سەرووتر. هەروەك وایان لەخەڵك تێگەیاندووە ئەوانەی تووشی سیحرو جادو بوونە ڕۆژێ ئەوەندە سەعاتە گوێ لەقورئان بگرن، کەچی بێخەبەرن لەوەی ئەوە دەرمانێکی یەکلاکەرەوە نییە بۆ ئەو نەخۆشییە، دەبێ ئایەتی کۆد شکاندنەکەی سیحرو جادوی بەسەردا بخوێندرێ، وە بەگرتنەبەری هۆکارە دونیاییەکان بەتایبەت هەندێ گژوگیا هەیە کە کاریگەری لەسەر بەتاڵکردنەوەی سیحرو جادو هەیە، لەمەوە وادەکات تۆ زانیت چۆن قورئان بەکاربهێنی لەشوێنی خۆیدا. ئەو کەسەی کە قورئان دەخوێنێ وەکوو دیڕاسە کردنی

هەموو دەرمانەکانی ناو دەرمانخانە وایە، تۆش نەخۆشی ئیتر لەکوێی قورئاندا دەرمانەکە بۆ خۆت دەدۆزیتەوە ئەگەر شێخێکی زاناو کامڵ دەرمانەکەت پێنەدات؟!!

تێبینی٢: جۆری ئەو جیاوازییەی کە نوسیومە لە نێوان ئەو دوو قوتابخانەیە جیاوازی کردن و، بەگەورەترکردنی ئەوی تر نییە بەسەر ئەوەکەی تردا حاشا، بەڵکوو تێگەیشتنە لە دیققەی جۆری پەروەردەکەیان، ئەوەیشی ئەو بابەتە مێشکی وەری ناگرێت با نزیکەی ١٠ ساڵێك تاقی بکاتەوە بە ئەزموون ئینجا لە قسەکانی من تێدەگات. ئەگەر دەشپرسی تۆ چی هاتووی ئەو جیاوازییە دەکەی، لە کاتێکدا یەك لە مەشایخەکانی پێشوو تر شتی وایان باس نەکردووە؟ ئێمەش دەیلێین: حیکمەتی خودا بەبچووکی و بەڕابووردوو و، داهاتوو و، سەردەمەکانەوە نییە، بەوە دەبەخشێ کە حەزی پێ دەکات، خۆتۆ ڕەحمەتی خوداو،

حیکمەتی خودا دابەش ناکەی بەسەر خەڵکیدا تا ئەو جۆرە ڕەخنانەش بگری!!!

زیکرەکانی قادری هەتا بکرێ لە خەڵوەدا بێ بەتایبەت ئوصوڵەکەی، ئەگەر نەشکرا ئاساییە ڕۆژانە لەبەردەمی خۆشتەوە بیکەی، ئەوەش بزانە: مەقام هەیە بەزیکر نابڕدرێ، بەڵکوو دەبێ کردەوەی چاکە لەگەڵیدا بکرێ، مەقام هەیە نابڕدرێ ئیللا بەخزمەتکردنی ئیسلام و موسڵمانانەوە نەبێ، مەقام هەیە نابڕدرێ ئیلا بەهۆی خەمخۆرییتەوە نەبێ بۆ ئەم ئوممەتە، بۆیە وا خەیاڵ نەکەی کە ئەو زیکرانەت کرد ئیتر تەواو مەقامەکانت بڕیوە، نەخێر بەڵکوو دوای تەواو کردنی زیکرەکان هەزارەها قۆناغت دێتە پێش، هەتا بەر لە مردنیش مەقامت لە پێشە، بۆیە ئەوە بەهەند بزانە.

## کاریگەری سیلبی غیرەی مورشید.

بسم اللـه، والصلاة والسلام على رسول الله، وآله وصحبه ومن والاه.

اما بعد:

"خۆشەویستان": هەموو کەسێك غیرەی ڕووحی هەیە ئەمە شتێکی حاشا هەڵنەگرە لـە نێو مرۆڤایەتی، جا هەیە غیرەکەی زیاترە لـە کەسێکی تر، ئەمەش بەپێی پەیوەندی نێوانیان و خۆشەویستی نێوانیان. جا ئەم غیرەیە شتێکی خوارسکە لـە دەروونی مرۆڤایەتیدا، بەتایبەتی لـە دڵی ئەوانەی کە قوتابیان و ڕۆڵەکانی خۆیان پەروەردە دەکەن، ئیتر ئەو پەروەردەیان ڕووبەڕوو بێ یان بەنوسین بێ یان بەگەیاندنی پەیامێکی وتە بێ لـە ڕێی کەسێکەوە بەو، یانیش لـە ڕێی ڕەهەندی دڵەوە بێ.

دواتر دێینە سەر ئەو ڕەهەندە کە چییە.

پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وسلم، حەزرەتی خەدیجەو گەورەمان ئەبو بەکرو عائیشەی لە هەموو کەسێك زیاتر خۆش ویستووە، ئەم خۆش ویستنەشی لە دەسەڵاتی ئەودا نەبووە، ئەمە شتێکی خوارسکە کە دەیخاتە نێو دڵیەوە، بۆیە لەو مەقامە نابێ ئەو غیرەیە دەربخرێت، چونکە گەر هاتوو دەرخرا ئەوە کاریگەری سیلبی دەبێ وەك ئەوەی بینراوە کەچی بەسەر حەزرەتی یوسف و یەعقوبدا هات.

ئێمە باسێکی کورتی غیرەمان کرد، باشە چ پەیوەندی بە مورشیدی کاملەوە هەیە؟ ئێمەش دەڵێین: نەخێر زۆر پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. دواتر بۆت ڕوون دەبێتەوە هەندێ جۆری ئەو ئیشارە پەروەردەییەی کە لە مورشیدی کاملەوە

بۆت دێ دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو غیرەیە، جا لێرەدا تۆ مولزەم نیت بۆ بە گوێکردنی.

سەرەتا ئەوە بزانن هەموو ئەولیاکانی خودا لەوە یەکدەنگن دەبێ پەروەردەکارێك هەبێ تاوەکوو لەڕێی کەماڵی عەقلێیەوە کەم و کوڕی بیرکردنەوەو حاڵی نەقصی پەروەدەکراو بگۆڕێ بۆ ئەو کەماڵە ڕێژەییەی کە لە زیهن و حاڵی ئەو پەروەردەکارو مورشیدەدا وجودی هەیە، چونکە قوتابی و موریدی پەروەردەکراو کەم و کوڕییەکانی خۆی لە ئاوێنەیەکی سافی کەماڵی عەقڵ و حاڵی نوورانی مورشیدەکەیدا دەبینێ، لەمەوە حاڵی بەرز دەبێتەوەو کەم و کوڕییەکەشی ناهێڵێ، بەتایبەتی کەم و کوڕییەکانی دڵ و دەروون کە لە هەژمار نایەن.

## ڕەهەندەکان

ئێمە لە کتێبی "گەشتێك بەنێو جیهانی دڵ و دەروونداا"، وە لەم کتێبەشدا بەدرێژی باسی ئەو ڕەهەندانەمان کردووە کە چییە؟! لێرەش بە کورتی ئاماژەیەکی پێ دەدەین.

مرۆڤ لە ڕووح و جەستەی ماددی پێکهاتووە. لە نێو ڕووحیشدا چەند نهێنیەك دانراوە کە نەفسە عەقڵە، دڵ و ڕووحە جیا لە دڵە ماددییکەو و ڕووحەکەی ئەوەی جەستەی دەبزوێنێ و ڕاگیری کردووە.

ڕووح لە نێو هەموو جەستەدایە، مانەوەکەشی بەنەمری نییە تاوەکوو دەرنەچێت، ئەم ڕووحە جیایە لەو ڕووحەی کە ناوبراوە بە لەتیفەی ڕووح و لەتیفەی دڵ. جا ئەم نەفس و عەقڵ و ڕووح و دڵە چەند بوعدو ڕەهەندانێکن واتە: چەند ڕوو و لایەکن ڕێبوارانی ڕێگای خوا لەسەیرو سلوکەکانیان

کە دەیبڕن ئەکەونە نێویانەوە، ئەم بوعدانە ناوبراون بە لەتیفە کە زۆر ناسکن، بەڵام ناوبردنیان بە لەتیفە بەڕای بەندە دەقیق نییە، بەڵکوو ئەوەی تێبینیم لێی کردووە ناو بردنیان بە بوعدو ڕەهەند پێکاوترو دەقیقترە. چونکە لە هەر یەکێکیان لایانێك و بینراوەکانی نێویشیان جیاوازە، مورید دەکەوێتە نێویانەوە بەپێی حاڵی خۆی و ویستی ئیلاهی.

لێرەدا شتێکی تر ماوە بیلێین ئەم بوعدانە گشتی پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، وە شەیتانیش پەیوەندی بەهەموو ئەو بوعدانەوە هەیە جگە لە بوعدی ڕووح نەبێ کە هیچ دەسەڵاتێکی بەنێو ئەو لایەوە نییە، تەجەللییە ئیلاهییەکان جەمال و جەلالی ئیلاهی زۆربەی جار لە ڕێی بوعدی ڕووحەوەیە، وە ئیشارەی خۆیشی جیایە لە ئیشارەکانی تری بوعدەکانی تر، لێرەدا هەرگیز شەیتان ناتوانێ تەداخول ببێ، بۆیە هەر ئیشارەتێك لێرە

دەبینرێت حەقەو جێگەی گومان نییەو پەیوەندی بەغیرەی مورشیدو، هەروەها ئیجتیهادی مورشیدو، هەروەها شەیتانەوەش نییە. ئەمما لە باقی بوعدەکانی تردا هەندیێ جار تەداخول دەبیێ و ئیشارەکەشی ڕوون و وازیحە. وە هەروەها ناتوانیێ لە بینینی قەدەری ئیلاهیدا دەخلی هەبیێ، بینینی ئەو ئیشارەتانەش لە هەر سیێ حاڵەتدا مومکینە: خەو، خەو و بێداری کە پێی دەگوتریێ وەنەوز، لەگەڵ بێداریدا.

وە شتێکیش هەیە بیزانە هەر ئیشارەتێك کە لە پێغەمبەری خواوە صلی اللە علیە وسلم هات یاخود بینرا لە هەر یەکێك لەو بوعدانەوە ئەوە حەقەو ڕاستە چونکە هەواڵی داوە لەفەرمووده کە بینینی ئەو حەقە. بۆیە ئەو بینینە ئیجتیهادو غیرە نییە، بەڵکوو شتێکە پەیوەندی بەو کەسەوە هەیە، جا یان کەم و کوڕی خۆیەتی یانیش لەبارەی شتێکی ترەوەیە.

جا بابچینە ناو ئەو پەیامەی کە دەمەوێ ڕایبگەیەنم.

کەسێ کە بووە موریدی مورشیدێکی کامڵ ئەو موریدە بۆ گەیشتن بەمەعریفەی ئیلاهی و تەواوکردن و چاککردنی کەم و کورییەکانی خۆی دەستی بە پەروەدەکارو مورشیدێکەوە دەگرێ، چونکە کەم و کوری خۆی نابینێ، چونکە ئاوێنە وجودی نەبێ ناتوانی خۆتی تێدا ببینێ، جا کە دەستت بە مورشیدێکی کامڵەوە گرت ڕەبتێك لەنێوان دڵی تۆو دڵی مورشید دروست دەبێ، وە ڕەبتێکیش لەنێوان تۆو پێغەمبەری خوادا دروست دەبێ، لەوەش زیاتر بەرز نابمەوە چونکە تێگەیشتن لێی قورسەو بەئاسانی لێی تێناگەی گەر بینوسم.

جا کە ئەو ڕەبتە دروستبوو لە بوعدی دڵ ئیشارەتەکانی بە هەر سێ حاڵەت پێت دەگات ئەو ئیشارەتەش بینراوێکە ئیتر

ئەوکەسەش لێکدانەوە بۆ ئەو بینراوە دەکات دەخرێتە دڵیشیەوە کە ئەوە حاڵی تۆیە بەپێی بینینی ئەو شتە.

لێرەدا ئیشارەتێك هەیە پێی دەگوترێ: "ئیشارەی غیرە"، ئەم ئیشارەیە گەر بێت و بیزانی، ئەوە لە ڕووی شەرعەوە تۆ ئیلزام ناکات کە پێیەوە پابەند بیت، چونکە مورشید غیرەیەکی زۆری لەسەر موریدی خۆی هەیە، بۆیە پێی خۆش نییە بە ئەندازەی زەڕەیەکیش لە خۆیی و بیروبۆچوونەکانی ئەو لابدەی، یاخود بەبێ ئەو کارێك بکەی، بۆ نموونە: غیرەی ڕووحی بەجۆرێکە وات لێ دەکات هەرچی مەشایخە لەبیر بکەی جگە لەو نەبێ، وە پەیوەندیەکی کارات هەبێ لەگەڵیداو دڵت لێی لانەدات، جا هەرکاتێ شتێکت کرد کاریگەری لەغیرەی مورشید کرد ئیشارەتێکت بۆ دێ کەوا لە تۆ دەگەینێ کە تۆ کەم و کوڕییەکت هەیەو موخالەفەی ئەوت

کردووە لەکاتێکدا مورید گەر ئەو ئیشارەیە نەناسێ وا دەزانێ حەقەو ناچارە پێیەوە پابەند بێ. کەچی ئەگەر بیزانێ، ئەوە دەزانێ ئەم بینراوە تەنیا غیرەیەکی ڕووحییە، با نموونەیەك لە هەزاران نموونە بهێنینەوە: بەبێ ئیزنی مورشید سەردانی مورشیدێکی تر بکەی، ئیشارەی نەقست بۆ دێ لە مورشیدەوە کە وا پیشانت دەدات تۆ موخالەفەی ئەوت کردووە لە کاتێکدا لەشەرعی پیرۆزی ئیسلامدا نەهاتووە بۆ سەردانی پیاوچاکان ئیزن لە یەکترەوە وەربگرن و سەردانی یەکتر مەکەن بەبێ ئیزن. وە سیلەی ڕەحم بەجێ مەگەیەنن بەبێ ئیزنی یەکتر، جا مورید کە ئەو ئیشارەیەی زانی مولزەم نییە پێیەوە پابەند بێ بەڵکوو با ئاوڕ لەو ئیشارەیە نەداتەوە، چونکە تۆ کەم و کوڕی زاهیری شەریعەتت جێ بەجێ نەکردووە تا ئیشارەی نەقست بۆ بێ، خودا دەفەرمووێ: لەگەڵ ڕاستگۆکان بن نەی وتووە خۆتان سنووردار بکەن لەگەڵ یەك

ڕاستگۆدا. بەسیغەی جەمع هێناویەتی :(وكونوا مع الصادقين)، بۆیە لێرەدا خۆت ناچاری هەیمەنەی مورڕشید مەکە.

## ئیشارەی ئیجتیهادی مورڕشید

موریدی سەرەتا وا دەزانێ هەر قسەیەك کە مورڕشید دەیکات سەدا سەد تەواو و حەقە، کەچی نازانێ وتەکانی مورڕشیدو لێکدانەوەی ئەو بینراوانەی کە مورڕشید دەیبینێ جێگای پێکاو و نەپێکاوە وەکوو زاناکانی شەریعەت کە چۆن لە بابەتە فیقهیەکان ئیجتیهادی تێدا دەکەن. ئەم قسەیە گەورەمان سەید ئەحمەدی ریفاعی فەرموویەتی کە ئەوان ئیجتیهاد دەکەن لە موشاهەداتەکانیان وەکوو فوقەهاکانی ئیسلام. بۆیە قسەکانیان قابیلی هەڵەو ڕاستەو ئەجرو پاداشتیشیان لەسەر ئەو ئیجتیهادە هەیە، جا لێرەدا ئەوەی دەمەوێ بیلێم ئەوەیە ئیشارەتی ئیجتیهادی مورڕشید مورید

ئیلزام ناکات تاوەکوو پابەند بێ پێیەوە، بۆ نموونە مورشید پێی وایە ئەو مەنهەجەی کە ئەو دایناوە تەواوەو سەدا سەد حەقەو دەبێ موریدیش پێیەوە ئیلزام بێ، وە هەرکاتێ لەو مەنهەج و ئیجتیهادەی دەرچوو ئیتر ئیشارەتێکی بۆ دێ کە دەبێ بگەڕێتەوە نێو ئەرکانەکانی مەنهەجی ئەو، ئەمەش مورید ناچار دەکات واز لەوە بێنێ کە بۆی چووە، با نموونەیەك بێنینەوە: خۆت خەریك نەکرد بەکتێبی مورشید و فیکری ئەو، هەڵسای چووی کتێبێکی تری زانایەکی ناوداری سەر ڕاستت خوێندەوە کە بە موو لەشەریعەت لای نەداوە ئیتر ئیشارەی نەقست بۆ دێ کە تۆ لە مەنهەجی ئەو لاتداوە، ئیتر موریدی سەرەتاش نازانێ ئەمە ئیشارەتێکە لە ئیجتهادی مورشیدەوەیە، کە بۆی هەیە پابەند نەبێ پێیەوە، چونکە لە زاهیری شەرع لاینەداوەو کتێبی ئەویش وەکوو کتێبی باقی زاناکانی تری ئیسلامە. لەوەوە کاریگەری سیلبی مورشید لێرە بەسەر ئەو موریدەدا

دەبینرێ و، حاڵەت هەیە مورید دووچاری قەبزییەکی زۆری دڵ دەبێ، ئەم قەبزییەش هەر لە ڕێی مورشیدەکەیەوە بووە کە پێی وایە ئەمە ئەدەب فێرکردنە. جا موریدی سەرەتاش بەناچاری ئیلزامی دەبێ وحاڵی بەسط دەبێ و دڵی گوشاد دەبێ.

ئەوەش بزانە ئەم ئیشارەتانە ناناسی و لێکیان جیا ناکەیتەوە هەتاوەکوو ئەزموونت لەگەڵ ڕووحی مورشیدی کاملدا نەبێ کە ئەزموونت پەیدا کرد خۆت لەخۆت تێدەگەیت و لە ئیشارەت و بوعدەکانیش دەگەی.

ئەوەی دەمەوێ بیلێم لە کۆتاییدا، کە تۆ ئەو حاڵە بۆ موریدێکی سەرەتا یاخود موریدێکی دەمارگیر باس دەکەی وا دەزانێ تۆ بێ ئەدەبیت کردووە بەرامبەر مورشیدەکەی

لەکاتێکدا نازانێ ئەمە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرەو ئەو بەو حاڵ و مەقامە نەگەیشتووە.

خودایە سوپاست دەکەم کە ڕۆژ بەڕۆژ شتم فێر دەکەی، وە سوپاست دەکەم ئەگەر نوسینەکەم پێکاو بێ، وە داوای لێبوردنیشت لێ دەکەم گەر پێکاو نەبێ[١].

---

[١] تێبینی: هەندێ شتم باس نەکرد چونکە تێگەیشتن لێی ئەستەمە بەتایبەتی بۆ عەقڵی ئەم سەردەمە.

## ئايا ئيماندار نابێته وهلى خودا ههتا ئهم سێ زاته ئيمزا نهكهن ( پێغهمبهرى خوا ـ صلى الله عليه وسلم ـ ئيمامى عهلى ـ شێخ عبد القادرى گهيلانى)

"خۆشهويستان": ئهم قسهيه زۆر باوه له نێو دهروێشان و صۆفيان و ههندێ چين و توێژى تردا، جا پێمان خۆش بوو شيكارييهك بۆ ئهم وتهيه بكهين ئايه ڕاسته يان ههڵهيه كه بهناوى ويلايهتهوه بڵاو بووهتهوه.

سهرهتا چهمكى ويلايهت بزانه كه بهماناى دۆستايهتى بوون دێ جيا لهو زاراوهى تر كه بۆ شارو وڵاتهكان بهكاردێ وهكوو ويلايهتى فلان شار ويلايهتى فلان جێگا. ئهوهمان مهبهست نيه بهڵكوو بازنهى دۆستايهتييه لهگهڵ خواى مهزندا.

جا بوون بە دۆستی خواو و، چوونە نێو بازنەی ویلایەت چەند پلەیەکی هەیە:

١. ویلایەتی گشتی.

٢. ویلایەتی تایبەت.

٣. ویلایەتی تایبەتی تایبەت.

سەبارەت بە ویلایەتی گشتی ئەوە گشت ئیمانداران دەگرێتەوە، واتە هەرکەسێ ئیمان بهێنێ بە ئیمانێکی شەرعی ئەوە دەچێتە نێو بازنەی ویلایەتەوەو هیچ پەیوەندی بە ئیمزا کردنی ئەم سیانەوە نییە، ئەوەیشی بیلێ پەیوەندی پێیانەوە هەیە لە جەهلێکی مورەککەب بەولاوە هیچی لەخۆیدا گردنەکردووەتەوە. بەڵگەشمان سەبارەت بەو ویلایەتە گشتییە ئەوەتە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ

يُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۖ ﴿٢٥٧﴾[1]. واته: بێگومان خودا دۆست و سەرخەری ئەو کەسانەیە کە ئیمانیان پێی هێناوەو لە تاریکاییەکانی گومڕایی و کوفردا دەریان دەهێنێ بۆ خستنە نێو نووری ئیمان و ئیسلامەتی. جا بەبەڵگەی ئەوەش کە گشت ئیمانداران وەلی خودان هەر لە هەمان ئایەت لە دوای ئەو خودا باسی کافرەکان دەکات کە وەلی و سەرخەری ئەوان تاغوتەکانن کە دەریان دەهێنن لە نوورەوە بۆ تاریکی. بەو پێیە هەر کەسێك ئیمان بهێنێ بەئیمانێکی شەرعی هەروەکوو ئەوەی لەشەرعدا پێویستی کردووە ئەوە چووەتە نێو بازنەی ویلایەتی گشتییەوەو بووەتە وەلی خودا، لەوەدا تاوانبارە ئیماندارەکانیش دەگرێتەوە ئیتر پێمان خۆش بێ یاننا.

---

[1] سورة البقرة آية ٢٥٧

٢. ویلایەتی تایبەت. لێرە ئەوانەی لە ویلایەتی گشتینە داخیلی ویلایەتی تایبەت نابن هەتاوەکوو ئەم سیفەتە لە خۆیان بەرجەستە نەکەن هەروەکوو خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿إِنۡ أَوۡلِيَآؤُهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُتَّقُونَ ۝٣٤﴾[1]. واتە: بێگومان دۆستەکانی خودا تەنیا کەسە موتتەقی و لە خوا ترسەکانن. جا بەو پێیە هەموو کەسێکی لە خواترس داخیلی ویلایەتی تایبەتی خودا بووە سیفەتی ئەم تایبەتانەش بەو جۆرەیە: ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ۝١ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي صَلَاتِهِمۡ خَٰشِعُونَ ۝٢ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنِ ٱللَّغۡوِ مُعۡرِضُونَ ۝٣ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِلزَّكَوٰةِ فَٰعِلُونَ ۝٤ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَٰفِظُونَ ۝٥ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ ۝٦ فَمَنِ ٱبۡتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡعَادُونَ ۝٧ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِأَمَٰنَٰتِهِمۡ

---

[1] سورة الأنفال آية ٣٤

وَعَهۡدِهِمۡ رَٰعُونَ ﴿٨﴾ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَلَىٰ صَلَوَٰتِهِمۡ يُحَافِظُونَ ﴿٩﴾ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡوَٰرِثُونَ ﴿١٠﴾ ٱلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلۡفِرۡدَوۡسَ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿١١﴾﴾[١] .

واته: بێگومان ئیمانداران سەرکەوتن، ئەوانەی کە نوێژەکانیان بەترس و لەرزەوە لەبەردەم خودا دەیکەن و، خۆیان لە قسەی پڕوپووچ دەپارێزن و، زەکاتیماڵەکانی خۆشیان دەدەن و، داوێنی خۆیشیان لە نامەحرەم و خووی نهێنی دەپارێزن، ئیللا بۆ خێزانەکانی خۆیانیان نەبێ یاخود بۆ جارییەو کەنیزەکانیان نەبێ ئیتر لەوکاتەدا لۆمەکراو تاوانبار نابن، وەئەمانە پارێزگاری لە نوێژەکانی خۆیان دەکەن، ئا بەڕاستی ئەمانە میراتگری ڕاستەقینەن بۆ چوونە نێو بەهەشتی فیردەوس و مانەوە بەهەتایی لەم شوێنەدا، لە دەرەنجام تیایدا بەهەمیشەیی دەمێننەوە.

---

[١] سورة المؤمنون آية ١ ـ ١١

ــ لێرەدا ویلایەتی گشتی و تایبەتی لە خۆ گردکردووەتەوە کە ئەویش ئیمان هێنان و ئەو کردەوە چاکانەیە کە لە دوای ئیمان هێنان دەیکەن. جا بەو پێیە ئەو کەسانە وەلی و دۆستی خودان تەریقەتیان هەبێ و نەبێ مادەم ئەو سیفاتانەیان هەیە ئەوە لە نێو بازنەی ویلایەتی تایبەتدان.

٣. ویلایەتی تایبەتی تایبەت: بێگومان ئەمەیان هەموو کەسێك داخیلی نابێ مەگەر بەو دوو ویلایەتەی تردا تێنەپەڕێ، دوای تێپەڕبوونی لە دوو ویلایەتەکەی پێشوو دێتە نێو بازنەی ویلایەتی تایبەتی تایبەت ئەمەش دەبێ ئەمانە بهێنێتە جێ.

عن أبي هريرة رضي الله عنه قال : قال رسول الله – صلي الله عليه وسلم – : إن الله قال ( من عادي لي وليا فقد آذنته بالحرب ، وما تقرب إلي عبدي بشيء أحب إلي مما افترضت عليه ، وما يزال عبدي يتقرب إلي بالنوافل حتى أحبه ، فإذا

أحببته كنت سمعه الذي يسمع به ، وبصره الذي يبصر به ، ويده التي يبطش بها ، ورجله التي يمشي بها ، وإن سألني لأعطينه ، ولئن استعاذني لأعيذنه ) رواه البخاري .

لەم فەرموودە قودسیەدا ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ لە سەروەرمانەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەویش لە خوای گەورەوە جل جلالە کە دەفەرمووێ: هەرکەسێ دژایەتی وەلیەکی من بکات ئەوە ئیعلانی جەنگی لەگەڵ دەکەم، (لێرە هەر سێ ویلایەتەکە لە خۆ دەگرێ، تەنیا سنووردار نەکراوە لەوانەی کە دوعا گیراو ئەهلی کەشف و کەرامەتن، چونکە ئەفەرمووێ وەلیەکم)، جا قۆناغی ویلایەتی تایبەت دێتە پێشەوە کە خودا دەفەرمووێ: بەندە لە من نزیك نابێتەوە بەوە خۆشەویستر لەلام هەتاوەکوو ئەوانە جێ بەجێ نەکات کە واجب و فەڕزم کردووە لەسەری، (لێرە ویلایەتی تایبەتە

هەروەکوو لە سورەتی المؤمنون باسمان لێوە کرد کە گرینگترین واجباتەکان چین)، ئینجا قۆناغی ویلایەتی تایبەتی تایبەتی دێت ئەویش ئەوەیە خودا دەفەرمووێ: بەندە بەردەوام لە من نزیك دەبێتەوە واتە لە ویلایەتی گشتی دێتە ناو تایبەت لەوێشەوە بۆ نێو تایبەتی تایبەت، ئەمەش بەهۆی کردنی سوننەتەکان، جا کە خۆی ماندوو کرد بە سوننەتەکان و بەردەوام بوو لەسەریان ئیتر خۆشم دەوێ، کاتێکیش خۆشم ویست دەبمە ئەو گوێچکەیەی کە پێی دەبیستێ، وە دەبمە ئەو چاوەی کە پێی دەبینێ، وە دەبمە ئەو دەستەیەی کە ئیشی پێ دەکات، وە دەبمە ئەو پێیانەی کە هەنگاوی پێ دەنێ، ئەگەر داوای شتێکم لێ بکات پێی دەبەخشم، وە گەر پەناشم پێ ببات پەنای دەدەم.

ئەوانەی کە لەبازنەی ویلایەتی تایبەت و تایبەتی تایبەتدان چاو و، گوێچکەی خۆیان لە حەرام دەپارێزن، وە بەدەستیان

عەزیەتی کەس نادەن، وە هەنگاو نانێن بۆ حەڕام. مادەم دوای واجباتەکان و سوننەتەکان ئەمانەشیان جێ بەجێ کرد ئەوە خودا وەڵامیان دەداتەوەو پەنایان دەدات. بەڵام خاڵی جیاواز لە نێوان ویلایەتی تایبەت و تایبەتی تایبەتدا لەو فەرموودە ئەوەیە: ئەوانەی لەناو بازنەی تایبەتی تایبەتدان دەستیان دەبێتە شیفا بەر هەر شتێك بکەوێ، چونکە نوری ئیلاهی تەجەللی دەکات لەو دەستە، هەر بۆیەشە فەرمووی دەبمە ئەو دەستە. هەروەها گوێچکەیان دەبێتە نوور بۆ بیستنی بەشێك لە هەواڵی ڕابووردوو و، داهاتووەکان و ئەحواڵی خەڵکی، ئەم سیفەتەش بەخودایە نەك بەخودی ولیەکە، وە چاویشی نوورانی دەکات و، چاوەکانی تریشی ژوورەوەی دەکاتەوە بە نووری فیڕاسەت بۆ کەشف و کەڕاماتەکان. هەر بۆیەشە دەبێتە ئەو چاوەی کەپێی دەبیستێ. وە پێش لە هەر شوێنێك دابنێ ئەو جێگایە دەبێتە خێرو بەرەکەت. ئینجا کەسێ حاڵی ئاوابێ بەردەوامە لە

حوزوری ئیلاهی و تەجەللیەکانی هەربۆیەشە دوعاکانی گیرا دەبیٚ، وەك بلیٚی ئەو بەندەیە ئاویٚنەیەکە بۆ دەرکەوتنی سیفاتی ئیلاهی لە جەمال و جەلالدا بەبیٚ ئیتتیحادو حلول ئەوەیە کە خودا دەفەرمووێ: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ۝٦٢﴾[1] ئاگادار بن! تەنیا ئەولیاکانی خودا هیچ ترس و بیمێکیان لەسەر نیە نە لە دونیا، وە نە لە دوارۆژیشدا، وە ناترسێن کاتیٚ کە خەڵکی دەترسێن، وە غەمبار نابن کاتیٚ کە خەڵکی غەمبار دەبیٚ.

ئەو وەلییەیە کە خۆشەویست دەفەرمووێ: (قال رجل، من أولياء الله؟ قال: الذين إذا رؤوا ذكر الله) رواه البزار بسند صحيح. واتە: پیاوێك لەسەروەرمانی پرسی، ئەولیاکانی خودا کێن؟ ئەویش فەرمووی: ئەو کەسانەن لەگەڵ بینینیان خودا

---

[1] سورة يونس ٦٢

وەبیر دەهێنرێتەوە. جا لەو فەرموودە سیفەتی هەردوو ویلایەتی تایبەت و تایبەتی تێدایە. بەڵام جیاوازی تایبەتی تایبەت ئەوەیە پلەی بەرزترە ئەمەش بەهۆی دەرکەوتنی ئەنواری ڕووح و نەفسی ئەو وەلیە تەزکیەی کەسی بەرامبەر دەکات، هەر نەزرەیەکی ئەو وەلیە تەزکیەی نەفس و دڵی کەسی بەرامبەر دەکات هەربۆیەش لەگەڵ بینینیان تەجەللی ئیلاهی ئەدرەوشێتەوە لەو وەلیەدا. ئەم نهێنی تەزکیەش پێی دەگوترێ: "تەوەجوهـ"، واتە: ڕووتێ کردنی ئەو وەلی خودایە بەرەو ئاڕاستەی ئەو کەسەو گۆڕینی حاڵی ئەو کەسە بەئیزنی واحیدی ئەحەد. ئەمەش بە دووانەکەی پێشووتر نادرێ مەگەر ئەو مەرجانەی کە خودا باسی لێوە کرد لەخۆی نەهێنێتە جێ.

دەی باشە تاوەکوو ئێرە بۆمان ڕوون بوویەوە بوون بەوەلیەتی خودایی کە پەیوەندی بە حەزرەتی گەیلانی و ئیمامی

عەلی و پێغەمبەری خوادا نییە صلی الله علیە وسلم، ئەی باشە نهێنی ئەو قسەیە لە کوێیەو چ ئەصڵ و ئەساسی هەیە؟!

سەرەتا لە هیچ دەقێکی شەرعی نەهاتووە لەبارەی پێغەمبەرو ئیمامی عەلییەوە سەبارەت بەوەلی بوونی خەڵکی بەئیمزای ئەوان، وە سەبارەت بەوەی گەورەمان شێخ عبد القادر ئەوە قسەی چەند پیاوچاکێك بووەو لێکدانەوەی حاڵی خۆیان بووە لە ناو ویلایەتدا کە لای شێخی گەیلانی قەبووڵ کراون، ئەوانیش وایان لێکداوەتەوە کە داخیلی ناو بازنەی ویلایەت بوونە. با ئەمەتان بۆ ڕوون کەمەوە.

خودا دەفەرمووێ: (ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە، تەقوای خوا بکەن و لە خوا بترسن، وە لەگەڵ ڕاستگۆیەکان بن و، هەواڵایەتیان بکەن). ئەهلی تەریقەت وەکوو قوتابخانەیەك وانە بۆ پەروەردەکردنی ئیمانداران. جا

سیلسیلەی هەر یەکێك لەو مەشایخە بەڕێزانە لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ حەزرەتی رسول الله صلی الله علیه وسلم. لەوەوە بەرەکەتێك دەستاو دەست هاتووەو بەرەکەتەکە نەپچڕاوە. هەر بۆیەشە ئەوانەی کە داخیلی ناو تەریقەت دەبن و خۆیان بە سەیرو سلوك خەریك دەکەن ئەوە لەویلایەتی گشتیەوە بەرز دەبنەوە بۆ تایبەت، لێرە چەندە موجاهەدە بکات و بەردەوام بێ لەسەری تا دەگاتە بازنەی تایبەتی تایبەت جا جاری وا هەیە لەبەر بەرەکەتی مەشایخە بەرزەکان و فەخری کائینات و هاوەڵە بەڕێزەکان حاڵ و پلەی ئەو کەسە بەرز دەبێتەوە بۆ نێو پلەی تایبەتی تایبەت، ئەوەش بزانن لە نێو پلەی تایبەتی تایبەتدا تایبەتی تایبەتی تایبەتیش هەیە وە لەدوای ئەویش هەیە کۆتایی نایێ بەتایبەتی لە ڕۆژی دوایی ئەم دەرەجاتە کۆتایی نایێ، تەجەللی ئیلاهی بەردەوام بەرزیان دەکاتەوە لە بەهەشت تاوەکوو بەردەوام لە خۆشی و کەماڵی

مەعاریفی ئیلاهیدا مەلە بکەن. جا وەك گوتمان لەبەر ئەوەی بەرەکەتەکە نەبڕاوەیە ئیتر کە یەکێك لەو پیاو چاکانە شێخی گەیلانیان بینیوە ئەمەیان پێ گوتووە ئەگەر قسەکە ڕاست بێ ئەوە ئەو حاڵەیە کە ئەو کەسە بەهەڵە لێی تێگەیشتووە، جا ڕوانینیان بۆ ئەو قەزییەیە ڕوانینێکی بەرفراوان نەبووە بۆ مەسئەلەی ویلایەت. ئەوەی وای پێ گوتراوە تەواوە ڕاستە لەبەر بەرەکەتی شێخی گەیلانی حاڵی ئەو کەسە بەرز بووەتەوەو داخیلی پلەیەکی گەورەتر لەوەی پێشوو تر کراوە، بۆ نموونە ئەوەی پەیوەندی بە شاهی نەقشبەندیەوە هەیە لەبەر بەرەکەتی ئەویش حاڵی ئەو کەسە بەرز دەبێتەوەو داخیلی پلەیەکی ترو، گەورەتر دەکرێ، کە داخیل دەکرێ وا دەزانێ لەمەوپێشدا وەلی نەبووە.

چونکە ئەگەر وتەکە هەر بەسەتحی وربگیریٚ و کەس نەبیٚتە وەلی خودا ئیللا بە ئیمزای ئەوانەوە نەبیٚ ئەوە کاریٚکە پیٚی دەگوتریٚ شیٚتیٚتی و جەهل و خورافیات. بەڵکوو حورمەتی ئەوان و شەفاعەتی ئەوان و پیاوچاکان حاڵی کەسەکان و پلەی کەسەکان زیاتر بەرزتر دەبیٚتەوە نەك لەوەو پیٚشدا وەلی نەبووبیٚ. بەڵکوو وەلی بووە لە بازنەی گشتی یاخود تایبەتدا. یاخود تایبەتی تایبەتدا.

## هەڵە تێگەیشتنی چەمکی "ڕابیطە".

"خۆشەویستان": ڕابیطە پەیوەندییە، جا ئەو پەیوەندیە لە نێوان دوو شت یاخود زیاتر، چەندە ڕابیطەکەش جەستەو ڕووحی بێ ئەوەندە پەیوەندیەکە بەهێز تر دەبێ، کاتی خۆی هاوەڵە بەڕێزەکان پەیوەندییەکی پتەویان هەبوو لەگەڵ فەخری کائینات، ئەو پەیوەندییە بەهێزە ڕووحی و جەستەییە وای لێ دەکردن تەزکییە دەبوون و بەرەو خوا دەچوون، چونکە ئەحواڵی خۆشەویستمان هەمووی باللە بوو، ڕەبتی لەگەڵ جوبریل و فریشتەکان و خوای مەزن و جنۆکەو مرۆڤدا هەبوو. لە ڕێی ئەو پەیوەندییەوە هەر شتێکی ویستبایە دەیکرد.

کاتێ هاوەڵەکان لەگەڵ سەروەرمان کۆدەبوونەوە ڕاستەوخۆ ژوورەوەیان وێنەی خۆشەویست تەبع دەبوو، ئەم وێنەیە دەمایەوە لە ناخیان کاتێ کە لەلای دەڕۆیشتن، ئەم

وێنەیە لە ناخیان نەدەڕۆیشت و، بیریان لیٚ دەکردەوە، جا بەتەنیا بیرکردنەوەیان لەو وێنەیە وای لیٚ دەکردن بەرەو خودا بڕۆن و، تەزکییە بن. با نموونەیەك لەسەر ڕابیطەی ئافرەت و دونیا بهێنین: کەسیٚ لەگەڵ ئافرەتی ناشەڕعی ڕەبت و پەیوەندی هەیە، یاخود کەسیٚ خەیاڵی ئافرەتێك یان خۆشەویستەکەی دەکات، یان خەیاڵی دونیاو ماڵ و سامان دەکات، ئەو ڕابیطەیە ڕابیطەیەکی نەفسانییە کە وای لیٚ دەکات لایەنی ئارەزووبازی بەرز ببێتەوەو شەیتان ڕازی کات بەو کارە، بەمەش لە خودا دوورکەوتەوە نەك نزیك کەوتووبێتەوە بەو کارە. چونکە ئەصڵی ڕەبت و پەیوەندی ئەو جۆرە شتانە ناشەڕعییە، هەربۆیەش حاڵەتی دەروونی کەوتە ناو سلبیاتێکی زۆرەوە.

بێگومان بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەوانەی بیر لە فەخری کائینات و پیاوچاکان و ئەحواڵ و سیرەو ژیاننامەیان دەکەنەوە ئەوە حاڵی قەلبیان بەرز دەبێتەوەو، ئارەزووبازییەکەشیان کەم دەبێتەوەو، ئارەزوویان بەرەو خواچوونیان زیاتر دەکات، ئەم پەیوەندییەش کارێکی سوپاسکراو و پاداشت لەسەر وەرگیراوەیە.

ئەمە ئەصڵی ڕابیطەیە. جا لە تەریقەتی نەقشبەندی ئەو ڕابیطەیە بنەماو ئوصوڵێکە لە بنەماکانی ئەو تەریقەتە، ئەو کەسەی کە دەبێتە مورید بەر لەوەی زیکر بکات لە ئەندێشەو خەیاڵی ئەحواڵی پیرو شێخەکەی دا دەبێت تاوەکوو ئەحواڵە نوورانییەکەی شێخ حاڵەتی شەهوانی ئەو کەم بکاتەوەو فیکرو ئەندێشەی صاف بکات بۆ زیکرو یادی خوا، چونکە وەك گوتمان ئەوانەی بیر لە ئافرەتێك دەکەنەوە حاڵەتی شەهوەتیان

بەرز دەبێتەوە جا بە پێچەوانەی ئەوەوە بیرکردنەوەو ڕەبتی ئەحوالّی نێوان موریدو شێخی کاملّ وا لەو موریدە دەکات کەوا تەشکیلی ژوورەوەی ڕێك بخات و صافی بکات، ئینجا دوای ئەوەی کە ڕابیطەکەی کرد ئینجا لە خەیالّی مەزنێتی رب العالمین دا دەبیّ و زیکری ئەو دەکات.

هەمان ئەو پەیوەندییە لە تەریقەتەکانی تریش هەیە لە ئەصلّدا وەکوو نەقشبەندییەکانن بەس ئەوەندە هەیە کە لای ئەوان وەکوو بنەماو ئوصولّێك دانەنراوە. بۆ نموونە: دەروێشکی قادری کاتیّ زیکر دەکات لە خەیالّ و ئەندێشەی شێخی خۆیی و شێخە مەزنەکانی تری وەکوو شێخی گەیلانی و وێنەی ئەوان دایە، یانیش لە خەیالّی دونیادایە، جا ئەم خەیالّ و ئەندێشەیەی ڕابیطەیە بیەویّ یاننا، لەسەر ئەمەش کەس لۆمەی ناکات کە بۆ لە خەیالّی شێخەکەی خۆتدای؟! چونکە

ڕەبتی هەیەو خۆشەویستییەکی زۆری هەیە لە نێوان خۆیی و شێخەکەی، ئەم خۆشەویستییە وای لێ دەکات کە دایم لە خەیاڵ و ئەندێشەی ئەودا بێت، ئەمانیش لەو رابیطەیەن بە کردار بەس ئەوەندە هەیە نەیانکردووەتەوە ئوصولێ. بەکردنی ئوصلێیش لەلایەن نەقشبەندییەکانەوە لەبەر زۆری ئەو سوودەیە کە لەو ڕابیطەدایە هەروەکوو باسمان لێوە کرد کە چی بەسەر ئەحواڵی ئەو کەسەدا دێت. چونکە "ڕەحمەتی خودا دادەبەزێ لە کاتی یادو باسکردنی پیاوچاکان". هەندێ لە زاناکانی نەقشبەندی ئەو سوودەشیان زیاد کردووە کەوا ئەو کەسەی کە ڕابیطە دەکات تاوەکوو لە خەیاڵ کردنی خودا ڕزگاری ببێ کە شەیتان وای لێ بکات کەوا خودا چۆنەو چۆن نییە. ئەم ڕابیطەیە وای لێ دەکات کەوا وێنەو شێوە بۆ خودا دانەنێ. وە ئێمە لێرە ناتوانین زۆر درێژی کەینەوە، لە کتێبی ژیانەوەی دڵی ئیماندارانیش باسم لەوە کردووە.

کاتێ مەولانا خالید لە هیند گەڕایەوەو ڕابیطەی بڵاو کردەوە لە نێو کوردستان، یەکێ لەوانەی کە بەرهەڵستی ئەم کارە سوودبەخشەی کردو بەکوفری دانا شێخ مەعڕوفی نۆدێی بوو، ئەمەیش جێگای سەرسوڕمانە، هەربۆیەشە گرژی دروست بوو لە نێوان مەولانا خالیدو شێخ مەعڕوفی نۆدێییدا، وە لە دەرەنجام شێخ مەعڕوف پەشیمان بۆوە لەو هەڵوێستەی، وە کارەکەشی بەشەرعی دانا، جا ئێستاکەشی لەگەڵدا بێ هەندێ دەروێش هەن لە نێو تەریقەتی قادری ئینکاری ئەم حەقیقەتە دەکەن لە کاتێکدا خۆیشیان ئەم کارە دەکەن لە نێوان خۆیان و شێخەکانیان.

**خوڵاصە:** ڕابیطە کارێکی شەرعی و دروستە، هەرکەسێ ئینکاری بکات لە دەمارگیرێك و وشك فیکرێك زیاتر هیچی

تر نییه، خودا ڕەحمان لێ بکات لە دونیاو ئاخیرەت بۆ خزمەتی دین و دونیای خەڵک[1].

---

[1] تێبینی: کۆمەڵێك بەڵگەی شەرعی وتەی زانایان هەیە کە نەم هێناوە، ئەوەندەی نوسیم کافیە بۆ ئەو مەقامە. خیر الکلام ماقل ودل. چاکترین وتە ئەوەیە کورت و بەڵگەنەویست و پوخت بێ.

## جیاوازی نێوان شێخی زیندوو لەگەڵ شێخی مردوو؟

بەر لەوەی بچمە ناو بابەتی شێخی زیندو لەگەڵ شێخی مردوو وا پێویست دەکات پێشەکیەك بنووسم لەسەر دەستگرتن بە ئوستازو مورشیدێك، چونکە نەبوونی ئەمە زانیارییەکانی تر سودێکی ئەو تۆی نابێ بۆ خوێنەری بەڕێز.

"خۆشەویستانم": پێویستە قوتابی یاخود مورید دەست بگرێت بە شەیخ و مورشیدێکی کامڵ هەروەکوو سونتەتی خوا وا هاتووە هەر لە ئادەمەوە تا دونیا وێران ئەبێت قوتابی و مامۆستا هەر هەبووەو نابڕێتەوە، جا ئەو کەسەی بڵێ پێویست ناکات وەك ئەوە وایە کە بە پێغەمبەری گوتوبێ صلی اللە علیه وسلم: پێغەمبەر پێویستی بە جوبریل نەبووە، هەروەکوو ئەو فەوزایەی کە ئیمڕۆ لە جیهانی ئیسلامی ئەیبینین کە چۆن ئوممەتی لێك ترازاندووەو گشتمانی پارچە پارچە کردووە،

ئەوەتە زانای بەناو بانگ ئیبن و خەلدون دەفەرمووێت: (پێویستە بۆ کەسی (سالیك قوتابی) شێخەکی هەبێت، چونکە بە تەنیا ناگاتە ئەو شتانەی کە ئەیەوێت، نەك لەبەر جیاوازی بە دەستهاتووەکان (مەبەستی ئەوەیە خودی شێخ تێڕوانینێکی فراوانی هەیە بەسەر کتێبەکان و دەقەکاندا) بەڵکوو لەبەر هەستکردن بەشتەکانی ئەو ڕێگایە ئەمەش نەك لە ڕووی ناسینی ئەو زانستە بەدەست هاتووانە (مەبەستی ئەوەیە بۆ گەیشتن بە ئەحواڵی دڵ تەنیا بە خوێندنەوەی کتێبەکان بە دەست نایێت) بەڵکوو ئەم هەستە ئیلهامی و ویژدانی یە کە بەزۆری لە دەرەوەی ویستەکانەوە پەیدابووە لەو کردەوانە لەسەر شێوازێکی تایبەت، جا هەست بە جیاکردنەوەیان ناکرێت بەناسینەکانی (زانستی) بەدەست هاتوو بەڵکوو پێویستی بە

شێخێك هەیە كە بۆی جیاكاتەوە بەبەرچاو و دەم واتە: ڕوو بەڕوو)[1].

هەروەها شێخ عبد القادر گەیلانی (خودا نهێنی پیرۆز بكات) دەفەرمووێت: (سوننەت و عادەتی خوای گەورە وا هاتووە كەوا لەسەر زەوی شەیخ و مورید هەر هەبێت، هاوەڵگرو هاوەڵگیراو (واتە هاوەڵایەتی) شوێنكەوتەو شوێنكەوتوو هەر لە ئادەمەوە (علیه السلام) هەتا قیامەت هەڵدەستێ، (ئینجا باسی ئەوە ئەكات كە چۆن لە بەهەشت دەركراو دابەزییە سەر زەوی كە چۆن پێویستی بە شێخێك هەبوو، جوبریل (علیه السلام) بووبە مامۆستاو شەیخی (....) ئینجا دەفەرمووێت: هەر بەو شێوەیە شیث پێغەمبەر (علیه السلام) لەسەر دەستی باوكی كە ئادەمە فێربوو، ئینجا

---

[1] (شفاء السائل)(ل٦٥).

ڕۆڵەکانی لەو، وە هەروەها نوحیش (علیه السلام) بەو شێوەیە ڕۆڵەکانی خۆی فێرکرد، وە إبراهیم (علیه السلام) ڕۆڵەکانی خۆی فێرکرد هەروەکوو خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبْرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعۡقُوبُ ١٣٢﴾[1]. واتە: (إبراهیم و یەعقوب ئەم ئاینەیان بە کوڕەکانیان و ڕۆڵەکانیان وەسیەت کردو ڕایان سپارد)، بەڵێ فەرمانی پێ کردن و فێریانی کرد، بەو شێوەیەش موساو هارون ڕۆڵەکانی خۆیانیان و بەنی ئیسرائیلیان فێرکرد، وە عیسا(علیه السلام) حەوارییەکانی فێرکرد، ئینجا جوبریل (علیه السلام) پێغەمبەرمانی فێرکرد(صلی الله علیهم أجمعین)، (....) پاشان هاوەڵەکان (ڕەزای خوایان لێ بێ) لەوەوە فێری زانست بوون، ئینجا شوێنکەوتووەکان لە هاوەڵەکان فێربوون، ئینجا

---

[1] سورة البقرة آية ١٣٢

شوێنکەوتووی شوێنکەوتووانیش لەوانەوە فێربوون، سەدە لە دوای سەدە سەردەم لە دوای سەردەم)[1] .

وە هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێت: (هاوەڵایەتی شەیخێکی زانا بە ئەحکامەکانی خوای گەورە بکە، زانستەکەی ڕێگاتان نیشان ئەدات بۆ لای، کەسێك سەرکەوتوویەك نەبینیٚ سەرکەوتوو نابێت، کەسێك هاوەڵایەتی زانایەکی بەکردار نەکات ئەوە لە خاك دەرهاتووە بەجۆریٚ نەباوکی هەیە و

[1] (الفتح الربانی)(ل٢٦٩). شەیخ ئیبن و تەیمیە لەبارەی شێخی گەیلانیەوە ئەفەرمووێت: (ئەوەی ئێمە هەڵیبژێرین لە قسەی پێشەواکانمان (...) وە لە پاشینەکانی ئەوانیش ئەوە قسەی (شێخ ئەبو محمد عبد القادری کوڕی ئەبی سالّحی گەیلانییە) بڕوانە: (مجموع الفتاوی)(ب٥/ل٨٥) کتاب الاسماء والصفات. ئینجا بزانە پایەی شێخی گەیلانی لای شێخ تقی الدین ئەبو لعباس ئیبن و تەیمییە چۆن بووە!!!

نەدایکیش، هاوەڵایەتی کەسێك بکەن کە هاوەڵایەتی لەگەڵ حەق هەیە کە خوای پەروەردگارە)[1].

هەروەها دەفەرمووێت: (ئەی بێ ئاگا ئەگەر نەفست بە پشت کردنە دونیاو خەڵکەکەی یاخود بە دەسپێکی لە کردەوە خراپەکان هۆگربووە (ئونسی پەیدا کردووەو بەم شتە ئارامە) ئەوە سوپاسی خوا بکە، ئەگەرنا بگەڕێ بەدوای کەسێك تا لە تەنگ و چەڵەمەکان و نارەحەتیەکان دەرت بهێنێ، تۆ دڵت مردووە کەسێکیش هاوەڵایەتیت دەکات کە دڵی مردوو بێت، لەسەرتە هاوەڵایەتی زیندووەکان و نوجەبایەکان و ئەبدالەکان بکەیت، تۆ گۆڕی ئەچیتە لای گۆڕێکی وەك خۆت، مردووی ئەچیتە لای مردوویەکی وەك خۆت، تۆ نەخۆشی کەسێکی نەخۆش و کوێری وەك خۆت

[1] (هەمان سەرچاوە)(ل٢٦٩).

بەرەو ڕێت ئەبات، هاوەڵایەتی ئیمانداره سالێح و یەقین دارەکان بکە، ئارام بگره لەسەر قسەکانیان و وەریان بگرەو کاریان پێ بکە، ئەگەر وات کرد سەرکەوتوو ئەبیت)[1].

هەروەها شەیخ ئیبن و تەیمیه (رحمه الله) دەفەرمووێت: (ئەو شێخانەی کە دەکرێنە پێشەواو (إقتیدایان) پێ ئەکرێت و ئەبنە ڕێ نیشاندەر بۆ لای خوای گەورە، وە بانگەواز ئەکەن بۆ لای وەکوو ئیمامی پێش نوێژ وان (....)، وەك ڕێ نیشاندەرێك کە ڕێگای حاجیان نیشان بدات بۆ ماڵی خوا (جل جلاله)، جا هەموویان حەجی ماڵی خوا ئەکەن، هیچ کەسێك لەوان بەشی خوایەتی نیه، بەڵکوو ئەگەر کەسێك شتێك لەوە بۆ ئەوان دابنێ ئەوە لە ڕەچەڵەکی یەهودو نەساڕاکانە کە خوای گەورە

---

[1] . (هەمان سەرچاوە)( ل٢٤٨) .

**له بارەیانەوە ئەفەرمووێت: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ٣١﴾[1] . واتە: (جولەکەو دیانەکان قەشەو مالمەکانی خۆیانیان کردن بە چەند خودایەك لە بری خوای گەورە)[2].**

**وە هەروەها حوجحەتولئیسلام ئەبو حامیدی غەزالی دەفەرمووێ: "بەهەمان شێوە مورید پێویستی بە شێخ و ئوستازێك هەیە تاوەکوو چاوی لێ بکات، تاوەکوو ڕێنیشاندەری بێ بۆ ڕێگای ڕاست، چونکە ڕێگای دین شاراوەیە، وە ڕێگاکانی شەیتانیش زۆرو ئاشکران، جا هەر**

---

[1] **سورة التوبة ٣١.**

[2] **(مجموع الفتاوی)(ب١١/ل٤٩٩) .**

کەسێ شێخێکی نەبێ تاوەکوو ڕێنیشاندەری بێ ئەوە بەبێگومان شەیتان پەڵکێشی دەکات بۆ ڕێگاکانی خۆی"[1].

ئیمامی قوشەیریش بەڕەحمەت بێ دەفەرمووێ: "پێویستە لەسەر مورید کە ئەدەب وەربگرێ لە شێخێك، جا ئەگەر بێت و ئوستازێکی نەبێ ئەوە هەرگیز سەرکەوتوو نابێ، ئەوە ئەبو یەزیدی بەسطامییە کە دەفەرمووێ: ئەوەی ئوستازێکی نەبێ ئەوە ئیمامەکەی شەیتانە"[2].

هەر چەندێ زانا بی پێویستت بە شێخ و مورشیدێکی کامڵ هەیە تا ئەحواڵت بەرەو چاکە ببات و بەویستی خودا تاوەکوو بگەیتە تەوحیدو مەعریفەت و حەقیقەت.

---

[1] إحياء علوم الدين: (ب٣/ل٦٥).

[2] الرسالة القشيرية، (ل١٨١).

ئیمامی شەعرانی ئەفەرمووێ:

ئیعتیڕافکردنی ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ڕەزای خوای لێ بێ بە ئەبو حەمزەی بەغدادی صۆفی سەبارەت بەگەورەیی ئەو پیاوە، وە ئیعتیڕافی ئیمامی گەورەش ئەحمەدی سوڕەیج سەرۆکی شافیعیەکان لەسەردەمی خۆی بە ئەبو قاسم جونەیدی بەغدادی صۆفی ڕەزای خوای لێ بێ.

وە ئیمامی غەزالی داوای شێخی کرد لە ڕێگای خوا لەگەڵ ئەوەش حوججەتولئیسلام بوو، وە بەهەمان شێوەش شێخ عز الدینی کوڕی عبد السلام داوای شێخی کرد لەگەڵ ئەوەش ناوی لێنرابوو بە سوڵتانی زاناکان.

ئیمامی غەزالیش ئەیفەرموو: "کاتێ لەگەڵ شێخێکا کۆنەبووینەوە تەمەنمان لە بەتاڵیدا بە فیڕۆ ڕۆیشت"، واتە: سەبارەت بەو ئەحواڵەی کە لای ئەو مەشایخانە هەیە.

وه شێخ عز الدینیش ئەیفەرموو: "ئیسلامەتی تەواو و کاملّم نەناسی ئیللا دوای کۆبوونەوەم نەبیّ لەگەڵ شێخ ئەبو لحەسەنی شازلی ڕەزای خوای لیّ بیّ".

جا ئەگەر ئەمە حالّی ئەو شێخە مەزنانە بیّ کە پێویستیان بە شێخ و مورشیدێك هەبووە سەرەڕای فراوانی زانستەکەشیان لەبارەی شەریعەتەوە، ئەی چی بە حالّی غەیری ئەوان بێگومان لە پێشترە کە شێخ و مورشیدێکیان هەبیّ.

هەر بۆیەش مەشایخەکان گوتویانە: ئەوەی شەیخی نەبیّ شەیتان شێخیەتی"[1].

بۆیە بەرێزەکانم پێویستە بۆ گشت موسڵمانێك شەیخ و ڕابەرو مامۆستایەکی هەبێت بەگوێرەی ئەو سیفاتانەی کە

[1] (لطائف المنن) لە بابی یەکەم لاپەڕە ٤٩.

لەبەشەکانی تردا بەویستی خودا باسی لێوە دەکەین، جا هەر کەسێکیش بڵێ پێویست بەوە ناکات دەست بەشەیخێکەوە بگرم ئەوە لێرەوە ئاگاداری ئەکەینەوە ئەو کەسە هەم خۆی گومڕا بووە هەم خەڵکیش گومڕا ئەکات، هەروەکوو عبد الله کوڕی عەمری کوڕی عاص لە پێغەمبەری خواوە (صلی اللە علیه وسلم) بۆمان ئەگێڕێتەوە کەوا ئەفەرمووێت: ("إنَّ اللّهَ لا يَقْبِضُ العِلْمَ اِنْتِزَاعاً يَنْتَزِعُهُ مِنَ العِبَادِ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ العِلْمَ بِقَبْضِ العُلَمَاءِ، حَتَّي إذَا لَمْ يَبْقَ عَالِماً اِتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوساً جُهَّالاً، فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ، فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا)[١]. واتە: (گوێم لە

---

[١] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ١٠٠): كتاب العلم باب: كيف يقبض العلم. وە ئیمامی موسلم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٦٧٣): كتاب العلم باب: رفع العلم وقبضة. ڕیوایەتیان کردووە.

پێغەمبەری خوا بوو (صلی الله علیه وسلم) کەوا دەیفەرموو: خوای گەورە بەیەك جارەکی زانستی دین لەناو خەڵکیدا هەڵناگرێتەوەو نایهێڵی، بەڵکوو بەهۆی مردنی زاناکانەوە ئەم زانستە هەڵ ئەگرێتەوەو نایهێڵیٚ، وە کاتێکیش زاناکان نەمان ئەوە کەسانێکی نەزان و نەشارەزا بەدین ئەبنە ڕابەرو پێشەوای خەڵك، ئیتر ئەو ڕابەرە نەزانانەش پرسیاریان لیٚ دەکریٚ ئەویش بەبیٚ ئەوەی زانستی هەبێت فەتوا ئەدات و هەم خۆی گومڕابووە، وە هەم کەسی پرسیارکەریش گومڕا ئەکات) خوا پەنامان بدات، چونکە بەنەزانینی خۆی ڕاستەوخۆ ئەچێت لە قورئان و سوننەت ئەکۆڵێتەوە کەچی تێگەیشتنێکی قوڵی لە زمانی عەرەبیش نییە، وە سەرسامە بە بۆچوونە هەڵەو فەتواکانی خۆی، بۆیە لەخوا بترسن ئەو ئەمانەتە ئەمانەتی دینە لێپرسینەوەی قووڵی لەسەرە لە ڕۆژی دوایی.

ئەی باشە نیشانەکانی ئەو شێخە چۆنن؟

چۆن کەسێکی وا ڕەببانی بدۆزینەوە؟

دەبێ لەم سەردەمە وجودی هەبێ؟

## مەرجەکانی شێخی زیندوو و دانیشتن لە مەقامی شێخایەتی.

"خۆشەویستان": ئێمە باسی پێویستییەتی دەستگرتنمان بە شێخێکی کامڵ کرد کە پێویستە ڕێبوارانی ڕێگای خوا دەست بە ڕابەرو ئوستازێك بگرن بۆ بەرەو خواچوونیان و ڕزگاربوونیان لە تاوانە دەرەکی و ناوەکییەکان و سزای خوای گەورە، جا لێرەدا باس لە نیشانەکانی ئەو جۆرە شێخە دەکەین کە لە مەقامی شێخایەتی دانیشتوون، وە هەر یەکێکیش لە ئێمە با سەیری نیشانەکانی ئەو جۆرە شێخانە بکەین کە ئایە دەست ئەدەن بۆ ڕێبەرایەتی کردنی خەڵك یاننا؟ لێرەدا وتەی سێ کەسایەتی ناوداری جیهانی ئیسلامیم هێناوە، بەجۆرێ هەر یەکێك لەمانە لە دیدگای حەقیقەتێکی ڕەهاو ڕێژەییەوە لەم بابەتە دەڕوانن، یەکێك لەمانە جەنابی شێخ عباسی سامەڕائییە،

ئەوەکەی تریش حوججەتولئیسلام ئەبو حامیدی غەزالییە، سێیەمیشیان سەرکردەی ئیخوانولموسلیمین شێخ سەعید حەووایە ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێ.

## یەکەم

جەنابی شێخ عەباس فازڵ حەسەنی سامەڕائی خودا غەرقی ڕەحمەتی خۆی بکات چەند مەرجێکی داناوە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە بانگەوازی شێخایەتی و مورشیدایەتی ئەکات لە نێو خەڵکیدا ئەبێت ئەم چەند مەرجەی تێدا هەبێت، ئەگینا دەست نادات بۆ ئەوە کەوا خەڵك بەدوای کەون، چونکە خۆی کەم و کوڕی هەیە لە حاڵی ئیتر چۆن چارەسەری کەم و کوڕی حاڵی خەڵکی ئەکات.

یەکەم: پێویستە زانا بێت بە (فَرْضُ العَين)، وەکوو پێنج ڕوکنەکانی ئیسلام، وە بە تایبەتی زانستی خواپەرستی لە

سوننەتەکان و ئادابەکان، جا ئەو کەسە ئیشکەرە بەو دینە کاملّ و چاکە، لەگەلّ ورە بەرزی و خۆڕاگری لە پێناو خوای گەورە، وە فەرمانەکان بۆ خۆی جیّ بەجیّ دەکات، وە هەروەها واز لە قەدەغە کراوەکانیش دەهێنێت، وە ڕازیشیە بە قەدەر بۆ گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە ـ جلّ فی عُلاه.

دووەم: دەبێت زانا بێت بە حەقیقەتە زانستیەکان، (حقائق العلوم)، ئەوەش زانستی پەروەردگار ناسییە، بۆیە پێویستە لەسەر بیروباوەڕی ئەهلی سوننە لێکۆڵینەوەو تەحقیقات بکات، لە یەکتا پەرستی و یەکلایی بوونەوە و بە تاکگرتندا، بە کردەوەو دلّ خۆشییەوە، دوای ئەوەی کە زانست و کەسەکانی ناسی، جا لە دلّ و ڕووحیەوە شایەتی ڕاستی لەسەر دەدات، وە شایەتی ئەهێنیّ کەوا خوای گەورە تاك و تەنیایە و پاك و پیرۆزە لە زاتی خۆی و سیفاتی بەرزی و کردەوەکانیدا،

وە بە تاسەو شەوقەوە ناوە جوانەکانی خوای گەورە دەناسێنێ، وە ئەیگەڕێنێتەوە بۆ لای زاتی خۆی، چونکە زاتێکە ماهیەت و چییەتی نیە، هەروەکوو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ۝٣﴾[1] واتە: (خوای گەورە زاتێکە یەکەمە بە بێ ئەوەی شتێك لە پێش ئەو هەبووبێت، وە کۆتاشە بە بێ ئەوەی کۆتایی پێ بێت و لە ناو بچێت، وە بە بێ ئەوەی هیچ شتێکیش لە دوای ئەوەوە هەبێت، وە لەسەرووی هەموو دروستکراوانی خۆیەتی هیچ شتێك لە سەرووی ئەو نیەو زاڵە بەسەر گشت دروستکراواندا، وە زاناشە بەناوەوەی هەموو شتێك و هیچ شتێکیشی لێ ون نابێت، وە ئاگاداری هەموو شتێکە ئەوەی لەو گەردوونەدا ڕوودەدات و بوونی هەیە)، وە دەفەرمووێت:

---

[1] سورة الحديد آية ٣

﴿ لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١ ﴾[1]. واته: (هيچ شتێك هاووێنەی خوا نیە، وە زاتێكە بیسەرو بینەرە بە دروستكراوانی خۆی).

سێەم: بە دڵنیاییەوە دەبێت دەروونی خۆی پاككردبێتەوە بەهۆی تێكۆشان و ڕەوشتی محمدی(صلى الله عليه وسلم)، وە لەسەر دەستی كەسێكی خواناس و ڕابەرێكی پەروەردەكار هەواڵی پایەكانی نەفس و نەخۆشیەكان و وەسوەسەكانی پێ درابێت، وە فێڵەكانی شەیتان و هاتنە ژوورەوەكانی ناسیبێت، وە نەهامەتیەكانی هەر قۆناغێك لە قۆناغەكانی ڕێگا بڕین بۆ لای خوای گەورە شارەزابێت، وە ڕێگاكانی چارەسەری بۆ هەر یەكێك لە نەهامەتیەكانی ئەو قۆناغە بزانێت لەوەی كە گونجاوە بە پێی بارو حاڵی هەر كەسێك، جا خوای گەورە

[1] سورة الشورى آية ١١

ڕێزت لێ دەگرێت بەوەی کە ڕێزی لەوکەسە ناوە لە پاککردنەوەو بەرز بوونەوەدا، موفتی حەنبەلیەکان لە بەغداد لە سەدەی پێنجی کۆچی، ئیمامی ڕەببانی، شێخ عبد القادر گەیلانی (قدس الله سره) دەفەرمووێت: (کێ ئاگادارت دەکاتەوە بە ڕیاکەت، چونکە هەموو شتەکانت ڕیایە، تەنها ئەو کەسانە نەبن کە خوای گەورە پاراستوونی، جا چارەسەرت دەکەن بەو شتەی کە خوای گەورە ئەوانی پێ چارەسەر کردووە).

چوارەم: پێویستە میراتگری محمدی(صلى الله عليه وسلم) ڕێپێدراو بێت لە لایەن شەیخی گەورەو خواناس و خوایی خۆی، ئەوەش بە ڕووتێ کردنی ڕووحی (التوجه الروحي) بە ئیزنی خوای گەورە، وە بە ڕێنمایی کردن، یاخود بە جێگرەوەی گشتی لەوەوە، وە هەر ئەمەشە کە خوای گەورە

پشتیوانی لە ئێمە کردووە بۆی (واتە: خودا ئەو تەوەججوهی ڕووحییەی بەشێخ عباس داوە وەك لەوتەکەی خۆی ئاماژەی پێدا)، وە ئەم ڕێپێدراوەش دەبێت بە خەتی مورشیدی گەورە و ئیمزای خۆی بێت، وە هەندێك لە کەسە تایبەتیەکانی خۆی کاتێك کە لە ژیاندایە بەوە ئاگادار بکاتەوە کەوا ئیجازەی بەو کەسە داوە، ئەو کاتە دەستەکان گەیەنراو دەبن (واتە: دەست بەدەست تا خۆشەویستمان بەبێ پچڕان)، وە شایستە دەبێت بەوەی کە ڕێ بەخەڵکی بدات بە زیکری (اللّٰه) لە دڵدا ئەوەش "گەورەترین ناوە" .

هەروەها جەنابی شێخمان خوای گەورە پایەداری کات لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێت: کەسی مورشید ئەبێت ئەم سێ سیفەتەی لە خۆیدا بەرجەستە کردبێت:

١. إسلامي الإتباع: ئەبێت بە دوای وردوو درشتی ئەم دینە پاکە کەوتووبێت .

٢. محمدي الأخلاق: ئەبێت ئەخلاق و ڕەوشتی وەکوو ئەخلاق و ڕەوشتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وابێت .

٣. رباني الاحوال مع الله: کەسێکی خوایی و ڕەببانی بێت، وە بەحاڵی دڵی ڕووحی نەفسی لەگەڵ خوای گەورە بێت .

## کەسایەتی دووەم

حوججەتولئیسلام ئیمامی غەزالی (قدس الله روحه) لە بارەی مورشیدو شێخی کامڵەوە ئەفەرمووێت: مەرجی ئەو شێخەی کە دەست ئەدات بۆ ئەوەی ببێتە جێگری پێغەمبەر دەبێ زانا بێت بەڵام هەموو زانایەك دەست نادات بۆ خیلافەت (بوون بە جێنیشین)، جا ئەفەرمووێت: من هەندێك لەو

نیشانانەت بۆ باس ئەکەم تاوەکوو هەموو کەسێك بانگەواز نەکات بلێ: من مورشیدم .

١. مورشید کەسێکە کە پشتی لە خۆشەویستی دونیاو ناوبانگ کردووە .

٢. بە دوای کەسێکی بەرچاو ڕوون کەوتووبێ بە زنجیرە، بەجۆرێ ئەم دواکەوتنە بگاتەوە پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) مەبەستی ئیمامی غەزالی ئەوەیە کە دەبێ مورشید ئەم زانستەی لە شەیخی خۆی ئەمیش یەك لە دوای یەك وەرگرتبێ تا ئەگاتە پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم).

٣. دەبێت لە ڕووی ڕیازەتی نەفسییەوە (واتە موجاهەدەی نەفس) چاك و باش بێت لەکەم خواردن و کەم قسەکردن و کەم خەوتن و زۆر نوێژکردن و بەخشین و ڕۆژووگرتن .

٤. دەبێت شەیخێکی بەرچاو ڕوون و خاوەن بەصیرەت چاودێری بکات، بۆ ئەوەی ئەو ڕەوشتە چاکانەی کە لەودا هەیە بۆ ئەو ببێتە دەرس و کاری پێ بکات، جا هەر لە ئارام گرتن و نوێژو شوکرو پشتبەستن و یەقین و قەناعەت و ئیگمیئنانی نەفس و نەرمی و خۆبەکەم زانین و زانست و ڕاستگۆیی و شەرم و وەفاو ویقارو زوو بڕیارنەدان و چاودێری شتان و هاوشێوەکانی ئەمانەش، جا ئەگەر ئەم سیفەتانەی هەبوو ئەوە نورێکە لە نوورەکانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ئەکرێ خەڵك بەدوای بکەوێ بەڵام بوونی ئەم جۆرە کەسە دەگمەن و کەمە، بەڵکوو مەزنترو شکۆدارترە لە گۆگردی سۆر (کبریت الاحمر)[1].

---

[1] (أيها الولد)(ل٦٣).

(مەبەست بە گۆگردی سۆر: دیارە لـە سەردەمی ئیمام ئەم ماددەیە بە دەگمەن دۆزراوەتەو کەم بووە، ئیتر لـەوەوە بۆتە پەندو ئەشوبهێنرێت).

ـ دیسانەوە ئیمامی غەزالی (قدس الله روحه) دەفەرمووێت: دەبیَ زۆری گرینگی دانی زانستی (باطن) ژوورەوە بیێت، وە چاودێری دڵ بێت، وە ناسینی ڕێگای دوارۆژوو بڕینی ڕێگاکەی بێت، وە ڕاستگۆ بێت کاتێك شتێکی بۆ کەشف ئەبێت لـەو تێکۆشانەو چاودێرییە کە ئەیکات، لـەبەر ئەوەی بە موجاهەدە ئەگاتە موشاهەدە (بینینی شتەکان ئەوانەی لـە ئێمەوە دیار نین)، وە وردەکارییەکانی زانستی دڵ بە هۆی موشاهەدەوە کانیاوەکانی حیکمەتی دڵ هەڵئەقوولێن، بەڵام کتێبەکان و فێرکردن بەس نییە، مەبەستی ئیمام تۆ بەتەنیا لـە ڕێی کتێبەوە ناتوانی بگەیتە پلـەی موشاهەدەو پلـەی ئیحسان، ئەبێت

موجاهەدەی نەفس بکەیت لەگەڵ خوێندنەکەت بۆ بەدەستهێنانی هەردوو زانستەکە زانستی دڵ و زانستی شەریعەت)[1].

### کەسایەتی سێیەم

موفەسسیرو موحەددیس و سەرکردەی ئیخوانولموسلیمین لە وڵاتی شام شێخ سەعید حەوا (قدس الله روحه) لەبارەی مەرجەکانی بوون بە شێخ و میراتگری ڕاستەقینەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت:

١. کەسێکی وەلی و مورشیدێکی دانایە.

٢. بانگەواز کارە (داعیە) بۆ دینی خوای گەورە.

٣. مامۆستایە بە ئایەتەکانی خوای گەورە جل جلالە.

---

[1] (الإحياء علوم الدين)(ب ١/ل ٧٣١) .

٤ . مامۆستایە بە قورئان و سوننەت .

٥. توانادار بێت لە پاککردنەوەی دەروونەکان (تزكية النفس).

٦. وە توانادار بێت لە گواستنەوەی دڵی مرۆڤەکان بەرەو ئاسۆکان بۆ هەست کردن بە زۆرێك لە شتە شاراوەکان (غەیبیەکان).

٧. وە توانادار بێت لە گواستنەوەی دڵی مرۆڤەکان بۆ مەقامەکانی ئیسلام.

جا ئەم هەموو سیفەتە پێویستی بە زانستێکی دامەزراو حاڵێکی دامەزراو هەیە تا هەمووی لەو کەسەدا کۆ ببێتەوە، بۆ

ئەوەی لە یەك كاتدا ببێتە كەسێكی مامۆستاو پەروەردەكار لە ماوەی پێشەنگی كردن و فێركردنیدا [1]"

كەوابوو لێرەدا بۆمان ڕوون بوویەوە كە مەرجەكانی بوون بەشێخی كامڵ چییە، ئیتر ئەوەی لە دەرەوەی ئەمانە بانگەشەی مەقامی شێخایەتی لێ بدات كەسێكی فێڵ لێكراوە.

ئەی باشە ئەوە كەسێكی لەم جۆرەمان دۆزییەوەو دەستمان پێوە گرت و دواتر مرد، ئایە دەبێ هەر لەگەڵ ڕووحی ئەو رابیطەو پەیوەندیمان هەبێ یان مورشیدێكی زیندوو بدۆزینەوە؟ وە ئایە ئەگەر كەسێك لەگەڵ ڕووحی شێخە مردووەكە مایەوە جیاوازی جۆری پەروەردەو پێگەیاندنیان لەگەل شێخی زیندوو چۆن دەبێ؟ ئایە كامە نەقسی دەبێ؟

---

[1] (تربيتنا الروحيه)(ل١٨٦).

وە ئایە کامەیان بەهێزترە زیندووەکە یان مردووە؟

## جیاوازی نێوان هێزی مورشیدی مردوو لەگەڵ زیندوو

"خۆشەویستان": دینی خوای گەورە پەکی ناکەوێت و لە کارناکەوێت بە مردنی هیچ نوێکەرەوەیەك چونکە خوای گەورە لەسەرەتای هەر سەدساڵێك نوێکەرەوەیەك ئەنێرێ کە پێی ئەگوترێت: مجدد، واتە: نوێکەرەوە، ئەمەش لە کاتێکدا کە خەڵکان پشتیان لە دین کردبێ و دین بێ هێز بووبێ، ئەمانیش بەهۆی سیفەتی میراتگرێتی ڕاستەقینەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هەڵدەستن وەك ئەرکێکی ئاینی خۆیان بەبەرپرسیار ئەزانن لە ئاست ئەو نەهامەتیەی کە ڕووی لە دین و بیروباوەڕی خەڵك کردووە، هەروەکوو پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموویێت: (إِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ

الأُمَّةِ عَلَي رَأْسِ كُلِّ مِائَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا)[1] ، واته: (خوای گەورە لە سەرەتای هەموو سەد ساڵێك كەسانێك بۆ ئوممەتی ئیسلام دەنێرێ بۆ نوێ كردنەوەی ئەم ئایینە پیرۆزە)، وە كەسی نوێكەرەوە"موجەددید" هەر وەكوو ئیمامی موناوی (رحمه الله) لە كۆمەڵێك لە زاناكانەوە پێناسەی كردووە، كەوا فەرموویانە: (نابێتە نوێكەرەوە مەگەر زانا بێت بەزانستە دینییە

[1] صەحیحە. ئەبو داود لە (سنن أبی داود)(ژ٦٥٢٧)، وە حاكم لە (المستدرك)(ب٤/ل٥٦٧/ژ٨٥٩٢)، وە تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ب٦/ل٣٢٣/ژ٦٥٢٧) ڕیوایەتیان كردووە. ئەلبانی بە صەحیحی داناوە لە (صحیح الجامع الصغیر)(ژ١٨٧٤).

ئاشكراكان و شاراوەكان (واتە: زانستی زاهیری شەریعەت و زانستی دڵ و دەروون بەزاراوەی ئیمڕۆكە دەروونناس)[1].

وە هەروەها شێخ محمد شمس الحق العظیم ئابادی لـە كتێبی "عون المعبود"دا دەفەرموویٚت: "مەبەست بە نویٚ كردنەوەی دین بۆ ئوممەت: (ژیانەوەی زانستە لـە ناوچووەكانە بە قورئان و سوننەت، وە فەرمان كردنە بە جیٚ بەجیٚ كردنیان، وە هیچ كەسێك نازانیٚ ئەوە نوێكەرەوەی دینە تەنها بەهۆی زۆری گومان بردن بە نزیكی ئەحواڵ و سوود گەیاندنی زانستەكەیەتی لە لایەن ئەو زانایانەوە كە هاوسەردەمی ئەون، بێگومان نوێكەرەوەی دین پێویستە زانا بێت بە زانستە دینییە ئاشكراو

1 (فیض القدیر)(ب٢/ل٣٦٥): هی زین الدین محمد عبد الرؤفي كوڕی تاج العارفینی كوڕی زین العابدینی حەددادی پاشان مونناوی قاهیریە (و١٠٣١هـ).

شاراوەكان، نوێكەرەوەی سوننەت بێت، وە بنەبڕكەرو لە ناو بەری بیدعەت بێت، وە زانستەكەشی گشتگیر بێت بۆ خەڵكی سەردەمی خۆی، وە بێگومان نویٚ كردنەوە كاتێك دەبێت لە سەرەتای هەر سەد ساڵێكدا، ئەوەش لەبەر ڕۆیشتن و نەمانی زاناكانە بەزۆری، وە لەبەر لە ناو چوونی سوننەتەكان، و بڵاو بوونەوەی بیدعە (زیادكراوەكانە لە دین)، بۆیە پێویستی بە نویٚ كردنەوەی دین هەیە، جا خوای گەورە كەسانێك لەناو خەڵك دەهێنیٚ لە بری سەلەفی صالح ئیتر یەك كەس بێت یاخود چەند كەسێك بێت)[1].

وە هەروەها پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) وەسفی میراتگرەكان و نوێكەرەوەكان ئەكات كە ئەفەرمووێت: ("إِنَّ الْعُلَمَاءَ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ"، إِنَّ الأَنْبِيَاءَ لَمْ يُوَرِّثُوا دِينَاراً وَلَا دِرْهَماً،

[1] هەمان سەرچاوە (فيض القدير)(ب٢/ل٣٦٥).

وَإِنَّما وَرَّثُوا العِلْمَ فَمَنْ أَخَذَهُ فَقَدْ أَخَذَ بِحَظٍ وَافِرٍ)[1] ، واته: (زاناكان میراتگری پێغەمبەرانن، بێگومان پێغەمبەرەكان دینارو دیرهەمیان بە میرات بەجێ نەهێشتووە، بەڵكوو ئەوەی بەجێیان هێشتووە زانستە، جا هەر كەسێك بەشی خۆی لەو زانستە وەربگرێت ئەوە بەشێكی زۆری وەرگرتووە)، كەواتە دەركەوت سیفەتی هەرە گەورەی نوێكەرەوەكان زانستە، چۆن كەسێك ڕێگا بۆلای خوا دەبڕێت بەبێ زانست و خەڵكی بۆلای خوا بانگ ئەكات، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموویێت:

---

1 ﴿٤﴾ صەحیحە. ئەبو داود لە (سنن أبی داود)(ژ٣٦٤٨). وە ترمژی لە (سنن الترمژی)(ژ٢٦٨٢). وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجە)(ژ٢٢٣) ڕیوایەتیان كردووە، ئەلبانی دەفەرموویێت: فەرموودەیەكی صەحیحە).

﴿قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُۚ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ۝٥٠﴾[1]. واته: (ئەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: ئایا کەسێکی کوێر چۆن یەکسان ئەکرێت لەگەڵ کەسێکی بیناو خاوەن چاو، ئایا ئێوە چیتانە ئەوە بۆ بیر ناکەنەوە)، چونکە ئەم دوانە هەرگیز یەکسان نین، کەسی کوێر خۆی ناتوانێ ڕێگا ببڕێت ئەی چۆن ئەبێتە ڕێنیشاندەر بۆ خەڵکی، وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿أَمَّنۡ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ سَاجِدٗا وَقَآئِمٗا يَحۡذَرُ ٱلۡأٓخِرَةَ وَيَرۡجُواْ رَحۡمَةَ رَبِّهِۦۗ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ۝٩﴾[2]، واته: (ئەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: ئایا ئەوانەی کە

---

[1] سورة الأنعام آية ٥٠

[2] سورة الزمر آية ٩

زاناو شارەزان وەکوو ئەوانەن کە نەزان و نەشارەزان، نەخێر ئەم دووانە هەرگیز یەکسان نین).

"خۆشەویستانم": خوای گەورە سەبارەت بەو میراتگرە ڕاستەقینانە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ أَوْرَثْنَا ٱلْكِتَـٰبَ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ۖ فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌۢ بِٱلْخَيْرَٰتِ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْكَبِيرُ ﴿٣٢﴾﴾[١]. وتەی خوای گەورە ﴿ثُم﴾ واتە: دوای ئەوەی کە تۆمان هەڵبژارد ئەی کامڵترینی هەموو پێغەمبەران ـ بە پەیامێکی گشتی، وە پشتگیری کارەکەتمان کرد بە دابەزاندنی قورئانی پیرۆزی خاوەن موعجیزەی کورت و پوخت، کەوا گشتگیرە بە هەموو ئەو سوودانەی کتێبە ئاسمانیەکان، وە لەگەڵ زیادەی سوودی

---

[١] سورة الفاطر آية ٣٢

هەموو ئەو شتانەش کە لە کتێبەکانی پێشووتردا دابەزێنراون لە لایەن خوای گەورەوە، ﴿أَوۡرَثۡنَا ٱلۡكِتَٰبَ﴾ واتە: ئەو قورئانەی کە دابەزێنراوەتە لای تۆ، وە هێشتوومانەتەوە لە دوای تۆ لە نێوان گەلەکەت (بووبەمیرات بۆیان)، ﴿ٱصۡطَفَيۡنَا مِنۡ عِبَادِنَا﴾ واتە: زانایانی ئوممەت لە ناو هاوەڵان و دوای ئەوانیش لە زانا ئیشکەرە بەتەقواکان و خواناسەکانمان (هەڵبژارد)، ﴿فَمِنۡهُمۡ ظَالِمٞ لِّنَفۡسِهِۦ﴾ واتە: جا کەسی وا هەیە لە نێو ئەم ئوممەتە ستەمی لە خۆی کردووە بەهۆی کەم تەرخەمی لە هەبوونی زانست بەو شتە، یاخود کەم تەرخەمە لەو کردەوانەی کەوا مافی خۆی پێنەداوە لەگەڵ بوونی زۆری چاکەش، لە ئەنجامی سەرقاڵ بوونی بە هەندێك لەو خۆ ماندووکردنانەی لە شتە نزیکخەرەوەکان و خۆشویستراوەکان، وە ئەوە"ئیمانداریێکە لێخۆشبوونی پەروەردگار ئەیگرێتەوە"، وە با وا گومان

نەبردرێت کەوا ئەو کەسەی ستەمی لە نەفسی خۆی ئەکات بێ بەشە لەو لێخۆشبوونە، چونکە ئەساسی هەڵبژاردن و ئیمان و ئیسلام ئەوە ملکەچییە لە وتەو تەسلیم بوون، وە ئەو باسکردنەکەش دەربارەی ستەم لە نەفسی خۆ کردن پێش خراوە ئەوەش بۆ بەرپەرچدانەوەی وەهمە بێ بەشبوونەکانیەتی لە بەهەشتی نەبڕاوە، وە بۆ پەلەکردن لە دڵ خۆشکردنی، لەبەر ئەوەی لە کەسانی خواپەرست و هەڵبژێردراوانە، ﴿وَمِنۡهُم مُّقۡتَصِدٞ﴾ ئەوە ئەو کەسەیە کە مافی خۆی ئەداتێ لە زۆربەی کاتەکاندا، بۆیە لە کارەکان و کردەوەکان و وتەکان و هەموو حاڵەتەکاندا میانەکاری ئەکات، ئەوەش "وەلیەکی چاکەکارە"، ﴿وَمِنۡهُمۡ سَابِقُۢ بِٱلۡخَيۡرَٰتِ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ﴾ واتە: بەردەوامبوونە لەسەر خواپەرستی، گورجوگۆڵە و قۆڵی لێ هەڵماڵیەوە بەردەوام بۆ کردەوە چاکەکان، وە لە بەخشینی ماڵ و ساماندا بۆ هەژار و

ئاوارەکان لە پێناو خوای گەورە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە، وە پشتێکەرن لە دونیاو ئەوەی لە ناویشیدا هەیە، وە بەڕاستی بە کردەوە چاکەکانیان لە هەر دوو بواری فێرکردن و ڕێنمایی کردن بەرەو زیادبوون ڕۆیشتن، ئەوانە "میراتگرە خواییەکانن"ـ"ئەهلی مەعریفە و خۆشەویست و نزیکخراوەکانن"، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَـٰكِن كُونُواْ رَبَّـٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَـٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾﴾[1] . واتە: (بەڵام ببنە کەسانێکی زاناو ئیشکەرو ڕەبانی و خوایی، بۆ ئەو بژین، وە بەرنامەی خوا فێری خەڵك بکەن، وە خۆشتان بەردەوام هەوڵی خۆ فێرکردن بن)، ﴿بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ بەویستی خودا لەو شتانەی کە بڕیاری لەسەر دراوەو دامەزراوە لە کتێبەکەی خۆیدا، وە پێغەمبەرەکەشی (صلی الله

---

[1] سورة آل عمران آية ٧٩

علیه وسلم) بە زمانە شیرینەکەی قسەی پێ کردووە، کە ئەوانە کەسانێکی چاکەکارو چاکەخوازن لە عاریفەکان و میراتگرەکانن .

کەواتە هەڵبژاردنی خوای گەورەمان بینی کە چۆن بەندەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ لە هەموو سەردەمەکاندا، جا لێرەدا سێ جۆر پەروەدە هەیە:

١. هاوەڵایەتی کردنی نوێکەرەوە (مصاحبة) بەجەستەو ڕووح.

٢. هاوەڵایەتی کردن لەگەڵ ڕووحی زیندووی نوێکەرەوە .

٣. هاوەڵایەتی کردن لەگەڵ ڕووحی نوێکەرەوەی کۆچکردوو.

ـ نموونەش لەسەر خاڵی یەکەم هاوەڵایەتی کردنی هەموو یارانی خۆشەویستمانە کە چۆن لە نزیکەوە سوودمەند بوون لە

دیداری پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وسلم، ئەمە سوودی گەلێك زیاترەو شەڕەف و گەورایەتییەکەشی بێ سنوورە.

ــ نموونەش لەسەر خاڵی دووەم هاوەڵایەتی کردنی ڕووحی وەیسی قەرەنییە لەگەڵ ڕووحی خۆشەویستمان لە کاتێکدا کە وجودی خۆشەویست مەوجود بووە، بەڵام نەیتوانی بچێتە خزمەت خۆشەویستمان. ئەهلی تەصەوف دەفەرموون: ئەوەی وەکوو حەزرەتی وەیسی قەرەنی پەروەردەبێ واتە: وەلییەکی کۆچ کردوو پەروەردەی بکات ئەوە پێی دەگوترێ: ئووەیسی، بەڵام بەندە پێی وایە ئەم زاراوە دەقیق نییە، بەڵگەش حەزرەتی وەیسی قەرەنی لەژیانی پەیامبەر وجودی هەبووە، بەڵام ئەوەندە هەیە نەیتوانییوە بەخزمەتی بگات، وە جەستەی شەریفی پەیامبەر لە ژیاندابووە، ئیتر چۆن بەراورد دەکرێ لەگەڵ مورشیدێکی کۆچ کردووی جەستە مردوو، خۆی زاراوەکەیان کاتێ دەقیق

دەبێ ئەگەر وجودی مورشیدێك هەبێ لە ژیان، وە وجودی موریدێکیش هەبێ، بەڵام ئەو موریدە نەتوانێ بەخزمەت هاوەڵایەتی ئەو مورشیدە بگات، بەڵکوو هەر لە دوورەوە سوودی لە ڕووحی وەرگرتبێ و، بەو حاڵەوەش گەڕابێتەوە لای خودا ئەمە پێی دەگوترێ ئووەیسی، وە ئەوەی ئەوان کە دەڵێین مورید کە پەروەردەی دەستی مورشیدێکی مردوو بێ پێی دەگوترێ ئووەیسی ئەوەی دەقیقتر بێ ئەوەیە پێی بگوترێ: (شبه أويسي)، واتە: پێکچووی ئووەیسییە، چونکە جیاوازیی هەیە لە نێوان پەیامبەرو مورشید کاتێ زیندوون وە لەگەڵ ئەوەش کاتێ مردوون بۆ پەروەردەی خەڵکی.

ــ وە نموونەش لەسەر خاڵی سێیەم هاوەڵایەتی کردنی هەندێ لە ئەولیاکانی خودا لەگەڵ ڕووحانیەتی هەندێ لە پیاوە گەورەکان و سوود وەرگرتنیان لەوان بۆ نموونە ئەبا یەزیدی

بەسطامی سوودی لە ڕووحی ئیمام جەعفەری صادقی کۆچکردوو وەرگرتووە بە یەکدەنگی ئەهلی تەصەوف. جا ئەمە وەك گوتمان پێی دەگوترێ: پێکچووی ئووەیسی نەك ئووەیسی.

بەر لەوەی بچمە ناو شەڕحکردنی خاڵەکان دەمەوێ فەرموودەیەك بهێنمەوە لەسەر دوو جۆر زانست:

لە جابری کوڕی عبد الله ڕەزای خوایان لێ بێ گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وسلم فەرموویەتی: (الْعِلْمُ عِلْمَانِ عِلْمٌ فِي الْقَلْبِ فَذاكَ عِلْمٌ نَافِعٌ، وَعِلْمٌ عَلي اللِّسَانِ فَذاكَ حُجَّةُ اللهِ عَلَي ابْنِ آدَمَ)[1]، واتە: دوو

---

[1] حەسەن و صەحیحە. ئیمامی مونذیری لە (الترغیب والترهیب)دا ئەفەرمووێت: "ئیمامی حافیز ئەبوبەکر خەطیب لە (تأریخ بغداد)(ب٥_ل٥٦٨) بەسەنەدێکی حەسەن ڕیوایەتی کردووە، وە ئیبن

وعبد البر لە كیتابی (العلم)(ب١_ل٦٦١) لە حەسەنەوە بە مورسەلی بەسەنەدێكی صەحیحەوە ڕیوایەتی كردووە، وە دەیلەمیش لە (مسند الفردوس) وە ئەصبەهانیش لە كتێبی خۆی ڕیوایەتیان كردووە، وە بەیهەقیش لە (شعب الإيمان)(ب٢_ل٢٥٢) لە فوزەیلی كوڕی عیازەوە بە گوتەی ئەو بیّ ئەوەی بەرزی بكاتەوە. وە ئیبن و موبارەك لە (الزهد)(ل٤٠٧)، وە ئیمامی ئەحمەد لە (كتاب الورع)(ل٢٠٠) . ڕیوایەتیان كردووە. وە هەروەها حافیزی سەخاویش ئەفەرموێت: "حەكیمی ترمذی لە (النوادر) وە ئیبن و عبد البر لە مورسەلاتی حەسەنەوە بەسەنەدێكی صەحیح ڕیوایەتی كردووە". وە هەروەها ئیمامی عەسكەریش لە (الحكم والامثال) لە فەرموودەكانی فوزەیلی كوڕی عیاز لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنی بەصرییەوە ڕیوایەتی كردووە. بڕوانە: (تخريج الَاحاديث الاربعين السلمي للحافظ السخاوي)(ل٥٥_٥٦). وە ئەبو نوعەیم لە ئەنەسەوە وە ئیبن وئەبی شەیبە لە حەسەنەوە بە مورسەلی وە داریمیش لە حەسەنەوە بە مەوقوفی ڕیوایەتیان كردووە بڕوانە: (مصنف ابن أبی

شیبە)(ب٧_ل٨٢_ژ٣٤٣٦١). وە (سنن الدارمی)(ب١_ل١١٤_ژ٣٦٤). وە ئیبن و لجەوزی هەروەك بەناوبانگە لە لایەن زاناكانەوە كە بە سەدان فەرموودەی بە زەعیف و هەڵبەستراو داناوە لە (العلل المتناهیة)(ب١_ل٧٣) بە دوو ڕێگا هێناویەتی ئەفەرمووێ: "صەحیح نیە". جا حافیزی عێڕاقی ئەفەرمووێت: "سەنەدی ئەم فەرموودەیە (جیدە) چاكە، وە ئیبن و لجەوزی ڕیوایەتەكەی یەحیای كوڕی یەمانی ئیعلال كردووە كەوا ئەحمەد فەرموویەتی ئەو پیاوە فەرموودەكانی جێگای بەڵگە نین، كەچی ئیمامی موسلیم بە بەڵگەی داناوە، وە یەحیای كوڕی مەعینیش ئەفەرمووێت: ئەو پیاوە جێگای متمانەیە، وە ئیبن و مەدینیش فەرموویەتی: "پیاوێكی ڕاستگۆیە". وە حافیزی عێڕاقی ڕیوایەتەكەی حەكیمی ترمذی و ئیبن و عبد البر كە لە حەسەنەوە بەمورسەلی ڕیوایەتیان كردووە بە صەحیحی داناوە، وە حافیزی زەبیدی و ئیبن و سبوكیش موافیقن لەسەر وتەكانی حافیزی عێڕاقی، بڕوانە: (تخریج الَاحادیث الإحیاء)(ب١_ل١٦٩_ذ١٥٠). وە حافیزی سیوطی و موناوی

جۆر زانست هەیە زانستێك کەوا لـە دڵدایە ئەم جۆرە زانستە زانستێکی بەسوودە، وە جۆرێکی تریش لـە زانست هەیە کەوا لـەسەر زمانە ئەمەشیان بەڵگەی خوای گەورەیە بۆ ئادەمیزەکان. خۆشەویستان ئەمە گەورەترین شایەتی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیە وسلم لـەسەر هەبوونی زانستێك کە شوێنەکەی لـە دڵدایەو وە چ سوودێکی مەزنی هەیە.

کەواتە: لـێرەدا ئەو سێ پەروەدەیە بەدیار دەکەوێ

---

غوماری و سەمهەوەدی بە حەسەنیان داناوە. بڕوانە: (فیض القدیر)(ب٤_ل٣٩_ژ٥٧١٧). جا ئەوەی جێی داخەو مایەی دڵگرانیە ئەلبانی بە زەعیفی داناوە بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەو هەموو حافیزو فەرموودەناسانە بکات کە ئاستی پلـەی زانستیەکەی لـە چاو ئەوان هەرگیز بەراورد ناکرێت. بڕوانە: (ضعیف الجامع الصغیر)(ژ٣٨٧٨).

هاوەڵایەتی کردن لەگەڵ نوێکەرەوە + هاوەڵایەتی کردنی ڕووحی لەگەڵ ڕووحی نوێکەرەوەو شێخی زیندوو + هاوەڵایەتی کردنی ڕووحی لەگەڵ ڕووحی پیاوێکی گەورەی کۆچ کردوو.

زانستی زاهیر ئەوەیە کە شەریعەت باسی کردووە، وە زانستی دڵیش هەموو ئەو وردەکاریانەیە کە بەشەر لە نێو خودی خۆیدا هەیەتی، وە گشت ئەو مەقامات و حاڵانە دەگرێتەوە کە مومکینە ئەو بەشەرە بەو حاڵ و مەقامانەدا تێبپەڕن. کەواتە: لێرەدا ئەوەی هاوەڵایەتی نوێکەرەوەیەك دەکات کە خاوەنی تەوەججوهی ڕووحییە (ئەم تەوەججوهە هێزی نورانی ڕووحی مورشیدو نوێکەرەوەیە) کە بەزمانی قورئان پێی دەگوترێ (ویزکیهم) تەزکییەیان دەکات و پاکیان دەکاتەوە لە هەموو ئەو دەردە دەرەکی و ناوەکییانە کە پێوەی

دووچار بوونە، ڕووتێکردنی ڕووحی ئەو مورشیدەیە بەئاڕاستەی ئەو کەسە ئیتر لەوەوە لە حاڵێکەوە یان مەقامێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ حاڵ و مەقامێکی تر. وە هەروەها بەڕای بەندە وتنی ئەو وشەیە بە دەستەواژەی تەصەڕڕوف لە دڵ کەمێ دوورە لە ئاستی ژیری خەڵك واباشەو صەوابترە تەوەجەجوهـ زیاتر بەکار بهێنرێ و نزیکترە لە ئاستی ژیری خەڵك هەروەکوو جەنابی شێخ عەباسیش زیاتر هەر ئەم وشەیە بەکاردەهێنێت.

کاتێ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم پەروەردەی هاوەڵەکانی دەکرد بەو دوو زانستە بوو کە خودا پێی بەخشی بوو: زانستی شەریعەت + زانستی نورانی دڵی شەریفی کە هێزی ڕوو تێکردن و تەوەجەجوهی هەبوو بەهەر ئاڕاستەیەك بی ویستایە کە ئەوەش ئینشیڕاحی سینگی بوو لەلایەن

فریشتەکانەوە، بەڵام ئەوەی وەیسی قەرەنی زیاتر لە دوورەوە سوودی لەو تەوەججوهە ڕووحییە وەردەگرت و پەروەدە دەبوو، پەروەردەکەشی دیارە کەچ پیاوێکی لێ دەرچوو، هێزی نورانی میسالێکی ڕووحی ئەو پەیامبەرە لەلای وەیسی قەرەنی ئامادە دەبوو چونکە ئەی نەتبیستووە کاتێ جوبریل هاتە لای مەریەمە لەسەر وێنەی میسالێکی ڕووحی بەشەر هات؟

ئەی چی کاتێ دەهاتە لای خۆشەویستمان لەسەر میسالێکی ڕووحی دوحییەی کەلبی دەهات؟

ئەی چی بە شەیتانێك کە دوژمنی خودایە خۆی دەخاتە سەر هەموو شێوەیەك و میسالێك جگە لە پەیامبەری خوا نەبێ؟

ئەمە فریشتەیەکە خودا ئەو فەزڵەی داوەتێ، وە ئەمە شەیتانێکە ئەو هەموو هێزو سوڵتانەی پێداوە، ئەی چی بە

پێغەمبەرێك صلى الله عليه وسلم كە گەورەترین بەشەرو خۆشەویسترین بەندەیە؟

وە ئەی چی بە ئەولیاكانی ئوممەتی باشترین پەیامبەرو چاكترین ئوممەت كە لەبەر حورمەتی ئەو پەیامبەرە هەموو شتێكیان پێ دەبەخشی؟

ئەمەی كە بۆ پێغەمبەر ڕەخساوە پێی دەگوترێ: (موعجیزە) وە ئەو حاڵەش كە بە مورشیدەكانی ئەو ئوممەتە دەبەخشرێ پێی دەگوترێ: (كەرامەت) چونكە یاسایەكی ئوصوڵی عەقائیدی هەیە كە زۆرینەی زاناكان دەفەرموون: (كُلُّ مَا جَازَ أَنْ يَكُونَ مُعْجِزَةٌ لِنَبِيّ جَازَ أَنْ يَكُونَ كَرامَةً لِوَلِيٍ) ، واتە: (ئەكرێ هەموو ئەو شتانەی كە دروستە ببنە موعجیزەیەك بۆ پێغەمبەرێك: ئەوە دروستەو ئەكرێ ببێتە كەرامەتێك بۆ وەلیەك. بۆیە خۆشەویستان خۆ ئێوە میهرەبانی خوا دابەش ناكەن بەسەر

خەڵکی، بەڵکوو ئەوە خوایە کە ڕێز لە دۆستەکانی خۆی ئەگرێت و پلەو پایەیان بەرز ئەکاتەوە، جا چ لە دونیا وە چ لە دوای مردنیش هیچ جیاوازییەکی نیە، بۆیە ئەوەی ئەڵێ: پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم یاخود ئەولیاکانی خوای گەورە تازە مردن و کۆتاییان پێ هات ئەوە ئەبێ فێرە ئەدەب بکرێن، چونکە قسەکەی لەسەر ئەساسێکی نازانستی و شەرعییەوەیە[١].

---

[١] ئەم زانایانەی کە ئەو یاسایەیان فەرمووە لەوانە: ئیمامی سعد الدینی تەفتازانی لە (شرح المقاصد)(ب٢_ل٢٠٣). ئیبن و حەجەری عەسقەلانی لە (الفتح الباري شرح صحيح البخاري)(ب٧_ل٣٨٣_ژ٤٠٨٧). وە ئیمامی حەڕەمەین لە (الإرشاد)(ل٢٦٧)، ط. مؤسسة الكتب الثقافية. وە ئیبن و حەجەری هەیتەمی لە (الفتاوى الحديثية)(ل١٠٨). وە ئیمامی نەوەوی لە (شرح صحيح المسلم)(ب١١_ل١٠٨). وە ئیمامی عەلی قاری ئەفەرموویت:

لێرەدا پرسیارێك دەكرێ باشە خودا چ پێویست دەكات بۆ هەموو سەردەمێك نوێكەرەوەیەك بنێرێ؟ بۆ هەر خۆمان بە ڕووحی نوێكەرەوە كۆچكردووەكان خەریك نەكەین؟

لێرەدا ئەو پرسیارانەمان ئاڕاستەی ئەو كەسانەیە كە موڕشیدیان مردووەو دەست بە نوێكەرەو موڕشیدی تر ناگرن، باشە پرسیارێكی تر باشە بۆچی هاوەڵان دوای وەفاتی بەیعەتیان

---

"ئەوەی بە ڕووكەشی دیاربێ لە وتەی ئیمامی ئەعزەم ئەبو حەنیفە بۆ ئەو مەقامە ئەوەیە كەوا موافقە لەگەڵ ئەوەی كە زۆرینەی زانا بەرزەكان لەسەری ڕێككەوتوون لەسەر ئەوەی هەموو ئەو شتانەی كە دروستە بنە موعجیزەیەك بۆ پێغەمبەرێك ئەوە دروستەو ئەكرێ ببێتە كەرامەتێك بۆ وەلیەك و هیچ جیاوازییەكی لە نێوانیاندا نیە تەنیا ڕكابەرێتی نەبێت (واتە: تەحەددای پێغەمبەرێتی نەكات). بڕوانە: (شرح فقه الاكبر)(ل١٣١) ط. دار الكتب العلمية.

به حەزرەتی ئەبوبەکردا، لەدوای ئەویش بە حەزرەتی عومەردا، ئینجا یەك لە دوای یەك؟

ئێوە نالێن زنجیرەی تەریقەت دەچێتەوە سەر ئەم دوانە حەزرەتی ئەبو بەکرو ئیمامی عەلی؟

ئەی باشە بۆچی بەیعەتیان بەوان دا؟

ئەگەردەلێن بۆ کاروباری خەلافەت بووە ئەو کاتە زنجیرەی تەریقەت پچڕاوەو ناگاتەوە خۆشەویستمان.

ئەی باشە کافی نەبوو هاوەڵان تەنیا سەرقاڵ بن بە ڕووحی فەخری کائینات حەزرەتی خۆشەویستمان لەکاتێکدا کە هەرچوار خەلیفەکە سوودیان لە فەیزی ئەنواری ئەو وەرگرتووە؟

ئایە ڕووحی پەیامبەر ئەولاتر نییە پێیەوە سەرقاڵ بن لەڕووحی ئەو موڕشیدە جا چ زیندوو بێ وە یاخود مردوو؟

ئەگەر قەرار وابێ یەك شت بێ ئەوە هەڵەیە، چونکە ئیمامی شەعڕانی لە قوتبی زەمانی خۆی کە شێخ شمس الدین محمدی حەنەفییە نەوەی ئیمامی ئەبو بەکرو هاوەڵی شێخمان ئیبن و حەجەری عەسقەلانییە کە دەفەرمووێ: "هەر کاتێ وەلی مرد ئەوە تەصەڕڕوف کردنی لە گەردوون دەپچڕێ لە یارمەتیدان (واتە: تەوەجوهەکەی لێ وەردەگیرێتەوە)، جا ئەگەر بۆ کەسێکی سەردانیکەری (گۆڕەکەی) یارمەتییەکی بۆ بەدەست هات یاخود پێداویستییەکی بۆ جێ بەجێ بوو لە دوای مردنی (ئەو وەلییە) ئەوە لە خواوەیە لەسەر دەستی قوتبی زەمانی ئەو وەقتە، جا بەئەندازەی پلەو مەقامی سەردانیکراوەکە (واتە: وەلییەکە) ئەوە سەردانیکەر پێی دەدرێ لەو یارمەتییە، وە

هەندێکیشیان گوتوویانە: ئەو کەسەی کە سەردانی کراوە (واتە: ئەو وەلییە) لە حەقیقەتدا سیفاتە نەك خودی زات بێ چونکە زاتەکان دەڕزێن و لەناودەچن کەچی سیفات هەر دەمێنێتەوە"[1].

کەواتە: هەر کاتێ مورشیدێکی کامڵ کە دەمرێ لە موریدەکانی خۆی دەپچڕێ، بەڵگەشمان وتەی پێشووی ئەو قوتبەو بەسەرهاتی هاوەڵانە هەروەکوو ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرمووێ: (لما كان اليوم الذي دخل فيه رسول الله صلى الله عليه وسلم المدينة أضاء منها كل شيء فلما كان اليوم الذي مات فيه أظلم منها كل شيء وما نفضنا عن النبي صلى الله

[1] (طبقات الكبري للشعراني)(ب٢/ل٩٢). طبعة مصرية قديمة.

عليه وسلم الأيدي حتى أنكرنا قلوبنا)[1] واته: ئەو ڕۆژەی کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کە هاتە مەدینە هەموو شتێ ڕووناك بۆوە لەگەڵی، وە کاتێکیش وەفاتی کرد هەموو شتێ تاریك بوو لەگەڵی، وە لە ناشتنی جەستەی پیرۆزیان نەبووینەوە هەتا وامان لێ هات ڕقمان لە دڵەکانمان بێتەوە. ئەمەش بەهۆی بینینی ئەو نازدارە حاڵی ئەوان تەزکییەو بەرز دەبوویەوە، کاتێك وەفاتی کرد ئەو بینینەو هاوەڵایەتییە نامێنێ، هەر بۆیەش پێت سەیر نەبێ ئیمامی عومەر لە حاڵەتی فەنای خۆشەویستدابوو و شمشێری هەڵگرتبوو دەیگوت ئەوەی بڵێ مردووە مونافیقەو بەو شمشێرە لەسەری دەدەم، کەچی مورشیدو وەلی زیندوو کە ئیمامی ئەبو بەکربوو لە حاڵەتی

---

[1] ئیمامی ئەحمەدو ئیبن و ماجەو ترمذی ڕیوایەتیان کردووە، وە ترمذی دەفەرمووێ: فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە.

مەقامی (بقاء باللـه) مانەوە بەخوای گەورەدابوو لـە حاڵەتی تەمکیندا بوو، وە قەتعی ڕەبتی دڵی بە خۆشەویست نەبووبوو هات حاڵەتی هاوەڵان و فەنای حەزرەتی عومەری بەرزکردەوە بۆ مەقامی تەمکین و مانەوە بەخوا. ئا ئەوەیە دەوری مورشید، کاری خودا ئەسبابە، خۆ حەزرەتی ئەبوبەکر موستەفیدببوو لـە ئەنواری ئەو سەروەرە، بەڵام لـەبەر ئەوەی حەزرەت لـە جیهانی بەرزەخە ئەبێ زۆرترین ئەنوار بەمورشیدی زیندوو بگات کە حەزرەتی ئەبو بەکرە بۆ هەڵسوڕانی کاروباری ئوممەت. ئیتر بەو شێوازە هاتووەو بەو شێوازەش دەڕوات هەتا ئیماندار مابێ مورشیدی کامڵ دەمرێ و یەکێکی تر جێگەی دەگرێتەوە.

بزانە ئیمامی شەعرانی چی دەفەرمووێ: "واجبە لـەسەر مورید هەر کاتێ شێخەکەی وەفاتی کرد ئەوە شێخێکی تر بدۆزێتەوەو دەستی پێوە بگرێ تاوەکوو پەروەردەی بکات

لەسەر زیادەی ئەو پەروەردەیەی کە شێخی یەکەم کردوویەتی، چونکە ڕێگای بەرەوخواچوون قەرارو جێگیری نییە"[1]. وە کاتێکیش شێخی خۆی وەفاتی کرد چووە لای شێخێکی تر.

هەندێ کەس دەڵێن: "ئێمە ئیشمان لەگەڵ ڕووحی مورشیدە نەك جەستەی"، ئەی باشە ئەوە ئەنەسە باسی وجودی جەستەی سەروەرمان دەکات کە هات چی بەسەر مەدینەو دڵەکان هات، وە کاتێکیش وەفاتی کرد چیان بەسەر هات، ئەی باشە ڕووحی سەروەرمان کافی نەبوو ئیتر وجودی گەورەمان ئەبو بەکر چی لەو کاتە هەستەوەرەدا کە ئەو هەموو کارەی کرد بۆ ئوممەت؟

---

[1] (الأنوار القدسية في معرفة قواعد الصوفية)(٤٤) ط. دار الكتب العلمية.

ئەی باشە ئەگەر حاڵەتەکە بەس ڕووحی بوایە ئەو کاتە نەمەدینە وە نەدڵەکانیشیان ڕقیان هەڵنەدەگرت بەشایەتی حەزرەتی ئەنەس؟

ئەی باشە بۆچی ئەو هەموو مەشایخە هەر لەسەرەتاوە ئیکتیفایان بە ڕووحانیەتی خۆشەویست نەکردووە بۆ پەروەردەی ڕووحیان؟ ئایە دەتوانن جورئەت بکەن بڵێن: ڕووحی مورشید لە ڕووحی خۆشەویستمان بەهێزترو ئەنوارترە؟ بێگومان نەخێر، دەکەوایە لەگەڵ مردنی مورشید حاڵەتی موریدەکان تێکدەچێ و واجبە بەدوای مورشیدی کامڵدا بگەڕێ بۆ کامڵکردنی حاڵی خۆی، ئەوەیشی لەگەڵ ڕووحی مردووەکە بمێنێتەوە ئەوە وەکوو کەسێك وایە ئاو وجودی هەیە کەچی ئەو دەچێ تەیەممومم بەخۆڵ دەکات، جا لە ڕوانگەی شەرعیشەوە هەرکاتێ وجودی ئاو هەبێ تەیەممومم بەتاڵ

دەبێ. مادەم وجودی مورشیدی زیندوو هەبێ ئەوە ئەنوارەکەی بەهێزترەو خاوەن تەوەججوهیشە، کەچی مورشیدی مردوو تەوەججوهی لێ وەردەگیرێتەوە بەشایەتی قوتبەکەی سەرەوە، کەوایە چۆن دەتوانێ تەرەققی بەمورید بکات و لە حاڵ و مەقامێکەوە بیگوازێتەوە بۆ حاڵ و مەقامێکی تر؟

ئامۆژگاریم بۆ ئەوانەی کە مورشیدیان مردووە با بەدوای مورشیدی کامڵدا بگەڕێن، وە ئەگەر دەستیان نەکەوت با خەریکی صەڵەوات لێدان بن تاوەکوو سوودمەند بن لە ڕووحی فەخری کائینات کە هەموو مورشیدەکان موستەفیدن لە ئەنواری زاتی ئەو خۆشەویستە.

# جیاوازی نێوان صەڵەوات و مورشیدی کامیل

"خۆشەویستان" خوای گەورە دەفەرمووێ: (ان اللة ملائکتة یصلون علي النيي، یا أیها الذین آمنوا صلوا علیه وسلموا تسلیما)، لێرەدا خوای گەورە تەئکیدمان لێ دەکاتەوە کەوا خودی زاتی خوا لەگەڵ فریشتەکانی صەڵەوات لێ دەدەن لەسەر پەیامبەرەکەی، وە تەئکید لە ئیماندارانیش دەکاتەوە کەوا صەڵات و سەلام لەسەری لێبدەن. لێرەدا بە صیغەی موضارع (یصلون) هێناویەتی واتە: لە ئێستاو داهاتوو بەبەردەوامی. جا صەڵەواتی خودا وەك زاناکان دەفەرموون: دابەزینی ڕەحمەاتی ئیلاهییە بەبەردەوامی بۆ سەر گیان و جەستەی موبارەکی ئەو پەیامبەرە ئازیزە. وە دوو جۆر ڕەحمەاتی ئیلاهیش هەیە کە دەردەکەوێ لەسەر ئەو نازدارە یەکەمیان لەدەرەوەی جەستەو ڕووحی بەسەریدا دادەبەزێ

لەمەوەش بیست و چوار سەعات ئەو ئەنوارو ڕەحەماتە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ عەرشی مەزن. دووەمیشیان: لە ناخ و دڵ و سیرڕی ئەڵتافەکانی نێو ڕووحی دەردەکەوێ، چونکە خودا نزیکی ڕەها بەبێ تێکەڵ بوون لە مەخلوقاتی نزیکە، وە لەگەڵ دووری ڕەهاش لە مەخلوقاتی خۆی دوورە. ئەم باسەم لەشەرحی نەسەفی بەدوورو درێژی باس لێ کردووە دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ ئەوێ.

کەواتە: خوداو پەیامبەرەکەی بەبەردەوامی لەو پەیوەندییەدان هەربۆیەش ئەصڵی صەڵەواتەکە پەیوەندییە لەنێوان ئەم و ئەودا. ئینجا صەڵەواتی فریشتەکانیش ئەوەیە کەوا دوعا دەکەن هەروەك زاناکان دەفەرموون، کەوابوو ئەوانیش بەبەردەوامی لەو پەیوەندیەدان لەگەڵ ئەو پەیامبەرە نازدارە.

لێرەدا ئەوەی دەمێنێتەوە پەیوەندی نێوان مرۆڤە ئیماندارەکانە لەگەڵ ئەو نازدارە ئەگەر کەسێ بیەوێ بەبەردوامی لەگەڵ پەیامبەرەکەی بێ مەرجی بۆ دانراوە کە دەبێ بەبەردەوامی لەو صەڵەواتدانە بمێنێتەوە، جا جۆری پەیوەندییەکەش لەنێوانیان بەناڕاستەوخۆ دەبێ جگە لە ڕۆژی جومعان، چونکە ڕۆژی جومعان خودا وای داناوە ڕاستەوخۆ گوێی لەصەڵەواتی کەسەکان دەبێ و دەیانبینێ بەبێ ناوەند، ئەمەش لەبەر تایبەمەندێتی ڕۆژی جومعە، ئەمما لەڕۆژانی تردا صەڵەواتەکە فریشتەیەك پێی دەگەیەنێ. واتە: فریشتەیەك ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەو و پەیامبەردا دەبێ. پرسیارێ لێرەدا دەیخەینە ڕوو باشە زاتی پەیامبەر یەك زاتە چۆن لە یەککاتدا ئەو هەموو صەڵەواتە دەبیستێ و دەبینێ؟ وە چۆن ئەو هەموو فریشتەیە لە یەککاتدا پێی ڕادەگەیەنن؟

جوانترین وەڵام لەڕوانگەی شەرع و عەقڵەوە ئەوەیە: خودی زاتی پەیامبەر هەر یەك زاتە، وە بەهۆی ئاوێنەیەیی درەوشاوەی ئەو زاتەو دابەزینی ئەنوارو ڕەحەماتی ئیلاهی و، دەرکەوتنی لەناوەوەی ئەو پەیامبەرەدا ئەوە وادەکات تەوەجوهو و ڕووتێکردنی ئەو پەیامبەرە ئاڕاستەکەی بۆ هەموو لایەك و کەسێك و جێگایەك بێ و ئامادەبێ، وە بیستن و بینینەکەشی بە سەمەعیەت و بەصیرەتی خودای مەزندا دەبێ چۆن؟ هەروەك چۆن خوای گەورە دوو سیفەتی ڕەئوف و ڕەحیمیەتی پێ بەخشیوە کە دوو سیفەتی خودای مەزنن ئاواش لەجیهانی بەرزەخ دوو سیفەتی تری پێ بەخشیوە کە سەمعیەت و بەصیرەتە، جا ئەمەش بەخودی پەیامبەرەوە نییە بەڵکوو بەخودی خودای مەزنەوەیە ئەو تەنها دەبیستێ و دەبینێ، ئەی نەتبیستووە لە فەرموودەدا هاتووە کە فەرموویەتی لە کاتی نوێژدا (من دواوەی خۆم دەبینم هەروەکوو چۆن پێشەوەی

خۆم دەبینم) ئەمە لە دونیای ماددی ئەی دەبیّ لە جیهانی بەرزەخ چی پیّ درابیّ.

جا کەوابوو لەگەڵ صەڵەواتەکە میسالیّکی ڕووحی ئەو نازدارە لەسەر خودی کەسەکان ئامادە دەبیّ، ئەو میسالە ڕووحییە پیّی دەگووتریّ تەوەججوهـ واتە: ڕووتیّکردن، هەموو ئەو میسالە ڕووحیانە پەیوەندیان بەخودی جەستەی شەریفی ئەو نازدارەوە هەیە، هەربۆیەش ئەگەر هەموو زەوی بگرە هەموو دونیا لە یەککاتدا صەڵەواتی لەسەر لیّبدەن صەڵەواتەکەیان دەبیستیّ و دەبینیّ و پیّیان دەزانیّ. ئەی نابینی لە یەك شەودا دروستە بە ملیۆنان خەڵك پەیامبەر ببینن لەخەوداو گوفتاریان لەگەڵ بکات بەزمانی خۆیان، ئەمە یەکیّکە لە تایبەمەندیەکانی ڕووح. ئەی چی بەخودای ڕووح لە ڕۆژی دواییدا بەبیّ تەرجومان گوفتار لەگەڵ هەموان دەکات؟!

وە هەروەها سەبارەت بە فریشتەکەش دروستە لەگەڵ خوێندنەوەی صەڵەواتەکە خودا فریشتەیەك ڕاستەوخۆ وەکوو بەریدێکی نوورانی خەڵق بکات کە ئەویش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە میسالی ڕووحی ئەو پەیامبەرەوە دەبێ، لەمەوە بەبەردەوامی فریشتە دروست دەبێ و، لەمەودوا هەر عیبادەتێکی ئەو فریشتانە کە دەیکەن لەسەر تەرازووی ئەو کەسە دەنووسرێ هەتا ڕۆژی دوایی، وە دەشگونجێ فریشتەکە هەر لەبنەڕەتەوە دروست بووبێ و ژمارەشیان زۆر بێ، وە دەشگونجێ یەك فریشتە تایبەت کرابێ بۆ هەموو صەڵەواتی خەڵك هەروەکوو چۆن فریشتەی گیان کێشان و فریشتەی خەون و ڕۆزیدان و دونیا وێرانبوون تایبەت کراون بە خودی چەند فریشتەیەکی تایبەتییەوە ئاواش ئەو فریشتەیە تایبەتکراوە بەو کارەو بیستن و بینینەکەو گەیاندنەکەی بەسەمعیەت و

بەصیرەت و قودرەتی ئیلاهی خوای مەزندا دەبێ بۆ ئەو پەیامبەرە.

لەمەوە دەرکەوت ئەوانەی بەبەردەوامی لە صەڵەواتداندان ئەوە بەبەردەوامی لەو پەیوەندییە نورانییەدان لەگەڵ خوداو ئەو فریشتەو پەیامبەرەکەی. جا کەسێکیش بەبەردەوامی لەو پەیوەندیەدا بێ وەکوو پەیامبەرەکەی ئەنوارو ڕەحەماتی ئیلاهی لەدەرەوە بۆی دادەبەزێ، وە لە ئەڵتافەکانی ڕووحیشیەوە بۆی دەردەخرێ. وە دەرکەوتنی ئەنواری میسالی ئەو پەیامبەرە لای ئەو کەسە پەیوەستە بە دیققەی ئەنواری صافی نەفس و ڕووح و دڵی ئەوکەسە بۆیە بیری لێ بکەوە!!!

## مورشیدی کامیل.

پەیامبەری نازدار دەفەرمووێ: زۆرێ لە پیاوان کامڵ بوون، بەڵام لە ئافرەتان تەنیا چەند ئافرەتێك کامڵ بوون...

کاملّیەتی مورشید نسبی و ڕێژەییە، وە هەر لەبازنەی ڕێژەییەکەشدا دەمێنێتەوەو هەرگیز بەرز نابێتەوە بۆ نێو کەماڵی ڕەها، چونکە کەماڵی ڕەها خودای مەزنە. وە خودی پەیامبەریش لەکەماڵی ڕێژەییدایە، بەڵام ئەوەندە هەیە کەماڵی ڕێژەیی پەیامبەر لەنێو مەعصومیەت و پارێزراویدایە، ئەوەی مورشیدەکانیش لە نێو چاودێرێتی و ئاگاداریدان. جا زۆر جیاوازی هەیە لەنێوان پارێزراوێتی و چاودێرێتی و ئاگادارێتیدا.

مورشیدی کامڵ: کەسێکی عاریف باللە خواییە، وە زانایەکی ڕەببانییە، وە پشتی هەڵکردووە لە دونیا، دەستگری شەریعەتە لەزاهیرو لە باتندا، خاوەن تەوەججوهی ڕووحییە، میراتگری پەیامبەرە. ئێمە باسی سیفەتەکانی مورشیدی کاملّمان کرد لە بەشەکانی ڕابوردوودا، لەو مەقامەشدا ئەوەی ماوە دەڵێین: مورشیدی کامڵ لەسەرەتاوە بە موجاهەدەی

نەفس و دەستگرتن بەدیققەتی شەریعەت و ئوستادو مورشیدێکی کاملەوە قۆناغەکانی موجاهەدەی نەفس و مەقامەکانی دڵ و نەفس و ویلایەتی خوای گەورەی بڕیوە بەشێوەیەکی ڕێژەیی. لەمەوە تا حاڵی کامڵ بووە، وە پەیوەندیەکیشی هەیە لەگەڵ پەیامبەر لەڕێی ئەو زنجیرە سەنەدەوە کە پشت بەپشت دەگاتەوە پەیامبەر لە مورشیدێکەوە بۆ مورشیدێکی تر تا پەیامبەر. ئەمەش شتێکی ناسراوەو حاشا هەڵنەگرە.

کەواتە: مورید دەست بەکامەیانەوە بگرێ بۆ ئەوەی بەرەو مەعاریفی ئیلاهی بڕوات و تەزکییەی خۆی بکات؟

خودا وای داناوە مورید بەبێ مورشید ناتوانێ ڕێگا ببڕێت، کاری خودا ئەسبابە، وای داناوە کە مورید بەبێ مورشید نەبێ، بەڵام چ مورشیدێك؟ دەبێ ئەو مورشیدە بێ کە زاناکان

مەرجیان بۆ داناوە، چونکە بەدەستگرتن بەمورشیدی کاملەوە چەند شتێکی بۆ حاصڵ دەبێ.

١. خەتێکی نوورانی لەدڵی مورید بۆ دڵی پەیامبەر ڕەبت دەبێ.

٢. بەرزبوونەوەکانی لەڕێی تەوەجوهەوە بۆ عالەمی پەنهانی بۆ حاصڵ دەبێ.

٣. بەردەوام لە ئاگادارکردنەوەدا دەبێ و تاوەکوو پارێزراو بێ واتە: مەحفوز بێ نەك مەعصوم.

ـ بەڵام لە صەڵەواتدا مەرجی پەیوەندییەکە پەیوەستە بە بەردەوامی صەڵەواتدانی کەسەکە ئەگەر بچڕا لە صەڵەواتەکە ئەوە دەپچڕێ و قەتعی ئەنوارەکە دەبێ، لەمەوەش لەڕووحی پەیامبەر موستەفید نەبوو، بەڵام لە مورشیدی کاملدا

بەبەردەوامی ئەنوارەکەی بۆ دێ، زۆری ئەنوارەکەش پەیوەستە بە غافڵ نەبوون و موجاهەدەی نەفس و خزمەتەوە. ئەگەرچی غافڵ و موجاهەدەی نەفسیشی نەبێ خەتەکەی هەر هەیەو نەپچڕاوە بەڵام دەبێ چۆن خەتێك بێ بەبێ ئاگاهی و موجاهەدەوە؟!

ــ لە صەڵەواتدا زۆر بەکەمی بەرزبوونەوەی بۆ عالەمی پەنهانی بۆ حاصڵ دەبێ، بەڵام لەگەڵ مورشیدی کامڵ زۆرتر بۆی حاصڵ دەبێ. وە ڕەنگە کەسی موڕادیش هەبێ هەر لەڕێگەی صەڵەواتەوە بۆی حاصڵی ببێ، بەڵام دەگمەنە بۆ هەموو کەسێك نارەخسێت.

دەرەنجام

گەر دەست بەهەردووکیانەوە بگرێ هەم صەڵەواتەکەو هەم موڕشیدەکە ئەوە نور علی نورە. وە تەنهاش دەست

بەصەڵەواتەوە بگرێ ئەوە هەندێ شتی بۆ حاصڵ نابێ چونکە کاری خودا ئەسبابە دەبێ شوێن ئەسباب بکەوین، کلیلی ئەسبابەکەش مورشیدی کاملە. بەبێ ئەو هەندێ شتت بۆ حاصڵ نابێ گەر خۆت لەدارو بەردی بدەی. وە ئەگەر دەست بەمورشیدە بگرێ صەڵەواتیش کەم لێبدات ئەوە لە ئەنوارو چاکەی صەڵەوات خۆی بێ بەش کردووە، وە بۆ مەرجی قیامەتیش لە نزیکی ئەو پەیوەستە بەزۆرینەی صەڵەوات و شوێنکەوتنی ئەو پەیامبەرە. واللە اعلم

ئامۆژگاریم بۆ خەڵك ئەوەیە دەست بەهەردووکیانەوە بگرن.

وصلی الله علی سیدنا محمد وآله وصحبه وسلم.

| لاپەڕە | ناوەڕۆك |
|---|---|
| | |
| ٣ | پێشەکی |
| ٨ | ڕەهەندەکان (بوعدەکان ـ لاکان ـ لەتیفەکان) |
| ٢٠ | بەر لەوەی بچینە ناو جیهانی نەفس |
| ٢٤ | نەفس |
| ٢٧ | جۆرەکانی نەفس |
| ٣٥ | چۆن لەمەقامەکانی نەفسی مرۆڤ بگەین و چۆن گەشەیان پێ بکەین بۆ سەرووی ئاستی نەفسی فریشتەییێتی |
| ٥٠ | نیشانەکانی مەقامەکانی نەفس |
| ٦٤ | بوعدەکان ـ ڕەهەندەکان ـ لەتائیفەکان بە درێژی |
| ٧٥ | شەپۆلەکانی مێشکی مرۆڤ |
| ٨٨ | لەتیفەی نەفس |
| ٩٦ | ئەو شەیتانەی کە لەگەڵ مرۆڤە شێوەی چۆنە؟ |
| ١١٢ | لەتیفەی دڵ |
| ١١٦ | لەتیفەی ڕووح |
| ١٢٥ | لەتیفەی سیڕ (نهێنی) |

| | |
|---|---|
| لەتیفەی خەفی (شارەوە) | ١٢٨ |
| لەتیفەی ئەخفا | ١٣٠ |
| پێوەری کارداشیف | ١٣٢ |
| یۆگا (YOGA) | ١٤٠ |
| پاڕاسایکۆلۆژی | ١٦٠ |
| خەوی موگناتیسی ــ هیپنۆتیزم | ١٦٧ |
| چاو بەهێزکردن | ١٧٩ |
| بیر خوێندنەوە | ١٨٦ |
| پەیوەندی کردنی زیهنی (تەلەباپی) | ١٩١ |
| جوڵانەوەی نەفسی یاخود وزەی مێشکی | ١٩٦ |
| شمشێر لە خودان و شوشە خواردن و ... هتد | ١٩٩ |
| چارەسەر کردن بە پاڕاسایکۆلۆژی | ٢٠٢ |
| بوون بەساحیرو جۆرەکانی ئامادەکردنی جن و خەڵوە | ٢١٥ |
| خەڵوەی نێو ئەهلی تەسەوف. | ٢٣٥ |
| ئەو زیکرانەی کە کەڵە زاناو پیرەکانی ئەم دینە لە قورئان و سوننەت وەریان گرتووە | ٢٥٠ |
| کاریگەری سیلبی غیرەی مورشید | ٢٧١ |

| | |
|---|---|
| **ئایا ئیماندار نابێته وەلی خودا هەتا ئەم سێ زاتە ئیمزا نەکەن ( پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ ئیمامی عەلی ـ شێخ عبد القادری گەیلانی)** | **٢٨٤** |
| **هەڵە تێگەیشتنی چەمکی "ڕابیطه".** | **٢٩٩** |
| **جیاوازی نێوان شێخی زیندوو لەگەڵ شێخی مردوو؟** | **٣٠٦** |
| **مەرجەکانی شێخی زیندوو و دانیشتن لە مەقامی شێخایەتی** | **٣٢٠** |
| **جیاوازی نێوان هێزی موڕشیدی مردوو لەگەڵ زیندوو** | **٣٣٥** |
| جیاوازی نێوان صەڵەوات و موڕشیدی کامیل | **٣٦٦** |